وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا: مارکۆ ڕوبیۆ ستایشی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6981) یەك شەممە 25ی ئایار 2025 | "16" لاپەرە | "500" دینار

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە ستایشی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد، بەهۆی واژووکردنی ئەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان کردوویەتی.

ڕۆژی هەینی 23ـی ئایاری 2025، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی کۆبوونەوەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بڵاو کردەوە و تێیدا ئاماژەی دا، مەسرور بارزانی و مارکۆ ڕوبیۆ، باسیان لە دەرفەتەکانی زیادکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرد.

هەروەها وەزارەتەکە ڕایگەیاند: مارکۆ ڕوبیۆ، بەهۆی واژووکردنی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بۆ زیاد کردنی وەبەرهێنانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، ستایشی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد و بە هەنگاوێکی گرنگی بۆ سەربەخۆیی عێراق لە بواری وزە لە قەڵەم دا. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، باسیان لە پابەندبوونی هاوبەشی خۆیان بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان فرە ئایینی و نەتەوەییەکان لە عێراق و سووریا کرد.

هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پشتگیری وڵاتەکەی بۆ بەهێزی و خۆڕاگری هەرێمی کوردستانی دووپات کردەوە و، بە پایەی سەرەکی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق ناوی برد.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد داود ئۆغڵو دەکات

جەخت لەپێویستیی پابەندبوونی هەموو لایەک بە پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا کرایەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەلاحەددین، پێشوازی لە بەڕێز ئەحمەد داودئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا و سەرۆکی پارتی داهاتووی تورکیا و شاندی یاوەری کرد.

لەدیدارەکەدا ڕۆشنایی خرایە سەر پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا و بە هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی وەسفکرا و جەختیش لە پێویستیی پابەندبوونی هەموو لایەک کرایەوە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەم پڕۆسەیە. بەڕێز داودئۆغلو سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد کە پاڵپشتی پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا بووە و ڕۆڵی سەرۆک بارازانیی بەرز نرخاند. پێشهات و دواییەن گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بە گشتی تەوەری دیکەی ئەم دیدارە بوون.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا کۆبووەوە



ئێوارەی دوێنێ شەممە 2025/5/24 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا بەڕێزان ئەنگەس کینگ، سیناتۆری سەربەخۆ لە ویلایەتی مەین و جەیمس لانکفۆرد، سیناتۆری کۆماری لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما و شاندێکی (یاوەریان) کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕوودان بە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و هاریکاریی هاوبەشیان بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا،

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبووەوە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا: پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر بەشێکی بنەڕەتی و ستراتیژیی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا



لە چوارچێوەی سەردانە فەرمییەکەی بۆ ئەمەریکا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی 23ی ئایاری 2025، لە واشنتن ، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبووەوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ، سەرۆکی حکوومەت سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پشتیوانیی بەردەوامیی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەتایبەتیش ستایشی لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی کرد تایبەت بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، پابەندبوونی ئەمەریکای بە پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمە بەشێکی بنەڕەتی و ستراتیژی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا بە ڕێبەرایەتی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ. هەروەها ئامادەیی ئەمەریکای دووپات کردەوە بۆ پشتگیریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکاندا.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ستایشی هەرێمی کوردستانیشی کرد لە میواندارێکردنی پەنابەر و ئاوارەکان و پاراستنی مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکان. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، جەخت لە گرنگی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی عێراق-تورکیا کرایەوە.

چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری هەمەچەشنکردنی ئابووری و گرنگی دابینکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم، بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو.

هەوڵەکانی هەرێم و لەپەرەکانی حکوومەتی عێراق

سەلام عەبدوڵڵا

یەکێک لە خەسڵەتە هەرەدیارەکانی حکوومەتی عێراق، پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی حکوومەتە جیاجیاکانی عێراقە بەرانبەر هەرێمی کوردستان.

ئەو دەسەڵاتانەی هەرێم کە دەیەوێت لە بواری جیاجیاکانی بیناکردنەوە و بەرەوپێشەوەچوونی، هەمووی لەسەر بنەمای ئەو خاڵە دەستوورییانەیە کە لە دەستووری عێراقدا ڕێگەی پێدراوە و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ خودی دەستووری عێراقدا نییە، هەرچەندە هەندێک لەو بڕگە و خاڵانەی دەستوور بەجۆرێک شرۆڤە و بۆچوونی جیاجیای بۆ دەکرێ.

بەگشتی، حکوومەتی عێراق هیچ خۆشحاڵ نییە بە بەرەوپێشەوەچوونی هەرێم، هەربۆیەش بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت ئەو هەوڵەی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە بۆ خزمەتکردن و خۆشگوزەرانی هاوواڵتیانی بە هەر پاساوێک بێت، ڕابگرێت.

دەنا ئەو گرێبەستانەی بۆ گازی هەرێم کە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی هەرێم و لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان کراوە، لە کۆتاییدا سوودی بۆ هەموو عێراقییەکان دەبێت و ئەوانیش سوودمەند دەبن لێی، چونکە ئێستا وەک دەبینین خودی حکوومەتی عێراق گاز لە ئێرانەوە بە تێچوویەکی زۆر دەکرێت و هێشتاش بە دەست بڕئاوی و بێ کارەباییەوە دەناڵێنێت.

ئەمە جگە لەوەی بەپێی مادەی (112)ی دەستووری عێراقی، مۆڵەت بە هەرێمەکان دەدات لە عێراقی فیدراڵدا سوودمەند بن لە سامانە سروشتییەکانی خۆی، کە لە ئەنجامدا سوود بە هەموو عێراقییەکان دەگەیەنێت.

حکوومەتی عێراق پێویستە ئیدی لەوە زیاتر بەهانە بە حکوومەتی هەرێم نەگرێت، چونکە ئێستا هەموو دەبینین بە چ جۆرێک مووچە بۆ هەرێم دەنێرێت و مانگ لەدوای مانگیش بیانووی نوێ ڕادەگەیەنێت کە لەڕاستیدا مەبەست لەو ڕەفتارەی ئازاردان و چاوزکردنی هاوواڵتیانی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە هەموو داواکاری و گازندەکانی بەپێی خواستی حکوومەتی عێراق جێبەجێ کردووە، کەچی وەک دەبینین هەر لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت.

جا هەر بۆ زانیاری، لایەنە عێراقییەکانی نێو پەرلەمان و حکوومەت دەڵێن، ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان کراون، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکانی پێشووتر بووە لەگەڵ کۆمپانیای تری ئەمەریکا کە لە هەرێم کاریان کردووە و بە ڕەزامەندیی حکوومەتی ئەمریکا و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کراوە و پشتیوانی دەکرێت و بە هەنگاوێکی بەجێ دەزانرێت و لە بەرژەوەندیی عێراق و هەرێم لەقەڵەم دەدرێت.

www.xebat.net
یەك شەممە 25ی ئایار 2025 ژمارە(6981)
خەبات



سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ هێنانەکایەی ناحیەی ئیلینجاخ واژۆ دەکات

رۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ هێنانەکایەی ناحیەی ئیلینجاخ وەک ناحیەیەکی نوێی سەر بە قەزای تەقتەق لە پارێزگای هەولێر، واژۆ کرد. بەناحیەبوونی ئیلینجاخ خزمەت بە گوندەکانی ناوچەکە دەکات و توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ دانیشتووانی ناوچەکە، ئاسانتر دەکات.




سەرۆک بارزانی پێشوازی لە عزەت شابەندەر دەکات

رۆژی پێنجشەممە 22ی ئایاری 2025، سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەلاحەددین، پێشوازی لە کەسایەتی و سیاسەتمەداری عێراقی بەڕێز عزەت شابەندەر کرد.
لە دیدارەکەدا هەردوولا بیروڕایان لە بارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بە گشتی ئاڵوگۆڕ کرد.


سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد داوود ئۆغلو کۆبوونەوە

هەردوولا پرۆسەی ئاشتییان لە تورکیا بە هەنگاو و دەرفەتێکی مێژوویی لە قەڵەم دا



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا کۆبوونەوە

ئێوارەی دوێنێ شەممە 2025/5/24 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا بەڕێزان ئەنگەس کینگ، سیناتۆری سەربەخۆ لە ویلایەتی مەین و جەیمس لانکفۆرد، سیناتۆری کۆماری لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما و شاندێکی (یاوەریان) کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا بەرەودان بە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و هاریکاریی هاوبەشیان بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا، هەروەها دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد و دەربارەی دۆخی سووریا و پێشهاتەکانی ناوچەکە، بیروڕایان گۆڕییەوە.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ پشتگیریی بەردەوامی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پشتگیریی کۆنگرێسی لە پرۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە دەربڕی، هەروەها ئاماژەی بە گرنگیی پەرەپێدانی هاوکاریی نێوانیان لە بواری جیاکاندا کردەوە. بەڕێزیان بەتایبەتی باسی لە دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد.
لای خۆیەوە شاندی میوان وێڕای ستایشی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمەریکا بە بایەخێکی زۆر و وەك هاوپەیمانێك لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەڕوانێت. هەر لەمبارەیەوە جەختیان لە بەردەوامیی پابەندیی ئەمەریکا بۆ پشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە.
لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر- بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەییشتن، هەروەها داکۆکییان لە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە کردەوە.



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە بەڕێز ئەحمەد داوود ئۆغلو، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا و سەرۆکی پارتی داهاتووی تورکیا و شاندێکی یاوەری کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، سەردانی بەڕێز داوود ئۆغلو بۆ ناوچە جیاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی ناوچەکەیان بەگشتی، تاوتوێ کرد.
هەردوولا پرۆسەی ئاشتییان لە تورکیا بە هەنگاو و دەرفەتێکی مێژوویی لە قەڵەم دا کە دەبێ لەدەست نەدرێت و هەمووان هاریکار بن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و بەدیهاتنی ئاشتی.
لەمبارەیەوە، داکۆکییان لە ڕۆڵی یارمەتیدەرانەی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە کردەوە.
سەرۆك نێچیرڤان بارزانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیریی تەواو لە پرۆسەکە و سەرخستنی دووپات کردەوە و ئامادەیی نیشان دا بۆ هەموو هاوکارییەکی پێویست لەپێناو سەرخستنی ئاشتیدا. بەڕێزیان هەروەها باسی لە گرنگیی ئاشتی و لێکەوتە ئەرێنییەکانی بۆ تورکیا و تەواوی ناوچەکە کرد.
لای خۆیەوە داوود ئۆغلو ستایشی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و بەرەودانی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیانی بە مایەی بایەخ و گرنگی بۆ ئێستا و داهاتووی هەردوولا، لە قەڵەم دا.



سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئەمەریکا کۆبوونەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ کریس ڕایت وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە.
و خۆشحاڵین بە بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان، کە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی حکوومەتی ئەمەریکا کە وزە لەپێناو ئاشتی و خۆشگوزەرانیی خەڵک بەکاربهێنرێت.سەرۆکی حکوومەت سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتیوانیی ئەمەریکا دووپات کردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە فاکتەرێکی ئاشتی و ئارامی دەبێت لە عێراق و ناوچەکەدا.



سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ کریس ڕایت وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا پەرەپێدانی پەیوەندیی ستراتیژی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و دواییەن گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. وەزیری ناوخۆی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا کە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی بەنرخی ئەمەریکایە لە بواری وزە و پەرەپێدانی زیاتری وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە کوردستان دەربڕی. سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پشتیوانیی ئەمەریکای کرد و کورتەیەکی دەربارەی چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری وزە و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوانیان لە بواری جیاکاندا کردەوە.

سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ کریس ڕایت وەزیری وزەی ئەمەریکا کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا پەرەپێدانی پەیوەندیی ستراتیژی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان و دواییەن گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. وەزیری ناوخۆی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا کە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی بەنرخی ئەمەریکایە لە بواری وزە و پەرەپێدانی زیاتری وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە کوردستان دەربڕی. سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پشتیوانیی ئەمەریکای کرد و کورتەیەکی دەربارەی چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری وزە و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوانیان لە بواری جیاکاندا کردەوە. بەڕێزیان بەتایبەتی باسی لە دەرفەتی کار و وەبەرهێنانی ئەمەریکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد.
لای خۆیەوە شاندی میوان وێڕای ستایشی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمەریکا بە بایەخێکی زۆر و وەك هاوپەیمانێك لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەڕوانێت. هەر لەمبارەیەوە جەختیان لە بەردەوامیی پابەندیی ئەمەریکا بۆ پشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە.
لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر- بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەییشتن، هەروەها داکۆکییان لە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە کردەوە.

مەسرور بارزانی لە پەیامێکی ئێکسدا نووسیوویەتی:

چاکسازییەکانی بواری وزە و بانک تەنیا لە سوودی ئێمەدا نییں

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی لە پەیامێکی ئێکسدا نووسیوویەتی: لە چاکسازییەکانی کوردستان تەنیا ئێمە سوودمەند نین. ڕۆژی هەینی 23ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکی ئێکسدا نووسیوویەتی: چاکسازییەکانی کوردستان لە بواری وزە و بانک و هەمەچەشنکردنی ئابووری، تەنیا لە سوودی ئێمەدا نییں، بەڵکو سەقامگیری و بووژانەوە بۆ تەواوی عێراق و ناوچەکەش بەدی دێنن.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش کردووە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوبەشێکی سەرەکییانە لەم ئەرکەدا.

www.xebat.net
یەك شەممە 25ی ئایار 2025 ژمارە(6981) | خەبات



بە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری باڵای سەرۆک تڕەمپ ئێوارەخوانێک بۆ بەخێرهێنانی سەرۆکی حکوومەت لە واشنتن سازکرا

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، لە واشنتن، بە ئامادەبوونی مەسعەد بۆلس ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد تڕەمپ، ئێوارەخوانێک بۆ بەخێرهێنانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخرا. لە ئێوارەخوانەکەدا، کە ژمارەیەک لە کەسایەتیی ناسراوی ئەمەریکا ئامادەی بوون، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆک تڕەمپ، لە وتەیەکدا، بەخێرهێنانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و سەردانەکەی بۆ ئەمەریکای بە سەردانێکی زۆر سەرکەوتوو ناوبرد. ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا جەختیشی لە بەهێزترکردنی پەیوەندیی ستراتیژی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کردەوە.

سەرۆکی حکوومەت لە وتەیەکدا سوپاسی میوانداریی‌یەکەی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە هەرێمی کوردستان پێزانینی زۆری بۆ هاوکاری و پشتیوانیی و دۆستایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە و خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندیی دوولایەنەین لە هەموو بوارەکاندا.

مەسرور بارزانی:

پشتیوانییەکی زۆر لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ هەرێمی کوردستان هەیە

پێمان خۆشە لە زووترین کاتدا کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێم پێکبێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، زۆر دڵخۆشین کە بینیمان پشتیوانییەکی زۆر هەیە لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئەو گرێبەستانەی کە پێیان وایە لە بەرژەوەندیی هەموو کوردستان و عێراق دەبێت.

ڕۆژی هەینی 23ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: کۆبوونەوەیەکی زۆر باش و بەسوودم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەبوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە دا، لە کۆبوونەوەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، بۆچوون، تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆمان لەسەر کۆی پێشهاتەکانی ناوچەکە خستەڕوو. جەختی لەوە کردەوە، زۆر دڵخۆشین کە بینیمان پشتیوانییەکی زۆر هەیە لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئەو گرێبەستانەی کە پێیان وایە لە بەرژەوەندیی هەموو کوردستان و عێراق دەبێت.

مەسرور بارزانی، دەشڵێت: بانگهێشتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکام کرد بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

لەبارەی لێدوانەکانی بەرپرسانی بەغدا لەسەر گرێبەستەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو کۆمپانیا ئەمەریکییەکە، مەسرور بارزانی، ڕایگەیاند: ئەو بۆچوون و لێدوانانەی بەرپرسانی بەغدا لەسەر پرۆسەکە دەیدەن، هیوادارم لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق بیری لێ بکەنەوە.

گوتیشی: بەرپرسانی بەغدا تاوەکوو نەرمی زیاتر بنوێنن، زیاتر دەبینن کە ئەو هەوڵ و کۆششەی کە ئێمە دەدەین لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکە.

لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، ڕوونی کردەوە، پێیان خۆشە لە زووترین کاتدا کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێم پێکبێت.

مەسرور بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمەریکا:

لە واشنتنین بۆ دووپاتکردنەوەی هاوبەشی و دۆستایەتیی ئەمەریکا و کوردستان

بەگوێرەی دەستوور، هەرێمی کوردستان مافی هەیە پەرە بە سێکتەری وزە بدات

ئێستا دەتوانین زۆر شت لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەمەریکییەکان بنیات بنێین

ئێمە پشتگیری لە بیرۆکەی سەرۆک تڕەمپ دەکەین کە ئاشتی و باشترکردنی ژیان و گەشەپێدانی ئابووریی



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، هاتینەوە واشنتۆن بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە نەک هەر شەڕکەرێکی باشین و پێکەوە شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستان کردووە، بەڵکوو ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەمەریکییەکان دەتوانین زۆر شت بنیات بنێین. مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمەریکا ئامانجی سەردانەکەی بۆ واشنتن دەخاتەڕوو و دەڵێت؛ «هاتینەوە واشنتۆن بۆ دووپاتکردنەوەی پابەندبوونمان بۆ ئەوەی هاوپەیمان و دۆست و هاوبەشی ئەمەریکا بین».

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە گرێبەستەکانی حکوومەت لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای وێسترن زاگرۆس و ئێچ کەی ئێن ئینێرجی دەکات کە هەفتەی ڕابردوو بە بەهای زیاتر لە 100 ملیار دۆلار لە واشنتن واژۆکران و گوتی؛ «کوردستان مافی ئەوەی هەیە گرێبەستەکان واژۆ بکات، بەتایبەتی لەسەر پەرەپێدانی کەرتی گاز و وزە». هەر لەو چاوپێکەوتنەدا مەسرور بارزانی تیشک دەخاتە سەر پرسی سووریا و دانوستانەکانی ئەمەریکا و ئێران و چەند پرسێکی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەبارەی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیش دەڵێت؛ «هیوادارین دانوستانەکان ببنە هۆی هەندێک چارەسەری ئاشتیانە» و دەشڵێت؛ «ئێمە شەڕمان ناوێت» و پشتیوانی خۆی لە بیرۆکەی دۆنالد ترامپ دووپات دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان بە ڕێگەی ئاشتی.

دەقی چاوپێکەوتنی کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمەریکا لەگەڵ مەسرور بارزانی:

فۆکس نیوز: باشە، وەزیری دەرەوە مارکۆ ڕوبیۆ پشتگیری ئەمەریکا بۆ سەربەخۆیی هاوبەشێکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپات دەکاتەوە، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم هەفتەیەدا لە واشنتۆن بووە و لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ کۆبوونەتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە ئەمشەو سەرۆک وەزیران، مەسرور بارزانییان لەگەڵە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. حکوومەتەکەی هەندێک گرێبەستی نوێی وزەی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بە بەهای زیاتر لە سەد ملیار دۆلار ڕاگەیاند. جەنابی سەرۆک وەزیران، ئامادەبوونتان بەرز دەنرخێنین زۆر سوپاس و بەخێربێن، باسم لە کۆبوونەوەکانتان کرد - نەک تەنها هەر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بەڵکوو، لەگەڵ وەزیری ئاسایشی ناوخۆ، وەزیری ناوخۆ و وەزیری وزە، لەم کۆبوونەوانەدا تیشک خرایە سەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

مەسرور بارزانی: سوپاس بۆ بانگهێشتکردنم برا. زۆر دڵخۆشم کە گەڕامەوە بۆ واشنتۆن، ئێمە هاتینەوە واشنتۆن بۆ ئەوەی بڵێین سوپاس بۆ سەرۆک و حکوومەت و هێزی سەربازی و گەلی ئەمەریکا کە هەمیشە پشتگیرییان لێکردووین. هەروەها بۆ دووپاتکردنەوەی پابەندبوونمان بۆ ئەوەی هاوپەیمان و دۆست و هاوبەشی ئەمەریکا بین. هاوکات بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە نەک هەر شەڕکەرێکی باشین و پێکەوە شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستان کردووە، بەڵکوو ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەمەریکییەکان، لە ڕاستیدا دەتوانین زۆر شت پێکەوە بنیات بنێین کە دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ ناوچەکە.

فۆکس نیوز: ئەمانە گرێبەستی گەورەن. مەبەستم ئەوەیە، کاتێک سەیری وردەکارییەکان دەکەین، بەهاکەی نزیکەی 110 ملیار دۆلارە هەشت تریلیۆن پێ سێجا ستانداردی گازی سروشتی و پێنج ترلیۆن پێ سێجا ستانداردی گاز، هەروەها 900 ملیۆن بەرمیل نەوت لەخۆدەگرێ. بەڵام دەڵێن حکوومەتی فیدراڵی ڕەخنەی هەیە سەبارەت بەم گرێبەستی وزەیە، دەڵێن ئەو ڕێککەوتنە وزەیەی کە ئێوە و هەرێمەکەتان واژۆتان کردووە یاسایی نین. لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

مەسرور بارزانی: باشە ئێمە ئەو دەستوورمان هەیە کە لە ڕاستیدا بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان چ مافێکی هەیە. کوردستان بەڕاستی مافی ئەوەی هەیە گرێبەستەکان واژۆ بکات، بەتایبەتی لەسەر پەرەپێدانی کەرتی گاز و وزە. ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا گرێبەستان واژۆ کردووە و ئەم دوو کۆمپانیایە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان کاریان کردووە.

فۆکس نیوز: دەمەوێت باسی هەرێمەکەت بکەم. دیارە ئەمەریکا سزاکانی سەر سووریا هەڵدەگرێت، ئەمڕۆ بە فەرمی ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات. وەزیری دەرەوە وتی ئەگەر ئەوە ڕووی نەدابا، جارێکی تر سووریا دەبووە گۆڕەپانی یارییەکانی داعش. پێم بڵێ هەڵسەنگاندنتان بۆ دۆخی سووریا و ناوچەکە چییە؟

مەسرور بارزانی: ئێمە لەگەڵ سیاسەتی سەرۆک کۆمار داین بۆ ئەوەی دەرفەتێک بدرێت بە سووریا، بێگومان سووریا بە کۆمەڵێک ئاڵەنگاری سەختدا تێدەپەڕێت. هێشتا حکوومەت کۆنترۆڵی تەواوی وڵاتەکەی نەکردووە. هێشتا هەندێک شوێن هەن کە داعش تێیدا چالاکە کە پێویستیان بە کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن هەیە بەهیوای ئەوەی بە هاوکاری هەموو لایەک، لەناوببرێن.

فۆکس نیوز: ئەی ئێران چۆن دەبینی؟ ئێستا لە ناوەڕاستی دانوستاندان لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی. بەڵام ئێران هێشتا ئەکتەرێکی خراپە لە ناوچەکەدا و پشتگیری لە پرۆکسی یاخود بڵێم دەست و پێوەندەکانی لەوانەش گرووپەکانی وەک حەماس و حزبوڵڵا و حووسییەکان دەکەن.

مەسرور بارزانی: باشە هیوادارین ئەو دانوستانانەی ئێستا لە ئارادایە، ببنە هۆی هەندێک چارەسەری ئاشتییانە، ئێمە شەڕمان ناوێت، دیارە هەمووان پشتگیری لە دیدگای سەرۆک دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، ئێمە پشتگیری لە بیرۆکەی ئەو دەکەین کە ئاشتی و باشترکردنی ژیان و گەشەپێدانی ئابووریی، هیوادارین ئەم گفتوگۆیانە ببێتە هۆی جۆرێک لە ئەنجامی ئاشتییانە کە ڕێز لە مافەکانی هەموان بگرێت.

فۆکس نیوز: هەندێک لە شارەزایان دەڵێن ئەمەریکا لە ڕابردوودا گەلی کوردی بە تەنیا جێهێشتووە، بۆ نمونە لە سووریا و ئەو شوێنانەی تر کە شەڕتان لەگەڵ تیرۆریستاندا دەکرد، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئەم حکوومەتەی ئەمەریکادا دروست دەکەیت، پێم بڵێ هەستت چۆنە بۆ ئێستا و ڕابردوو و پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و کورد؟

مەسرور بارزانی: باشە، دەبێ بڵێم کە ئەمەریکا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پشتگیریکردنمان، ئەگەر بەهۆی پشتیوانی ئەمەریکاوە نەبوایە، نەماندەتوانی بە ئاسانی داعش تێکبشکێنین. دەتوانم پێتان بڵێم لەم گەشتەدا پاڵپشتی زۆرمان لەم ئیدارەیە بیستوو، ئەمە ڕێک ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت، زۆر سوپاسگوزارین بۆ ئەوەی ئەمەریکا کردوویەتی، بۆیە هیوادارین ئەمەریکا هەمیشە ئێمە وەک هاوبەشی ڕاستەقینەی خۆی سەیر بکات، لە ڕاستیدا ئێمە زۆر شانازی دەکەین هاوپەیمان و هاوبەشی ئەمە ریکاین.

فۆکس نیوز: بەڵێ. باشە جەنابی سەرۆک وەزیران ئێمە ئامادەبوونت بەرز دەنرخێنین، ئێمە بەردەوام دەبین لە چاودێریکردنی ئەم گرێبەستە گەورانەی وزە بۆ ئەوەی بزانین لە داهاتوو چیان بەسەر دێت و چی ڕوودەدات. سوپاس بۆ ئامادەبوونتان.

مەسرور بارزانی: سوپاس بۆ بانگهێشت کردنتان.

سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ بریکاری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا کۆبووەوە

برادلی سمیس: ئەو چاکسازییانەی هەرێمی کوردستان دەکرێ ببنە نموونە بۆ وڵاتانی دیکەیش





سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەزیری ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا کۆبووەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ کریستی نۆوم وەزیری ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە پەرەپێدانی هاریکاریی و هاوئاهەنگیی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا کرایەوە، بە تایبەتیش لە بواری ئەمنی و ڕاهێنان و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ڕێکخراو.

هاوپەیمانیی مەسیحی: سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ واشنتن کەرتی ئابووری دەبووژێنێتەوە

دوێنێ شەممە، هاوپەیمانیی «مەسیحی» ڕاگەیەنراوێکی لەبارەی سەردانەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو کردەوە.

هاوپەیمانیی مەسیحی لە (پارتی یەکێتیی دیموکراتی کلدان، پارتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کلدان، پارتی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی سووریا، دەستەی جیهانیی کلدان، دەستەی کارگێڕی کۆمەڵگەی ئۆرتۆدۆکسی ئەرمەنستان، کۆمەڵگەی ئەرمەنی و ڕەوتی شالەمە) پێکدێت.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: «هێز و لایەنەکانی نێو هاوپەیمانیی مەسیحی بە سەرنج و پێزانینێکی زۆرەوە بەدواداچوون بۆ سەردانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن. ئەم سەردانە نوێنەرایەتی هەنگاوێکی ستراتیجیی گرنگ دەکات بەرەو قووڵبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە لایەک و ئەمەریکاش لە لایەکی دیکەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، گەشەپێدانی ئابووری، ڕێزگرتنی یەکتر، و بەرگریکردن لە بەها مرۆییەکان، لە پێش هەموویانەوە ئازادی، مافی مرۆڤ، و مافی هەموو پێکهاتەکان.»

جێی باسە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، 19-05-2025، بە سەرپەرشتیی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، لە ڕێوڕەسمێکدا، دوو ڕێککەوتنامەی بواری وزە، لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی (ئێچ کەی ئین ئێنێرجی) و (وێستێرن زاگرۆس) لە واشنتن ئیمزا کران. هاوپەیمانیی مەسیحی دووپاتی کردووەتەوە، ئیمزاکردنی ئەو دوو ڕێککەوتنەیە، «یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق، بە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانییەوە.»

ڕۆژی هەینی 23ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆ بوونەوە. لەبارەی کۆبوونەوەکە، هاوپەیمانیی مەسیحی ئاماژەی بەوە کردووە «پەرۆشیی سەرۆک وەزیران بۆ پیشاندانی ئەزموونی گەشەسەندنی ئابووری و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەردەوامی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئەم مۆدێلە ناوازەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرز دەنرخێنین، بەتایبەتی ئەوەی لە دیدارەکەیدا لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە گرنگیی هەماهەنگی بۆ پاراستنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان ئاماژەی پێ کرا لە عێراق و سووریا.»

ئەم سەردانە، وەکوو ئەوەی لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە «مێژوویی و نیشاندەری ئەوەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکردایەتیی مەسرور بارزانی بەردەوامە لەسەر ڕێگای گەشەپێدان و کراوەیی بەڕووی جیهاندا، پەرەپێدانی پەیوەندییە بەهێزەکان لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، هەروەها بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر گۆڕەپانەکانی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی».

سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ هەردوو سیناتۆر ڕۆجەر ویکەر و جاک ڕید کۆبووەوە

هەردوو سیناتۆر پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 22ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ سیناتۆر ڕۆجەر ویکەر، سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاریی سەربازیی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا و سیناتۆر جاک ڕید، ئەندامی لیژنەکە کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوو سیناتۆر پشتیوانیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە و جەختیان لە گرنگیی پتەوکردنی هاوبەشی و هاوپەیمانیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەمەریکا لە ئاستی حکوومەت و لە ئاستی کەرتی تایبەتیش گرنگی بە هەرێمی کوردستان دەدا

گرێبەستەکانی غاز سوودیان بۆ ئەمەریکا و هەرێمی کوردستانیش هەیە

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە گرێبەستی کوردستان و ئەمەریکا لە بواری غاز زۆر گرنگە و سەرمایەیەکی زۆرە بۆ ئەمەریکا و قازانجی بۆ کوردستانیش دەبێت و ژێرخانی وزەی خۆی بەهێز دەکات.



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە «لەم ڕۆژانە مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی باسی لەوە کرد کە یەکێك لە کۆڵەگە و پایەکانی ئێمە لەگەڵ عێراق، هەرێمی کوردستانە و پەرەسەندن و گەشەسەندنی کوردستان بەلای ئەوانەوە گرنگە، ئەمە جەختکردنەوە بووە لەسەر هەڵوێستەکانی پێشوویان کە پشتیوانیی کوردستانییان کردووە، لەهەمان کاتدا مایك پۆمپیۆی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا لە وتارێکدا لە (نیویۆرك پۆست)دا دەڵێت کوردستان شیاوی باشتر و زیاترە و باس لەوە دەکات کە کارێکی هەڵەیان کرد کە پشتیوانیی ڕیفراندۆمیان نەکردووە. ئێمە هەفتەی ڕابردوو وەك شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتیی هۆشیار زێباری سەردانی برۆکسلی پایتەختی یەکێتیی ئەورووپامان کرد، لەوێ بووین بۆ کۆڕبەندی یەکێتیی دیموکراتیی نێودەوڵەتی. لە نێو کۆنفرانسەکە چەندین بەرپرسی باڵای ئێستا و پێشووترمان بینی لە دەرەوەی کۆنفرانس، سەرۆکی پەرلەمانی بەلجیکا و وەزیری بەرگریی بەلیجکامان بینی، فراکسیۆنەکانی پەرلەمانمان بینی، دووبارە و چەندبارەیان دەکردەوە کە دۆستی کوردستانن و دەیانەوێت کوردستان وەزە کراون، بە سەرپەرشتیی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دیسان بەڵگەیە کە ئەمەریکییەکان لەسەر ئاستی حکوومەت و لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت گرنگیی بە هەرێمی کوردستان دەدەن، دەیانەوێت ئەو پەیوەندییە ئابووریەی لە نێوان هەولێر و واشنتۆندا هەیە لەپێناو بەرژەوەندیی هەردوولا بەرەوپێشەوە بڕوات و بەهێزتر بکرێت، چونکە ئەو پەیوەندییانە بەرژەوەندیی دوو لایەنەن جا سیاسی بن یان ئەمنی، هەموویان بەرژەوەندیی هاوبەشن. واژۆکردنی ئەم دوو گرێبەستە یەکێکە لەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە کە ئەم دوو گرێبەستە بوار دەدات بە کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی بواری غاز بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن کە ئەمەریکا قازانج دەکات وەك سەرمایە و لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستانیش قازانج دەکات لەوەی ئەزموون وەردەگرێت لە شارەزایی و تەکنیکی ئەو کۆمپانیایانە. گرێبەستەکانیش زۆر سوودیان هەیە بۆ کارەبا و ژێرخانی وزە و بەرهەمی ناوخۆیی، ئەمە بەڵگەیەکی دیکەیە کە کوردستان سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەیە و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەتوانن سەرمایەکانیان بهێنن، بەبێ ئەوەی کە لە داهاتووی ئەو سەرمایە بترسن کە دەیخەنە گەڕ.. ئەمە پشتیوانی و پشتگیرییەی کوردستان لە داهاتووشدا زیاتر دەبێت و ئاگادارکردنەوەی حکوومەتی عێراقە کە دەڵێن لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە هەرێمی کوردستان ناتوانێت سوود لە گرێبەستی نەوت و غاز وەربگرێت، بەڵام ئەو کۆمپانیا گەورانە هاتوون گرێبەستەکانیان واژۆ کردووە کە بەهای زیاتر لە 100 ملیار دۆلار، ئەمە هانی کۆمپانیای کەرتی تایبەتی وڵاتانی دیکەش دەدات کە بێن لە سەرجەم کەرتەکان وەبەرهێنان بکەن.“

ڕوو: ”ئەم دوو گرێبەستەی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی ئەمەریکا لە بواری بەرەوپێشەوە ببەن و پشتیوانیی گەلی کوردستان بکەن.“

هۆشیار سیوەیلی ئەوەشی خستۆتە

ئاڵوگۆڕ لە بەرپرسیارێتی لقی 12ـی هەڵەبجە کرا

عەلی حوسێن: بە ڕێنمایی و سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی پارتی هەمیشە لە نوێبوونە و گەشەسەندن دایە



خەبات ـ بەرهەم شێخ عزەدین

بەسەرپەرشتیی "عەلی حوسێن" ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای سلێمانی-هەڵەبجە-ڕاپەڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەئامادەبوونی د.ئەشواق جاف یاریدەدەری بەرپرسی مەکتەب و، هەڤاڵانی بەشی ڕێکخستن و دارایی مەکتەبی سیاسی و، بەرپرسی بەشەکانی مەکتەب و کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەکان و هەڤاڵانی سنووری لقی 12ـی هەڵەبجە، لە ڕێوڕەسمێکدا دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لقی 12ـی هەڵەبجە لەنێوان هەڤاڵ دلێر حەمە کەریم و هەڤاڵ محەمەد خورشید، بەڕێوەچوو.

لە وتەیەکدا "عەلی حوسێن" سوپاسی بەرپرسی پێشووی لق هەڤاڵ دلێر حەمە کەریم کرد لەپای خزمەتەکانی لەماوەی بەرپرسیارێتیی لقدا بە خەڵکی سنووردکە و کادیران و ئەندامان و دڵسۆزانی ڕێزی پێرۆزی بارزانی، وە هیوای سەرکەوتنی بۆ هەڤاڵ محەمەد خورشید خواست لە ئەرک و بەرپرسیارەتی نوێیدا بە خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی ناوچەکە و ڕێزی پێرۆزی بارزانی. پاشان باسی لەگۆڕانکاری کرد و بە سروشتی و نوێبوونەوە وەسفی کرد و گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی موئەسەساتی و ڕێکخستنە و بە ڕێنمایی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی هەمیشە لە نوێبوونەوە و گەشەکردن دایە، ئەم گۆڕانکارییانەش لەو پێناوە و چوارچێوەیە دایە و هیوامان وایە کە گرۆتینی زیاتر بەکاری حزبی بدەین و بتوانین خزمەتی زیاتری هەڤاڵان و چین و تۆیژەکان بکەین. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی باسی خەڵکی شۆڕشگێڕ و قوربانیدەری ناوچەکەی کرد و هێمای بۆ بەرخۆدان و ئازایی خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری کرد و بە شانازی و پارێزەری شکۆی پارتی وەسفی کردن لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و گوتی: ئەم ناوچەیە و خەڵکەکەی لای سەرکردایەتیی پارتی و جەنابی سەرۆک جێی ڕێز و تەقدیرن. عەلی حوسێن، باسی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی کرد و گوتی: ئەو حزبانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوتەمەنی پارتین، یان نەماون یان زۆر لاوازن، بەڵام پارتی بە حیکمەت و ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە و نوێبوونەوە دایە، ڕێبەری حزبەکانە لەڕووی نەتەوەییەوە. هەروەها باسی لە گۆڕانکاری چاوەڕوانکراوی ناوچەکە کرد و گوتی: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری خێرا بەخۆیەوە بینیوە و دەبینێت، پارتی دموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی چاویان لەسەرە بۆ گۆڕانکارییەکان. لە دووماهی مەڕاسیمەکەش، هەردوو هەڤاڵ دلێرحەمەکەریم و محەمەد خورشید بەخۆشحاڵییەوە بڕیارەکەیان وەرگرت و گوتیان: ئێمە پێشمەرگە و کادیری پارتی و ڕێزی بارزانیی نەمرین و لەهەر کوێ بین خزمەت دەکەین.

ئەمڕۆ دەرگای کۆمسیۆن بۆ پێشکەشکردنی ناوی کاندیدان دەکرێتەوە

گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، ئەمڕۆ یەکشەممە دەرگای کۆمسیۆن بۆ پێشکەشکردنی ناوی کاندیدان لەلایەن لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەکرێتەوە، کە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام دەبێت.

جومانە غەلای، گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە، ئەمڕۆ یەکشەممە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەرگای پێشکەشکردنی ناوی کاندیدەکان دەکرێتەوە، کە لە ڕۆژی 25ی ئایار تاوەکوو 24ی حوزەیرانی ئەمساڵ بەردەوام دەبێت و لەو ماوەیەدا لایەنەکان و کاندیدانی سەربەخۆ و هاوپەیمانەکان دەتوانن ناوی کاندیدەکان پێشکەش بکەن، بۆیە داواکارین ئەوانەی نیازی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیان هەیە، لەو ماوەیەدا ناوەکانیان پێشکەش بکەن.

غەلای ئەوەشی گوتووە: ئەمڕۆ یەکشەممە لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوام دەتواندرێت ناوی کاندیدەکان پێشکەش بکرێت تاوەکو کۆتایی دەوامی ڕۆژی 24ی حوزەیران و تاوەکو ئێستاش دیار نییە وادەکە درێژ دەکرێتەوە یاخود لەو وادەیەدا کۆتایی دێت.

لای خۆشیەوە، خالد عەباس، بەرپرسی ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆ ئەم هەڵبژاردنە مەرجەکانی کاندیدبوون گۆڕاون و پێویستە ئەوەی کاندید بکرێت بڕوانەمەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و تەمەنی لە 30 ساڵ زیاتر بێت، هەروەها لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە بێ کێشە بێت و هیچ تاوانێکی نەکردبێت، بۆ کاندیدی سەربەخۆش پێویستە 500 ئیمزای ئەو کەسانە بێنێت کە پشتگیری دەکەن بۆ هەڵبژاردن و هەموشیان ناویان تۆمار کرابێت و کارتی دەنگدانیان هەبێت، ئەگەرنا ڕێگە نادرێت خۆی کاندید بکات، بۆیە پێویستە بەپێی ئەو مەرجانە لایەنەکان و کاندیدە سەربەخۆکان ناوەکان تۆمار بکەن.

سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە

ئیسلامی ئێران خۆشحاڵی خۆی بە ئاستی پەیوەندیی باشی نێوان پارێزگا هاوسنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران نیشاندا و پشتیوانی خۆی بۆ ڕێککەوتنەکانی نێوانیان دوپاتکردەوە، هەروەها خواستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نیشاندا لە بەیەکەوەژیان و برایەتی و سەقامگیریی و ئاشتی لە ناوچەکەدا و جەختی لە بەردوانی زیاتری هاریکاریی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردەوە.

لەلایەن خۆیەوە، سەرۆکی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد خۆشناو، ویڕای گەیاندنی سڵاو و ڕێزی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس و ستایشی سەردانیکردنی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد بۆ هەولێری پایتەخت و پابەندیی هەروەها باسی لە گۆڕانکاری چاوەڕوانکراوی ناوچەکە کرد و گوتی: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری خێرا بەخۆیەوە بینیوە و دەبینێت، پارتی دموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی چاویان لەسەرە بۆ گۆڕانکارییەکان. لە دووماهی مەڕاسیمەکەش، هەردوو هەڤاڵ دلێرحەمەکەریم و محەمەد خورشید بەخۆشحاڵییەوە بڕیارەکەیان وەرگرت و گوتیان: ئێمە پێشمەرگە و کادیری پارتی و ڕێزی بارزانیی نەمرین و لەهەر کوێ بین خزمەت دەکەین.



غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK :

نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی کوردستان بە درێژایی مێژوو پێکەوەژیاون

ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان بۆتە کولتووریک و سیمایەکی جوانی بە کوردستان بەخشیوە

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی و دەزگای بنیاد و پێگەیاندنی نیشتمانی، پانێلی (لێبوردەیی و پێکەوەژیان)یان، لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکانی زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی بەڕێوەبرد، نوێنەری پێکهاتەکان و ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابیان و میوانان ئامادەی بوون.

غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لەسەر بانگهێشتی زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی بەشداریی لە سمینارەکەدا کرد، بابەتێکی بەناونیشانی (لێبوردەیی و پێکەوەژیان بناخەیەکی پتەوە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی ئارام و سەقامگیر) پێشکەش کرد، مەخموری بۆ بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی لێبوورە و سەقامگیر جەختیکردەوە سەر زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و پەرەپێدانی دیالۆگی نیشتمانی بۆ یەکڕیزی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی باشووری کوردستان.

لەسەرەتای پانێلەکەدا بەڕێز د. محەمەد سالح سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و دیپلۆماسییەکانی زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی، بەناوی زانکۆی تیشک و دەزگای بنیاد و پێگەیاندنی نیشتمان بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و باسی لە گرنگیی بابەتی پانێلەکە کرد. ئینجا غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK وێڕای بەخێرهاتنکردنی میوانان خۆشحاڵی خۆی بۆ میونداری و ئامادەبوونی میوانان دەربڕی و سوپاسی ڕێکخەرانی پانێلەکەی کرد بۆ ڕێکخستنی ئەو دیدارە لەگەڵ ئامادەبووان. دواتر هاتە سەر پێشکەشکردنی بابەتێک بەناونیشانی (لێبوردەیی و پێکەوەژیان بناخەیەکی پتەوە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر) و تیشکی خستەسەر چەمکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و مێژووی سەرهەڵدانی بیردۆز و چەمکی پێکەوەژیانی بۆ ئامادەبووان باسکرد و، گوتی: (چەمکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا بە واتای ئەوە دێت کەوا کۆمەڵگە فرە ئایدۆلۆژیا و فرە ئاین و پێکهاتە ئێتنییە جیاوازەکان یەکتر قبووڵ بکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان پەنا ببەنە بەر دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن و ڕێگەی ئاشتییانە).

مەخموری ڕاشیگەیاند: (پێکەوەژیان چەمکێکی گرنگە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری و دوورکەوتنەوە لە شەڕو ململانێ، لەبەرئەوەی پێکەوەژیان واتە یەکتر قبووڵکردن بەجیاوازی باوەڕ و ڕەگەزو زمان و پێکەوەژیان لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بە شێوازی ئاشتیانە).

غەفوور مەخموری لە پانێلەکەدا لە دریژەی بابەتەکەیدا باسی لە بەها و ڕەهەندەکانی چەمکی پێکەوەژیان کرد و، گوتی: (چەمکی پێکەوەژیان پشت بە چەند بەهایەک دەبەستێت کە بریتین لە لێبوردەیی و لەیەکترگەیشتن و وەاکاری و دادپەروەری و، چەند ڕەهەندێکیشی هەیە کە بریتین لە ڕەهەندی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیی و نێودەوڵەتی و جیهانی.)، دواتر مەخموری بە درێژی لە بەها و ڕەهەندەکانی چەمکی پێکەوەژیان دوا و ڕوانینی خۆی خستەڕوو و گوتی: (لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بناخەیەکی پتەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری و بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی پێکەوە گونجاو و هاوکار).

دواتر غەفوور مەخموری باسی لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کۆمەڵگەی عێراق و کۆمەڵگەی کوردستان کرد و بەراوردێکی پێکەوەژیانی لە هەردوو کۆمەڵگەدا کرد و، گوتی: (ئەگەر سەیر بکەین لە ڕۆژی دامەزراندنی عێراقەوە تا ئێستا عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا دامەزراندنی عێراق لەسەر بنەمایەکی تەندروست نەبووە و لەسەر حیسابی نەتەوەکانی دیکە بووە، هەروەها گیانی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا بوونی نەبووە، بۆ ئەوەی عێراق ئاشتی سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت پێویستە گیانی لێبوردەیی بایەخی پێبدرێت و هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن و یەکتر قبووڵ بکەن، بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەت کاربکرێت، لەم ڕێگەیەوە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراق دەتوانن چەمکی پێکەوەژیان پەرەپێبدەن و بیچەسپێنن، ئەگەر بەم شێوازە کار نەکەن ئەوا عێراق بەردەوام لە کەشێکی ناسەقامگیر و ئاڵۆزدا دەمێنێتەوە).

مەخموری باسی لە پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی کوردستان کرد و، گوتی: (کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئاین و ئاینزا و فرە کولتوورە، نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی کوردستان بە درێژایی مێژوو پێکەوەژیاون، ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان بۆتە کولتووریک و سیمایەکی جوانی بە کوردستان بەخشیوە و پێگەی کوردستانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهێز کردووە، ئەوەش وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بایەخەوە لەم حاڵەتەی کوردستان بڕوانێت، ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە خۆڕسکە، تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لە زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و پێشخستنی چەمکی پێکەوەژیان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان شانازی بەو پێکەوەژیانە بکەین کەوا لە کوردستان هەیە، ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەیە وایکردووە کوردستان ببێتە پەناگەیەکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر.).

شایانی باسە دوای پێشەشکردنی بابەتەکەی مەخموری دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان کرایەوە و، ئامادەبووان ڕوانینی خۆیان سەبارەت بە بابەتەکەی مەخموری خستە ڕوو، دواتر دیاری ڕێزلێنان لەلایەن زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی و دەزگای بنیاد و پێگەیاندنی نیشتمان پێشکەش بە مەخموری کرا.



پتەوترکردنی پەیوەندییە پیشەسازی و بازرگانییەکان لە سەرجەم سێکتەرەکان جەختیان لێکرایەوە

شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جیا لەگەڵ هەردوو پارێزگاری کوردستان و تاران کۆبوونەوە





ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2025.5.22، لە تارانی پایتەختی ئێران، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و د.عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك و د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی و نوخشە ناسیح، پارێزگاری هەڵەبجە، لەگەڵ ئاراشی زرێ تەنی لهۆنی، پارێزگاری کوردستان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکە، کە هەریەك لە بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئێران و سەرۆکی ژووری بازرگانیی هەولێر و دهۆك و بەرپرسی کۆمەڵگای سنووری نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران و نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە تاران ئامادەی بوون، هەردوولا جەختیان لە سەر بەرەوپێشبردن و باشترکردن و بەهێزکردنی جۆڵەی بازرگانی و پیشەسازی لە سەرجەم سێکتەرەکان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردەوە.

لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر، بە ناوی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پارێزگاری کوردستانی کرد بۆ ئامادەکاری و ڕێکخستنی سێیەمین دیداری پارێزگارانی پارێزگا هاوسنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران لە شاری سنە.

پاشان هەردوولا، خۆشحاڵیی خۆیان نیشاندا بەو لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنامانەی لە نێوان هەر حەوت پارێزگا واژووکراون و بەپێویستیان زانی لە داهاتوویەکی نزیکدا لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کار لە سەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی بکەن.

پاشان، گفتوگۆ لە بارەی سازدانی چوارەمین دیداری پارێزگارانی پارێزگا هاوسنوورییەکان کراو بڕیاریاندا بۆ ساڵی ئایندە لە شاری سلێمانی ڕێکبخرێت.

هەر هەمان ڕۆژ، شاندەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن محەمەد سادق معتەمدیان، پارێزگاری تاران، پێشوازییان لێکرا.

لە دیدارەکەدا، وێڕای ئەوەی هەردوولا جەختیان لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابووریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردەوە، دووپاتیانکردەوە کە هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنەگەڕ لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندییە پیشەسازی و بازرگانییەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ پێشخستی زیاتری. لەلایەن خۆیەوە، پارێزگاری تاران، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستەسەر سێیەمین کۆبوونەوەی نێوان پارێزگا هاوسنوورەکانی هەرێم و ئێران و هیوایان خواست لێکتێگەیشتنی نێوان شارەکان، بەرەو پێشچوونی زیاتری جۆڵەی بازرگانی و پیشەسازیی بەخۆیەوە ببینێ و بەسوودی هەردوولا بکەوێتەوە.

گوتیشی: وەك پارێزگای تارانی پایتەخت، کە ناوەندێکی پیشەسازی و ئابووریی گرنگی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، تەواوی هاریکاری و پشتیوانیی خۆمان بۆ بەرزکردنەوە و زیاترکردنی بازرگانی و ئابووریی نێوان هەرێم و ئێران دووپات دەکەینەوە.

لەلایەن خۆیەوە، سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پارێزگاری تارانی کرد بۆ پێشوازییەکەی و هەروەها ڕۆڵی بەرێزیان لە یەکەمین ڕێککەوتنامەی نێوان پارێزگای هەولێر و پارێزگای ورمێ بەرزنرخاندن و ئاماژەی بەوەدا کە بە هەوڵی ئەوبوو ئێستا پەیوەندییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستێکی زۆر باش دایە.

لەو بارەیەشەوە، گوتی: بەرهەمی ئەم ڕێککەوتن و لێك تێگەیشتنانەمان، دیداری بەرێز سەرۆکی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە، کە دیدارێکی گرنگ و بەرهەمداربوو و جەنابیان تەواوی پاڵپشتی خۆی بۆ ڕێککەوتنی سەرجەم پارێزگا و شارە هاوسنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێرانی ڕاگەیاند.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا، باس لەئامادەکارییەکانی پێشوازیکردن لە هاتنی زیارەتکارانی ئێران بۆ شوێنە پیرۆزەکانی عێراق کرا بە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، لەو بارەیەشەوە پارێزگاری هەولێر دڵنیای کردەوە کە هەموو ئامادەکارییەکی پێویست بۆ خزمەتکردنی ئەو ئەزیزانە کراوە.

بەرپرسی لقی 16:

شاری کۆیە لە مێژووی خەباتی رزگاریی نیشتمانیدا ناوێکی دیار و پڕ سەروەرییە



بەرپرسی لقی 16: شاری کۆیە لە مێژووی خەباتی رزگاریی نیشتمانیدا ناوێکی دیارو پڕ سەروەرییە

بەئامانجی گرنگیدانی زیاتر بەشاری کۆیەی ڕەنگین و تەواوی دەڤەرەکە، ئاری نانەکەلی بەرپرسی لقی 16 ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەریی هیوا مەنتك کارگێڕی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکانی کۆیەو دێگەڵەو تەقتەق ژمارەیەکی زۆر لە هاونیشتمانیان لە شاری کۆیەو دەوروبەری بەسەرکردەوە و بەشداری چەند پرسەیەکی لە شارەکە کرد .

لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16 ی هەولێر ئاماژەی بە ڕۆڵی هاونیشتمانیانی شاری کۆیە کرد لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەماندا دووپاتی کردەوە کە پارتی و شاری کۆیە دوو دوانەی لەیەك دانەبڕاون و لەمەودوا سەکۆیەکی گرنگ دەبین بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی کۆییە ئازیزەکان بە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و داکۆکیکاری بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی ئەو شارە دەبین کە بە درێژایی مێژووی خەباتی رزگاری نیشتمانی وێڕای هەرمان جەعفەر وسوو کردو وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بۆ خانەوادەو کەسوکاری کۆچکردووان پرسەو سەرەخۆشی خۆی و لقی 16 ی پێگەیاندن و هیوای خواست خودای میهرەبان ئارامییان پێببەخشێت و کۆچکردووان بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی .

بەڕێوەبەرایەتیی حەج و عومرە:

نزیکەی 3400 هاونیشتمانی بۆ حەج گەیشتوونەتە سعودیە

بە گوتەی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان، تاوەکو دوێنێ نزیکەی سێ هەزار و 400 هاونیشتمانی بۆ ڕێوڕەسمەکانی حەج گەیشتوونەتە سعودیە.

دوێنێ شەممە 2025-05-24 کاروان ستوونی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان لە شاری مەدینەی سعودیەوە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، تاوەکو ئێستا سێ هەزار و 398 هاونیشتمانی بۆ حەج گەیشتوونەتە سعودیە، هەزار و 734 کەسیان لە ڕێگەی ئاسمانی و هەزار و 664 کەسیشیان لە ڕێگەی وشکانی.

ستوونی گوتیشی: تاوەکو ئێستا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو لەنێو زیارەتکارانی کوردستان لە ڕێگە و لە سعودیەش ڕووینەداوە.

گوتەبێژی حەج و عومرە دەشڵێت: گەشتەکان بەردەوامن و 28ـی ئەم مانگە دواییین گەشت لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانییەوە دەکرێت.

پشکی هەرێمی کوردستان بۆ حەجی ئەم ساڵ بەراورد بە پار زیادکراوە. پار چوار هەزار و 174 کەس ناویان دەرچووبوو، بەڵام بۆ حەجی ئەم ساڵ کە لە 25-09-2024 تیروپشکی بۆ کرا، پێنج هەزار و 120 کەس ناویان دەرچوو.

لە نێو 92 پزیشك کە بەشداریی تاقیکردنەوەکەیان کردووە

پزیشکێکی شاری هەولێر پلەی یەکەم لە بۆردی عەرەبی بۆ نەخۆشییەکانی هەناو لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بەدەست دەهێنێت



خەبات: عەلی بانیشاری

پزیشکێکی گەنجی شاری هەولێر کە ئەندامی کۆلێژی شاهانەی بەریتانییە، پلەی یەکەم لە بۆردی عەرەبی هەناوی لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی عەرەبی بەدەست دەهێنێت. پزیشکەکە کە قسەی بۆ (خەبات) کردووە دەڵێت ((سەرکەوتنی من، سەرکەوتنی تەواوی پزیشکانی کوردە لە تەواوی دونیا)).

هێرش قادر حەمەد ئەمین، قوتابی بۆردی عەرەبی بۆ نەخۆشییەکانی هەناو بە (خەبات)ـی ڕاگەیاند: بۆ خولی ئەمساڵ لە بواری پسپۆڕی هەناو 92 پزیشك لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی لە پارێزگای بەسرا بەشداری تاقیکردنەوەی بۆردی عەرەبییان کرد، لە نێو ئەو 92 پزیشکە توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم.

هێرش قادر حەمەد ئەمین، قوتابی بۆردی عەرەبی بۆ نەخۆشییەکانی هەناو گوتیشی: یەکەمجارە لە بواری پسپۆڕی هەناو پزیشکێکی کوردی شاری هەولێر ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنێت.

زیاتر گوتی: ئەو تاقیکردنەوەیە لە شاری بەسرا ئەنجامدرا بە سەرپەرشتی هەموو مامۆستایانی وڵاتانی عەرەبی بوو کە سێ ڕۆژی خایاند.

هێرش قادر حەمەد ئەمین، قوتابی بۆردی عەرەبی بۆ نەخۆشییەکانی هەناو (خەبات)ـی ڕاگەیاند: بۆ خولی ئەمساڵ لە بواری پسپۆڕی هەناو 92 پزیشك لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی لە پارێزگای بەسرا بەشداری تاقیکردنەوەی بۆردی عەرەبییان کرد، لە نێو ئەو 92 پزیشکە توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم.

هێرش قادر حەمەد ئەمین گوتیشی: ڕێژەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی بۆردی عەرەبی لە بواری پسپۆڕی هەناو 40%ـە.

ئەو پزیشکە کوردەی شاری هەولێر دەڵێت: بۆ ئەوەی پزیشکێك بێت بە پسپۆڕ سێ ڕێگا هەیە، کە ئەوانیش (بۆردی کوردستانی، بۆردی عێراقی، بۆردی عەرەبی)، بۆردی عەرەبی بەرزترینیانە.

ئاماژەی بەوەشدا، بۆردی عەرەبی بەرزترین دامەزراوەی خوێندنی باڵایی پزیشکییە لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی.

هێرش قادر حەمەد ئەمین، ساڵی 2016 کۆلێژی پزیشکیی هەولێر سەر بە زانکۆی هەولێری پزیشکی تەواو کردووە و یەکێك بووە لە 10 یەکەمەکەی سەر ئاستی کۆلێژ. ساڵی 2020 دەستی بە خوێندنی باڵای پزیشکی کردووە لە بۆردی عەرەبی. بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەشداری لە ڕاهێنانێکی چڕی کرداری لە ناوەندی بۆردی عەرەبی لە نەخۆشخانەی ڕزگاری فێرکاریی شاری هەولێر کردووە.

هەر ساڵی 2020 لە بۆردی عێراقی بۆ نەخۆشییەکانی هەناو کە بەرزترین دامەزراوەی باڵای خوێندنی پزیشکییە لە ناوخۆیی عێراق وەرگیراوە و لە مانگی نیسانی ئەمساڵ تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە و پلەی دووەمی لەسەر ئاستی عێراق بەدەستهێناوە.

تاقیکردنەوەی کۆتایی کرداری لە 1ـی ئایاری 2025 لە بەسرا ئەنجامداوە و توانیویەتی لە نێو 92 کاندید، قوتابی دکتۆرا یان بۆرد لە کۆی شارەکانی عێراق و تەواوی وڵاتانی عەرەبی پلەی یەکەمی لە پسپۆڕی هەناو لە بۆردی عەرەبی بەدەست بهێنێت.



بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی وەبەرهێنان چەند بڕیارێک دەردەکەن

بەپێی ڕاگەیاندراوی وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی وەبەرهێنان، دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ڕاسپاردەی نوسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە پێناو گەشەپێدان و بوژاندنەوەی زیاتری کەرتی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی و پێدانی ڤیزا و نیشینگە بە وەبەرهێنەر و هاوڵاتیانی بیانی، بڕیاردرا:

پێدانی نشینگەی وەبەرهێن بۆ ماوەی 3 ساڵ بۆ 5 ساڵ بە کەسی بیانی (خۆی و هاوسەر و منداڵی خوار 18 ساڵ و دایك و باوك) بکرێت بە پشتگیریی دەستەی وەبەرهێنان کە بیسەلمێنێت ناوبراو وەبەرهێنەرە.

هەروەها لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی نشینگەکەی، بۆ هەمان ماوەی ئاماژەپێکراو درێژدەکرێتەوە بەهەمان ڕێکاری ئاماژەپێکراو بە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان و بە سپۆنسەری یەکەکەی تا ئەو کاتەی خاوەنداریەتیی دەکات.

هەروەها بڵاوکراوەتەوە، ئەم ڕێنمایی و بریارانە لە دوێنێ شەممە 24ی ئایاری 2025 چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە ئامانج لێیان، گەشەپێدانی زیاتر بە کەرتی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئاسانکاری بۆ پێدانی ڤیزا و نشینگە بە وەبەرهێنەر و هاوڵاتیانی بیانی.

هەولێر... لە یادی 63 ساڵەی پێشمەرگایەتیی سەرۆک بارزانی پێشانگەیەکی هونەری کرایەوە



بەبۆنەی تێپەڕبوونی 63ساڵ بەسەر پەیوەندیکردنی سەرۆک بارزانی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، بوونی سەرۆك بە پێشمەرگە، ئێوارەی دوێنێ 24.5.2025 ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بە یاوەریی ژمارەیەك کەسایەتی و هونەردۆست، ئامادەی کردنەوەی پێشانگەی هونەرمەند ئەرکان موسا دۆلەمەری بوو، پیشەنگاکە لە 63 تابلۆی سەرنجراکێش پێکهاتبوو، وەك ئاماژەیەك بۆ تەمەنی پێشمەرگایەتیی سەرۆك بارزانی، ئیلهامی تابلۆکانیشی وەك هونەرمەند دووپاتی دەکاتەوە لە دەڤەری بارزانەوە وەرگیراوە، بە جۆرێك جگە لە تابلۆی پێشمەرگایەتیی سەرۆك بارزانی، چەندین تابلۆی سروشتی دڵڕفێنی کوردستان و تەبایی نێوان ئاینزاکان و پێکهاتەی شارەکان و کلتوور و پێکەوەژیان و دۆستایەتی و ئاماژەکانی پێشمەرگایەتی لە شاخ و داخ لەخۆ گرتبوو. پارێزگاری هەولێر وێرای پیرۆزکردنی ئەو رۆژە مێژوویە لە سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان، هیوای سەرفرازی و بەهرەمەندیی زیاتری بۆ هونەرمەند خواست.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز مامۆستا فاتیح سەنگاوی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك (فایەق حاجی ساڵح ئەمین کاکە) برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە بەڕێزتان و کەسوکارتان ببەخشێت و گیانی برای خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

***

بەڕێز موختار ڕەحیم چەوتانی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (خورشە عەبدوڵڵا حەمە) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات، دڵنەوایی بە بەڕێزتان و کەسوکارتان ببەخشێت.

إنا لله وإنا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

هەولێر.. لەسەر قەڵات پێشوازی لە ئەحمەد داود ئۆغلو سەرۆکی پارتی ئاییندەی تورکیا کرا

هێمن قادر جێگری پارێزگاری هەولێر، بە یاوەری فەلاح حەسەن، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بووژانەوەی قەڵای هەولێر و عەمید خەسرۆ غازی، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگا، لەسەر قەڵای هەولێری پایتەخت پێشوازیان لە ئەحمەد داود ئۆغلو سەرۆکی پارتی ئایندە و شاندێکی باڵای پارتەکەی کرد.
لە دیدارێکدا جێگری پارێزگاری هەولێر، لەگەڵ فەلاح حەسەن وێرای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی میوان، خۆشحاڵیان بەو سەردانەی بۆ سەر قەڵات و شوێنە کولتوورییەکانی سەر قەڵات نیشاندا، جەختیان لەسەر مێژووی پرشنگداری قەڵات کرد، کە تاکە شوێنە تاوەکو ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامە، هەر لەو میانەدا چەند گۆرانییەکی کولتووری



کوردی و تورکی بە هاوبەشی لە ماڵی کولتووری زانکۆی جیهان پێشکەشکرا.
دواتر شاندی میوان سەردانی بازاڕی قەیسەری هەولێر و چایخانەی مەچکۆیان کرد و لەگەڵ دوکاندار و هاووڵاتییان گفتوگۆیان ئاڵوگۆڕ کرد و باسیان لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پتەوترکردنی ئاسایش و سەقامگیری کرا، هەروەک گفتوگۆ لەبارەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەش لە هەولێر کرا، کە ببێتە هۆی فراوانبوونی هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەوەش لە چوارچێوەی پشتیوانیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیە.

دەستەی وەبەرهێنان:
بەمنزیکانە تاوەرێکی بەرز لە هەولێر دروست دەکرێت

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کودستان ئاشکرای دەکات، بەمنزیکانە پڕۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان دروست دەکرێت و لە نێو پڕۆژەکەدا تاوەرێکی بەرز دروست دەکرێت.
د. محەمەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کودستان، ڕایگەیاند: بەپێی بەرنامەی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەیەکی گەورە و گرنگ و ستراتیژی و تەواوی وەبەرهێنان لە هەولێر دروست دەکرێت. ئاماژەی بەوەش دا: لە نێو پڕۆژەکەدا تاوەرێکی بەرز هەیە و زۆر سەرنج ڕاکێش دەبێت. جەختی کردەوە، وردەکاریی پڕۆژەکە ئاشکرا ناکرێت و لە کاتی خۆیدا هەموو شتێك لەسەر پڕۆژەکە بڵاودەبێتەوە.
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ڕەتی کردەوە ئەو تاوەری لە پڕۆژەکەدا هەیە ناوی (بورجی خەلیفە) بێت و گوتیشی: ئەو تاوەرەی دروست دەکرێت پەیوەندی بە (بورجی خەلیفە)وە نییە و ئەوەی لە هەولێر دەکرێت پڕۆژەیەکی جیاوازە.

لە ڕێگەی ‘ئی هەڵسەنگاندنەوە‘ نمرەی قوتابییانی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی بڵاوکرایەوە

وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، دایك و باوکی قوتابیانی پۆلی یەکەم، دووەم و سێیەمی بنەڕەتی دەتوانن لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی ئی هەڵسەنگاندن، لە ماڵەوە نمرەی قوتابییەکانیان وەربگرن.
دوێنێ شەممە 24ی ئایاری 2025، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە؛ ئاگاداری سەرجەم قوتابیانی ئازیزی بازنەی یەکەمی خوێندن، پۆلی یەکەم ، پۆلی دووەم، پۆلی سێیەمی بنەرەتی حکوومی دەکەینەوە، لە ئێستادا ئەنجامی کۆتایی ساڵی خوێندنی 2024-2025 لە ئەپلیکەیشنی ئی هەڵسەنگاندن e-halsangandn لەسەر هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس بەردەستە. بەگوێرەی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی پەروەردە، لە ئێستاوە دایك و باوکان دەتوان لە ڕێگەی ئەم ئەپلیکەیشنەوە یارمەتی قوتابییەکان بدەن بۆ زانینی ئەنجامەکان و دەشڵێت؛ پێویستە کار لەسەر دوایین ئەپدەیتی ئەپلیکەیشنەکە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی سەیری نمرەی قوتابییەکانیان بکەن.

ئەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی نمرەی وانەکانی ‘کوردی و عەرەبی‘ هەڵدەوەشێتەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 22ی ئایاری 2025، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە دا، لە ساڵی داهاتوو واتە ساڵی خوێندنی (2026-2027) بە دواوە بڕیاری ئەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی نمرەی وانەکانی ‘کوردی و عەرەبی‘ هەڵدەوەشێتەوە.
وەزارەتەکە ڕوونی کردەوە، ئەو قوتابییانەی لە ساڵی داهاتوو بە دواوە لە پۆلی 12 ئامادەیی دەبن، وانەی زمانی کوردی و عەرەبی وەك سەرجەم وانەکانی دیکە لە سیستمی وەرگرتن ئەژمار دەکرێن. هاوکات وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە نووسراوێکدا داوای لە وەزارەتی پەروەردە کردووە ئاگاداری سەرجەم قوتابییان بکاتەوە بە مەبەستی ئاگاداربوون لەم بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا.
ئەمەش لە کاتێکدایە، بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئارەزوومەندانەی وانەکانی ‘کوردی و عەرەبی‘ لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی، لە کۆبوونەوەی ژمارە (7)ی ساڵی (2022)ی ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەرچووە.

گوتەبێژی شارەوانی: پڕۆژەی سەدمەتریی سلێمانی %70ی تەواوبووە

گوتەبێژی شارەوانیی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد پڕۆژەی شەقامی سەد مەتری سلێمانی %70ی تەواوبووە، لە سێ مانگی داهاتوو بەشێکی شەقامەکە دەکرێتەوە.
زەردەشت ڕەفیق، گوتەبێژی شارەوانی سلێمانی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: کارکردن لە شەقامی 100 مەتریی سلێمانی بەردەوامە، شەقامەکە 32 کیلۆمەترە و تا ئێستا 22 کم چینی یەکەمی قیری بۆ کراوە، 15 کم چینی یەکەم و دووەمی قیر کراوە.
شەقامی سەد مەتریی سلێمانی کە بە ئۆتۆبانی بابان ناسراوە، نزیکەی %70ی کارەکانی تەواو بووە، دوو پردی تێدایە کاری تێدا دەکرێت، پێنج ئەندەر پاسی هەیە تەواو کراون.



گوتەبێژی شارەوانیی سلێمانی گوتیشی: لە سێ مانگی داهاتوو بەشی یەکەمی شەقامەکە دەکرێتەوە، هەروەها کارکردن لەو پڕۆژە ستراتیژییە بەردەوامە بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوو بە یەکجاری کۆتایی بێت و بکەوێتە خزمەت هاووڵاتییانی شاری سلێمانی و کوردستان.
زەردەشت ڕەفیق گوتەبێژی شارەوانیی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد پڕۆژەکە کارئاسانی زۆر بۆ هاووڵاتییان دەکات و جەنجاڵیی دەروازەی شاری سلێمانی نامێنێ، بۆ نموونە ئەوانەی دێنە سلێمانی دەیانەوێ بەرەو دەربەندیخان یان قەرەداغ بڕۆن ئەوە نایەنەوە ناو شار، لە زۆر ڕووەوە پڕۆژەکە گرنگیی خۆی هەیە.
ڕۆژی 11ی تەممووزی ساڵی 2020 مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی شەقامی سەدمەتریی سلێمانی دانا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان 400 ملیار دیناری بۆ پڕۆژەکە تەرخان کردووە و دەبێتە یەکێك لە شەقامە ستراتیژییەکانی سلێمانی.

لە سنووری سلێمانی سێ ئەندامی داعش دەستگیر کران

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایش، بە هەماهەنگی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، لە سنووری (سلێمانی، چەمچەماڵ و شارەزوور) توانیان سێ تیرۆریستی داعش دەستگیر بکەن.
ڕۆژی هەینی 23ی ئایاری 2025، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایشی سلێمانی بڵاویکردەوە، لە ماوەی 6 تا 21ی ئایاری 2025، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایش، لە سێ چالاکی جیاوازدا، لەسەر بنەمای زانیاریی هەواڵگری و بە هەماهەنگیی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، توانییان شوێنی تیرۆرستان دەستنیشان بکەن.
بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاماژەی بەوە دا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا سێ تیرۆریستی داعش لە سنووری سلێمانی، چەمچەماڵ و شارەزوور دەستگیر کران کە لە لایەن دادگاکانەوە داواکراو بوون و ئەندامی چالاکی گرووپی داعش بوون.
ڕاشیگەیاند: ئێستا تۆمەتباران بە ماددەی 4ی تیرۆر ڕاگیراون و ڕووبەڕووی یاسا کرانەوە و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان بەردەوامە.

بە 19 تیمی بەرگریی شارستانی کۆنترۆڵ کرا
لە یەک کاتدا ئاگر لە شەش شوێنی هەولێر کەوتەوە

بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی هەولێر بڵاویکردووەتەوە؛ کاتژمێر 21:38 شەوی هەینی 23/5/2025 تیمەکانی بەرگریی شارستانی پارێزگای هەولێر نیو کاتژمێری سەختیان بەڕێکرد.
بە گوتەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە؛ لە یەك کاتدا زیاتر لە شەش ئاگر لە سنوورە جیا جیاکان کەوتەوە کە بریتی بوون لە ناحیەی شەمامك، گوندەکانی سۆربەش، سیراوە، تەندورە، گردعازەبان و لە سنووری قوشتەپەش، گوندەکانی عەلیاوە، غاباتی قوشتەپە، مورتکەی شەهاب و لەوێوە بۆ سنووری شاوێس و عەنکاوە و لەنێو سەنتەری پارێزگاش لە سنوری گەڕەکی ئازادی. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئاگرانە 19 تیمی بەرگریی شارستانی ڕەوانەی شوێنەکان کران و وەکو لە ڕاگەیەنراوەکەی بەرگریی شارستانیی هەولێردا هاتووە، سەرجەم کارمەندان بەوپەڕی گیانفیدایی و بێ سڵەمینەوە لە ئاگری بەتین، توانیان کۆنترۆڵیان بکەن و ڕێگری بکەن بێ ئەوەی زیانی گیانی هەبێت.

بانگەواز

بابەت: دەرکردنی گۆڤار

ماڵی (ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی) بە خۆشحاڵییەوە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی نوێی نیمچە ساڵانەی تایبەت بە یاساو دادوەری، بەناوی (لێکۆڵینەوە یاسایی و دادوەری) بە زمانی کوردی و عەرەبی ڕادەگەیەنێت، گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەی یاسایی و نووسین و قسەکردن لەسەر بڕیارەکانی دادگاو خوێندنەوەی دۆسێی دادگاکان و دیهانە لەگەڵ مافناسە خاوەن ئەزموونەکان بڵاودەکاتەوە.
خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر: دکتۆر کمال سعدی مصطفی
عێراقی، هەولێر، گەڕەکی ڕاستی
ژمارەی مۆبایل: 07504412232

لە هەولێر ڕۆژانە 2 هەزار تەن زبڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە

هاوواڵاتیان: لەبەر هاتنی وەرزی هاوین پێویستە زبڵ و خاشاك ڕۆژانە کۆبکرێتەوە





خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

لەشارێکی گەورەی وەکو هەولێر ڕۆژانە زبڵ و خاشاکێکی زۆر لەلایەن تیمەکانی کۆمپانیاکانەوە کۆدەکرێتەوەو دەبردرێتە زبڵخانەی کانی قرژاڵە، دیارە ئەو کۆمپانیایانە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی هەیەو کۆمەڵێك مەرج و ڕێنماییان بۆ دانراوەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری ژینگەپارێزی سەرپەرشتی و چاودێری ئەو کۆمپانیایانە دەکرێت و لەئێستادا کە وەرزی گەرمای هاوینە، پێویستە ڕۆژانە زبڵ و خاشاکی ماڵان کۆبکرێتەوە. وەك ڕۆژنامەی خەبات دەربارەی چۆنیەتی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی ماڵان ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

هاوواڵاتیان گلەیی و گازاندەیان هەیە

ماوەی چەندین ساڵە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی ماڵان لەلایەن ژمارەیەك کۆمپانیاوە ئەنجام دەدرێت وسنووری شاری هەولێر زۆر فراوانەو ژمارەی گەڕەکەکانیش ڕۆژانە لەزیادبوونەو بەهەوڵ و کۆششی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە پڕۆژەی خزمەتگوزاری گەیشتۆتە دوورترین گەڕەك و شارۆچکەی دەوروبەری هەولێرو لەسەر کۆمپانیاکانەوە پێویستە زبڵ و خاشاکی ماڵان کۆبکاتەوە و هاوواڵاتیانی هەولێر و دەوروبەری پێبانوایە لەوەرزی هاویندا پێویستە زبڵ و خاشاك ڕۆژانە فرێ بدرێت ژمارەیەك هاوواڵاتی گلەیی و گازاندەیان هەبوو.

هەردی لەگەڕەکی ەی حەسارۆك دەڵێت: گلەییمان لەکرێکارانی کۆمپانیا هەیە کە گرنگی بە حاویەی زبڵ نادەن و بەتوندی فرێی دەدەن و حاویەکان دەشکێنن، بۆ چەندین جار حاویەی گەڕەکیان شکاندووەو کڕیومانەتەوە بۆچی؟

سالار لەگەڕەکی بێرکۆتی نوێ دەڵێت: هەندێ ڕۆژ هەر کە کرێکارەکان نایەن بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی ماڵان بۆنی زبڵ هەراسانمان دەکات لەبەر ئەوەی وەرزی هاوینەو پێویستە زبڵ نەمێنێتەوە تا بۆنی نەیەت.

شێرزاد لەگەڕەکی تووڕەق کە دەکەوێتە ڕێگای موسڵ دەڵێت: ئەو شوێنە لەشارەوە کەمێك دوورەو لەسەر کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك پێویستە خاو نەبن لە کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك لەو گەڕەکانەی کە کەوتوونەتە دەرەوەی هەولێر، ئەگەر سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر گرنگی بەو شوێنانە بدات و ماوە ماوە هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی گۆڕەپانی ناو گەڕەکی تووڕەق ئەنجام بدات ئەوا ئێمەش دوور دەبین لە هەموو جۆرە نەخۆشییەك.

کەمال لە کانی قرژاڵە دەڵێت: ڕۆژانە هەرچی زبڵ و خاشاك هەیە دەیهێننە زبڵدانی کانی قرژاڵەو ئەوەی کە پێویستە بۆ داپۆشینی ئەو زبڵ و خاشاکە لەلایەن تیمەکانی شارەوانی و خزمەتگوزاری ژینگەپارێزی ئەنجامی دەدەن و کارێکی زۆر باش دەکرێ بۆ داپۆشینی ئەو زبڵ و خاشاکە.

حەسیب ماڵی کەوتۆتە سەر ڕێگای کۆگاکانی ڕێگای گوێڕ دەڵێت: بەداخەوە بۆ ئاژەڵدارەکانی مەیدانی ئاژەڵان هەرچی کەلاشی بۆگەنی ئاژەڵی مردارەوە دابەشی سەر شەش زۆن کراوەو ماوەی چەندین ساڵە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە لە پێناو پاکڕاگرتن و ژینگەپارێزی شاری هەولێرو چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاکی ماڵان و ئەو خاوێنکردنەوەیەش لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێت، دیارە کارەکانی خاوێنکردنەوەش لەلایەن شەش کۆمپانیاوە ئەنجام دەدرێت و دابەشی ناو گەڕەکەکان کراون و هەر یەکێك لەو کۆمپانیایانە کاریان زۆر گرانەو کرێکارو هەموو خزمەتگوزاریەکییان هەیەو کۆمەڵێك ئامێری تایبەت بە خاوێنکردنەوەی زبڵ و خاشاکیان هەیەو کارگێریی تایبەت بەخۆیان هەیە، کۆمپانیاکان ژمارەیان شەش کۆمپانیایەو گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کردووەو گرێبەستەکەیان بۆ ماوەی ٣ ساڵە، پێویستیشە پابەندی ئەو مەرج و ڕێنماییانە بن کە لە گرێبەستەکە بۆیان دانراوەو هەر کۆمپانیایەو ژمارەیەك کرێکاری خۆیان هەیە، لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەك ئامێری وەك کەپس و گەڵابەو شۆفڵ و پێداویستی تایبەت بە خاوێنکردنەوەو کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابەشی سەر شاری هەولێر کراون، هەر یەکێك لەو زۆنانەی کە کۆمپانیاکان کاری تیادەکەن و ڕۆژانە لەلایەن تیمەکانی ئەو کۆمپایانەوە دوو هەزار تۆن زبڵ وخاشاك کۆدەکرێتەوە بەناو شاری هەولێرو دەوروبەری و ڕۆژانە هەموو ئەو زبڵ و خاشاکەی کە کۆدەکرێتەوەو دەبردرێتە زبڵخانەی کانی قرژاڵەو بەشێوەیەکی زانستی ئەو زبڵە ژێر خاك دەکرێت و ڕۆژانە هەموو ئەو زبڵ و خاشاکە ژێر خاك دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئێستا لە وەرزی هاویندایین و ئەگەر هاتوو ڕۆژانە ئەو زبڵە دانەپۆشرێت و ژێر خاك نەکرێت، ئەوا مەترسی ئاگر کەوتنەوەو دووکەڵی لێ دەکرێ و ڕۆژانە لەسەر ئەو زبڵ و خاشاکە ژمارەیەك منداڵ دەبینرێن و لەپێناو پەیداکردنی پارووێك نان سەردانی زبڵخانەی کانی قرژاڵە دەکەن و بۆ چەندین جار ئەو منداڵانەمان دوور خستۆتەوە، بەڵام سوودی نییەو بە کەسوکارەکانمان ڕاگەیاندووە کە ئەو منداڵانە دووچاری جۆرەها نەخۆشی دەبن، وادیارە منداڵەکان گوێ بەنەخۆش بوونی خۆیان نادەن، بەڵام ئەگەر زبڵخانەکە شووڕەی هەبێت ئەوا بەو شێوەنابێت و لەگەڵ ئەوەش نووسراومان کردووەو لەژێر جێبەجێکردندایەو دەبێ هاوواڵتیان ئەو ڕاستییە بزانن، کە ژێر خاککردنی ئەو زبڵ و خاشاکە مەترسی ئاگر کەوتنەوەی لەسەر نامێنێ، جگەلەوەش هەر لە زبڵخانەکە ئێمە ٢٠٠ بیرمان لێداوە دیارە لێدانی ئەو هەموو بیرانە بۆ دەرچوونی گازی قەتیس ماوی ژێرەوەیەو دۆزینەوەی مەنفەزێکی یاسایی ئەو گازە قەتیس ماوەیە تا گرنەگرێت و ئەو بیرانە وایکردووە کە بە ڕێژەی ٨٠٪ ئاگرکەوتنەوە کەم بکاتەوە هەر لەپێناو پاکڕاگرتنی ژینگەی زبڵخانەکە، بۆ سێ جار هەڵمەتی دارچاندنمان لەدەوری زبڵخانەکە ئەنجامداوەو بەردەوامیش دەبین لەو هەڵمەتەی دار چاندن بە هاوکاری ئەندازەی پارکەکان و هەر لەپێناو گرنگیدان بەو زبڵخانەیە بااڵخانەی تایبەت بۆ کارگێڕیمان دروستکردووەو پێکهاتووە لەبەڕێوەبەرو کارگێڕی بۆ ڕاییکردنی کاروباری هاوواڵتیان و هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی بکات ئەوا سزا دەدرێت و پێبژاردنی بۆ دەکرێت، بۆ چەندین ئەو کۆمپانیایەی کە سەرپێچی کردووەو سکاڵای لەسەر کرابێت ئەوا سزا دراوەو تیمی تایبەت بە بەدواداچوونی ئیشوکاری کۆمپانیاکانمان هەیە، کە ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکەن، لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەك ئەوا پسوولەی سزادانمان بۆ کردووە، ئێمە چەند ڕێنمایی تایبەت بۆ خۆمان هەیە وپێویستە کارمەندان و شوفێرانی کەپسەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن بۆ چەندین پێ بژاردنمان بۆ شوفێری ئەو کەپسانەی کە لە کۆمپانیاکاندا هەن هەر هاوواڵتیەك کە ئەگەر گلەیی لەکۆمپایاکان هەبێت بەتایبەتی ئوتومبیلی کەپسەکان ئەوا دەتوانێ سەردانمان بکات دەربارەی خراپی ئەو ئوتومبیلانەی کە تایبەتن بە خاوێنکردنەوەی زبڵ و خاشاك هی کۆمپانیاکانن، گرێبەستمان لەگەڵیاندا هەیە ناچارمان کردوون کە ساڵانە پشکنینی پی قی ئای بکەن واتا هەزەی هەموو ئوتومبیلەکانیان بکەن تا بۆ کارکردن تۆندوتۆڵ بن، بۆ ناو بازاڕیش چەندین تیم شەوانە دوای داخستنی بازاڕ خەریکی خاوێنکردنەوەی ناو بازاڕ دەبن بۆ نۆ جار زبڵ وخاشاکی ناو بازاڕ خاوێن دەکەنەوەو بۆ ناو بازاڕ بۆ ماوەی ١٨ کاتژمێر کرێکارمان لەوێ هەیە بۆ خاوێنکردنەوە.





ئەندازیار ژیار جەلال: ئەو زبڵ کە دەبردرێتە زبڵخانەی کانی قرژاڵە بەشێوەیەکی زانستی ژێر خاك دەخرێت

ڕاستی فازڵ: هەر هاوواڵاتییەك سکاڵای هەبوو دەتوانێ پەیوەندیمان پێوەبکات

کۆمپانیاکانیش قسەی خۆیان هەیە

هەر بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە ڕاوسەرنجی کۆمپانیایەکی خاوێنکردنەوەی زبڵ و خاشاکمان وەرگرت. **ڕاستی فازڵ عەوێنە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نرخ گوتی:** ئێمە وەکو کۆمپانیای نرخ نزیکەی ٢٥٠ کرێکارمان بۆ خاوێنکردنەوەی ناو گەڕەکەکان هەیەو سنووری کاری ئێمە دوو شارەوانییە شارەوانی دوو لەگەڵ شارەوانی شەش و ئەو ئوتومبیلانەی کە هەمانە مۆدێلیان بەرزەو ستافی هونەریان هەیە لەکاتی تێکچوونی هەر ئوتومبیلێك خۆمان چاکیان دەکەینەوەو کارکردنی کارمەندانی کۆمپانیا بۆ ماوەی دە کاتژمێرەو هەر شوفێرێکی کەپس هەڵە بکات و هاوواڵتیان گلەیی لێ بکەن ئەوا ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکەین لەبەیانی زوو تا نیوەڕۆکەی کاری خاوێنکردنەوەکە تەواو دەکرێت و قورسترین کارمان لە سنووری شارەوانی شەشە لەبەر ئەوەی ژمارەی گەڕەکەکانی زۆرە و لە سنووری هەردوو شارەوانی بازاڕو کاسبکار هەیەو ناو ئەو بازاڕانەش خاوێنکردنەوەی زۆری هەیەو هەر هاوواڵتیەك ئەگەر سکاڵای هەبوو دەتوانێ پەیوەندیمان پێوەبکات و هەر کاتێك هەر کرێکارێك یاخود شوفێرێك سکاڵای لێ بکرێت ئەوا ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت و سکاڵای هاوواڵتیان بەهەند وەردەگرین و پێبژاردن بۆ ئەو کرێکارانە دەکەین کە سەرپێچی دەکەن.

فۆتۆ: سەید فەخرەدین



پ.د. نەسرەت سابیر خۆشناو

بۆ وازمان لەو هەموو سادەییە هێنا..؟!

دەبینین ژیانمان ئەوەندە سەرقاڵییە و دەرکەوتنی پڕ لە پەلەیە. بۆچی پێداگری لەسەر هەڵتاوسانی خۆمان دەکەین بە ناونیشان و سیڤی زیادەڕەوی. تۆ لەگەڵ هەر یەکێکیان دادەنیشیت... و ئەویش ئەو بڕوایەی پڕ لە زانستت پێدەبەخشێت؛ وەك ئەوەی تاکە شارەزای میللەت بێت! ئەویدیکەیان بەردەوام باس لە دەستکەوتەکانی دەکات لە بازاڕکردن و براندەکاندا؛ وەك ئەوەی لە وڵاتان بین کە خۆشگوزەرانی ئابووریان بەدەست هێناوە! ئێمە لەبەردەم یەکتردا ڕەفتاری ساختە پراکتیزە دەکەین؛ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێمە لە چینێکی باڵاترەوەین.

بۆچی؟! ئایا ڕاستە ئێمە.. تا زیاتر لە ناوخۆدا شل بین بە دەرکەوتنەکانەوە دەلکێین؟ بۆچی ئێمە بەشداری لە نەهامەتیەکانماندا دەکەین بە بارگرانی ژیانمان بە قەرز لە پێناو ڕواڵەتدا!

چەند جوانە.. ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمان بکەین و بگەڕێین بەدوای بەختەوەریدا دوور لە چاوی کۆمەڵگادا .

چەند جوانە.. بۆ ئەوەی ئێمە ببینە خاوەنی ژیانمان نەک بۆ ئەوەی ئەوانی تر خاوەنی بن! بەڵام ئەدی چەند جوانە.. بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە منم، پێویستم بەم هەموو دووڕوویە کۆمەڵایەتییە و ئەم درۆیە قورسە نییە..!



ئەو بڕیارەی ساڵی 2016 نارەزایی لێکەوتەوە هەڵوەشێنرایەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری هەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی وانەکانی کوردی و عەرەبی هەڵوەشاندەوە

ناکرێت زمانی سەرەکی وڵاتێک کوردی وعەرەبی بێت و بۆ بەشێک لەزانکۆ و کۆلێژەکان هەژمار نەکرێت





خەبات - ڕۆشنا عەلی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی بە بڕیارێك هەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی وانەکانی کوردی وعەرەبی بۆ وەرگرتن لە زانکۆو پەیانگەکان هەڵوەشاندنەوەو بڕیارە بۆ ساڵی خوێندنی 2025 - 2026 کاری پێنەکات.

بەپێی بڕیارەکە تەواوی دەرچووانی ساڵی 2023 - 2024 وساڵی خوێندنی 2024 - 2025 ناگرێتەوەو بۆ ئەوان ئارەزوو مەندانەیە، بەڵام بۆ دەرچووانی ساڵانی دواترو 2025 - 2026 تەواوی حەوت وانەکە دەچێتە کێبڕکێی وەرگرتن بۆ زانکۆ.

وەزارەتی خوێندنی باڵا پێشتر ئەم بڕیارەی بۆ ئەو قوتابیانە دەرکردبوو کە دەیانویست لە کۆلێژە بەرزەکانی وەك بەشی پزیشکی و ئەندازیاری بخوێنن و ئەو قوتابیەش دەبوو لەسەرجەم وانەکان دەرچوبێت و تێکڕای نمرەی 85% کەمتر نەبێت. ئەم بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ هەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی ئەم دوو وانەیە دەگرێتەوە بۆ 19ی ئاداری 2016 کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی بڕیاریدا هەژمارکردنی نمرەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی بۆ پۆلی 12 ی ئامادەیی، بۆ ئەو دەرچوانەی مەبەستیانە بچنە کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و زانست، ئارەزوومەندانە بێت، بڕیارەکەش کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. بە تایبەتی لەلایەن پسپۆڕان و مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وابوو ئەم بڕیارە بێبەهاکردنی زمانی کوردییە، بەڵام وەزارەت لەبەرامبەردا رایگەیاند: ئەو بڕیارە بەهیچ شێوەیەك دژی زمانی کورد نییە، بڕیارەکە زمانی کوردی و خوێندنی کوردی قەدەخە نەکردووە، هەروەك بۆ سەرجەم دەرچووانی پۆلی دوانزە نییە، بەڵکو تەنها ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە دەچنە کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و زانست، لەوەشدا خوێندکاران سەرپشککراون.

وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کۆبونەوەی ژمارە (7)ی ساڵی (2022) ی ئەنجومەنی وەزارەتدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرکردووەو داوای لە وەزارەتی پەروەردەش کردووە کە قوتابیانی لێ ئاگاداربکەنەوە هەرئەو بڕیارە چەند بڕگەیەکی تر لە خۆدەگرێت لەوانە هەژمارکردنی نمرەی پۆلی 10 - 11 ی کردۆتە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە کەبە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامبدرێت هەروەها ئەو قوتابیانەشی چاککردنی تێکڕا ئەنجامدەدەن مافی پێشکەشکردنیان لە هیچ کۆلێژو بەشێك نابیت.

مامۆستایەکی زمانی کوردیش ئاماژە بەوە دەدات کە سەرەتای بڕیارەکە هەڵەیەکی گەورە بوو هەڵوەشاندنەوەشی ڕاستکردنەوەی هەڵەکەیە ئەو مامۆستایە ئاماژە بەوەدەدات کە ئەوان وەك مامۆستایانی زمانی کوردی چەندین جارسەردانی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵایانکردووە بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە هەڵوەشێنریتەوە،چونکە ناکرێت زمانی دایك بێبەها بکرێت.

مامۆستا دلاوەرشێخ محەمەد بۆ خەبات گوتی: بەم بڕیارە بەها بۆ زمانی کوردی دەگێڕێتەوەو لە ئێستاشەوە دەبێت ئامادەکاری بۆڕاهێنانەوەی قوتابیان بکرێت زۆر دەمێکە ئەو بڕیارە دراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سێ ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەوەی ماوە بە قوتابیان بدرێت بۆیە بڕیارەکە لە ساڵی 2022 دەوە دراوە و ساڵێکی تر دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە زۆر نەگونجاوە زمانی سەرەکی وڵاتێك کوردی وعەرەبی بێت و بۆ بەشێك لەزانکۆو کۆلێژەکان هەژمار نەکرێت.



سەدیق سەعید ڕواندزی

چەند پێشنیارێک بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن

ساڵانە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن، وەزارەتی پەروەردە دەست بە ئامادەسازیی بۆ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندنی داهاتوو دەکات، کە ئەمەش لە ڕووی کارگێڕیی و پلاندانانەوە زۆر گرنگ و ستراتیژییە. ئەم شێوازە لە زەمینەسازی خوێندن، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێەم هاتە ئاراوە، چونکە لە کابینەکانی ڕابردوو، هەتا سەرەتاکانی دەسپێکی خوێندن لە مانگی ئەیلوول، بەداخەوە ئەم ئامادەسازییە نەدەکرا، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی چەندین کێشە و گرفت دروست بن و وەزارەت نەپڕژێتە سەردابینکردنی پێداویستییە کارگێڕیی و زانستی و پڕۆگرامەکانی خوێندن، بەڵام چەند ساڵێکە، وەزارەت هەر لەگەڵ دواییەن تاقیکردنەوەکانی پۆلە ناکۆتاییەکان، دەکەوێتە ئامادەسازیی بۆ ئەوەی لە هەموو ڕووێکەوە پێداویستییەکانی خوێندن بۆ ساڵی داهاتوو دابین بکرێت. لەو سۆنگەیەوە وەك مامۆستایەك بە پێویستی دەزانم چەند پێشنیارێك بخەمە ڕوو ئەوانیش:

یەکەم: زۆر گرنگە یەکپۆشی لە نێوەندەکانی خوێندن لەلایەن قوتابییانەوە بە فەرمی بکرێت، چونکە یەکپۆشی وێرای ئەوەی لە ڕووی سمبولییەوە بەهایەك بە نێوەندەکە دەدات کە شوێنی پەروەردە و فێربوونە، هاوکات ڕێگریش لە مۆدێلکاریی وزەقکردنەوەی جیاوازی چینایەتی دەکات و یەکسانی لە نێوان قوتابیان دروست دەکات، کە هەست بکەن بەهای کەسیان لە ڕووی پۆشاکەوە لەوەی تریان بەرزتر نییە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بەداخەوە، شێوە دەکرێتە پێوەرێکی بنەڕەتی بۆ بینینی کەسەکان.

دووەم: ساڵنامەیەکی جێگیری خوێندن دابنرێت، کە بە هیچ شێوەیەك وبە هەر بۆنەیەکەوە بێت، گۆڕانکاری بە سەردانەیەت، چونکە بەداخەوە بەهۆی زۆری پشووەکانەوە کە لە ساڵنامەکە نەهاتوون، ناتوانرێت پڕۆگرامەکان تەواو بکرێن.

سێیەم: بەهۆی خانەنشینبوونی سەدان مامۆستا، بۆشاییەکی گەورە لە ڕووی پسپۆڕیی و وانە وتنەوە لە قوتابخانەکان دروست بووە، بۆیە وا باشە لە پێناو چارەکردنی ئەو گرفتە، مامۆستایانی ڕاهێنەر لە شوێنیان دابنرێن، بە تایبەتیش کە دامەزراندن نییە.

چوارەم: بە بڕوای من وەك مامۆستایەك، گەڕاندنەوەی سەرپەرشتیاریی پسپۆڕی بابەتەکان بۆ قوتابخانەکان زۆر پێویستە، چونکە لە ڕووی هەڵسەنگاندنەوە سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕی، زۆر باشتر و تواناداڕتر دەتوانێت مامۆستای بابەت هەڵبسەنگێنێت، بە پێچەوانەی مامۆستای ڕاهێنەر، یان سەرپەرشتیاری کارگێڕیی.

پێنجەم: وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانەوە، خولی هونەریی و وەرزشی و زانستی و زمان، بۆ قوتابییان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە بری ئەوەی لە سەر شەقامەکان یاری بکەن، سوود لەو خولانە ببینن، ئەمەش لە ڕێگەی پەروەردەی قەزاکانەوە، کە بەشی چالاکی هونەریی و وەرزشیان هەیە.

شەشەم: زۆر گرنگە، پلانی وانە وتنەوەی گشت بابەتەکان، بە نێوەند بکرێت و بگشتێندرێت بە سەر قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی مامۆستایان لە ڕێگەی ئەو پلانەوە بزانن هەر وەرزە و کام بابەت پێویستە بخوێنرێت و تەواو بکرێت، چونکە هەموو بابەتەکان نەکراونەتەوە دوو پڕۆگرامی وەرزانەی خوێندن.

بەها، ئەو کتێبەی بێ بەها کراوە!





بەکر کاکۆ

کاتێک بڕیاربۆزیادکردنی کتێبێک دەدرێت بۆقۆناغەکانی خوێندن،دەبێت پێش وەختە پلان وئامادەکاری باشی بۆبکرێت،بۆئەوەی لەکۆتایی سەرکەوتووبێت ،بۆیە لەم ساڵانەی دوایدا،کتێبێک بۆقۆناغەکانی خوێندن زیادکرا بەناوی(بەها کۆمەڵایەتییەکان)بۆپۆلەکانی یەکەمی بنەڕەتی تاوەکو پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی،ئەو بابەتە دیارە لەبەشێک لەوڵاتان گرنگی پێ دەدرێت وەدەخوێندرێت،بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن ،وانەیەک ساڵانێکە دەخوێندرێت بەناوی (ڕەوشت) پێم وابوو،ئەو بەڕێزوپسپۆڕانەی لای ئێمەش هەرچەندە هەوڵەکە زیاتر تاکە کەسی بوو لەوبواڕە،وەکو چاولێکەرێەک بۆدانانی کتێبێکی لەوشێوەیە ، چونکە بەرنامەو پلانێکی تۆکمەی بۆدانەنرابوو،ساڵی یەکەم،تاقیکردنەوەی لەسەر بوو،دوای ئەوساڵە تاقیکردنەوە لەم بابەتە لابراوتەنها بەشێوەیەکی زارەکی پرسیار لەقوتابی بکرێ ،تاقیکردنەوەی نمرەی لەسەر نەبێ.

لەحاڵی ئێستادا ئەوکتێبە ئەگەر لەناوەڕۆک وبابەتەکان سوودێکی چاکی هەبێ لەڕووی ڕێنمایی وئامۆژگاری،بەڵام دەبێت بدرێتە مامۆستایەک بەڕاستی پەروەردەکار بێ،من وای بەباش دەزانم گوتنەوەی ئەو بابەتە بدرێتە مامۆستایانی (ڕێنمایی کار) چونکە ئەوان زیاتر وباشتر لەناوەڕۆکی ئەو کتێبە نزیکن وەدەتوانن لەڕێگای ئەو بابەتەوە زیاتر لەناخی قوتابیانەوە نزیک ببنەوە،لەکێشەو گرفتەکانیان برانن،بەڵام هەڵساون ئەو بابەتەیان خستۆتە ملی مامۆستایانی کۆمەڵایەتی،کەوا دوورونزیک بابەتەکان وناوەڕۆکی ئەوکتێبە هیچ پەیوەندیەکی بەمێژووجوگرافیایەوە نییە،بۆیە لەکۆتایی ئەوبابەتە بۆتە بەڵایەک بەسەر مامۆستایان ولەبەشێک لەقوتابخانەکان دابەشکراوە بەسەر هەندێ مامۆستا وەکو پشوویەک ،بۆیە تکایە هیچی تر ئەو کتێبە بێ بەها مەکەن.





قوتابخانەیەک لە سلێمانی 100 ساڵە دروستکراوە

خەبات - ڕۆشنا عەلی

قوتابخانەی ئەیوبیەی بنەڕەتی تێکەڵاو لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی چواربـاخ دروستکراوە مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1925 کە 100 ساڵە نەوەی لە دوای نەوەی پێگەیاندووەو چەندین کەسایەتی بەناوبانگی کوردستان لەو قوتابخانەیەوە ئەلف و بێی کوردی فێربوون. قوتابخانەی ناوبراوسەدەیەکە دامەزراوە بەڵە چەند ڕۆژێك یادی دامەزراندنی کرایەوە و بۆ ئەم یادەش ڤیستیڤاڵێك لەلایەن قوتابیان و مامۆستایان و ستافی قوتابخانەوە ڕێکخرا بەچەندین چالاکی جۆراو جۆر لە چالاکی وانەکان و میوزیك و هەڵپەڕکێ و نیشاندانی مێژووی قوتابخانەکە و بڕینی کێکی 100 ساڵە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ ژمارەی پسوولە ٠٨٩٩٧٩٦ بەبڕی ٢٥٠،٠٠٠ بەروار ٢٠٢٤/٧/١٧ بەناوی هێمن اسماعیل مولود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسولەی شارەوانی (٦) بەناوی سامال سالم جلال بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزاردینار، ژمارەی پسوولە ٠٠٧١٣٤٥ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/٢٦ هەرکەسێک دۆزیتیەوە بگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسولەی شارەوانی (٦) بەناوی پەیمان جلال حسن بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزاردینار، ژمارەی پسوولە ٧٠٥٥٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٢٢ هەرکەسێک دۆزیتیەوە بگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێلی جۆری فالفو راس تریلە ١٦ تەن ئۆتۆماتیک بارهەلگر - سەرکە ترێلە بەناوی کۆمپانیای جلال حویز حسین، ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٧٤٣٤ کاتی هەولێر، مۆدیل ٢٠١٥، ڕەنگی سور، ژمارەی لاشەی YV2RTY0CXFB692874 هەرکەسێک دۆزیتیەوە بگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر بەشی کارگێری
ژمارە: ١٣٣١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/٢١

ب/ ئاگاداری

لێژنەی فرۆشتنی کەل و پەلی بە کارهاتووی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەل و پەلەکان بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٣) لە کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی بۆیە هەر کەس و لایەنێك ئارەزووی بەشداری کردنی ئەو زیادکردنەی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر بکات لە ڕۆژی دیاری کراو وە هەروەها بۆ زانینی لیستی کەل و پەلەکان دەتوانرێت سەردانی بەشی میرە بکات لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر.

تێبینی/ کڕیار دەبێت لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ کەل و پەلەکان بگوازێتەوە کاتێك زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.

عمید/ کامل محمد باقر حسن
بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر /١
ژمارەی دۆسیە / ٢٠٢٤/١٠٦٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگاداری

بۆ (عمر خضر عبدالله)

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی قەرزی دۆسیەی ژمارە ٢٠٢٤/١٠٦٥ بڕی قەرزی دۆسیە (١٦٧,٦٧٠,٠٠٠) ملیۆن.

ئاسۆ محمد حسین
جێ بەجێ کاری داد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی/ هەولێر /١
ژمارەی دۆسیە / ٢٠٢٥/٤٤٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگاداری

بۆ (سیزار احمد توفیق)

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە مەبەستی.

ئاسۆ محمد حسین
جێ بەجێ کاری داد

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
ب.گشتی شارەوانیەکانی سۆران
ژمارە: ٣١٢٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگاداری

پاڵپشت بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢١) لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدان هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (پارکی چۆمان) لە سنوری سەرۆکایەتی شارەوانی چۆمان لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١/کەرتی ٣٢ چۆمان) کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە ،

ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیاد کردنی ئاشکرا با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی چۆمان بکات ، زیادکردنەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/٢٤) کاتژمێر (١٠:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ، لە ڕۆژی دیاریکراو کەسی بەشداربوو دەبێت پێش بەشداریکردنی بارمتەیەك سپاردە بکات بەڕێژەی (٢٠ ٪) لە کۆی بەهای خەمڵێندراو کەمتر نەبێت ، وە کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریشی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارە و جۆری موڵك و شوێن/ پارکی چۆمان لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (١/کەرتی ٣٢ چۆمان) رووبەر/ ١٦٥٠ م٢ کرێی ساڵانەی خەمڵێندراو/ (١,٠٠٠,٠٠٠/یەک ملیۆن دینار) ماوەی بەکرێدان/ (٤/ چوار) ساڵ بەشێوەی زیاد کردنی ئاشکرا.

خسرۆ اسماعیل سعید
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی سۆران
٢٠٢٥/٥/٢٢

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری / بوودجە
ژمارە: ٦١٦٢
ڕێکەفت: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگەهداری

لپەی نڤێسارا ئیدارا سەربەخویا زاخو/ کاروبارێن کارگێری/ رێڤەبەریا یاسایی یا ژمارە (١٨٨٦ ل ٢٠٢٥/٥/٢٠) وبریارا ئەنجومەنێ باژێرڤانی یا مە ژمارە (١٠٦ ل ٢٠٢٥/٥/١٥) لدویڤ یاسا ژمارە (١ یا سالا ٢٠٢١) سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژ بو هەبوونا سەر ئێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کرێکرنا(پانزینخانەکێ) لسەر پارچە زەڤی یا ژمارە (٣٢٠٧/٢) کەرتێ ٨٨ بێدار بروبەرێ (٤١٥٦،٩٩ م٢) بو ماوێ (٥) سالا ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بەشداریێ دسەرئێك زێدەکرنا ئاشکرادا بکەت پێتڤی یە داخوازیەکێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکت ل گەل بارمتێن دەستپێکی (تأمینات أولیة) ب بڕێ (٢٠ ٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژناما فەرمی دا وسەرئێك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلافکرنێ ب روژەکێ و هەر کەسێ سەرئێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێین خزمەتگوزاری و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.

یونس محمد احمد
ه. سەروکێ باژێرڤانیا زاخو

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری / بوودجە
ژمارە: ٦١٦١
ڕێکەفت: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگەهداری

لپەی نڤێسارا ئیدارا سەربەخویا زاخو/ کاروبارێن کارگێری/ رێڤەبەریا یاسایی یا ژمارە (١٨٨٣ ل ٢٠٢٥/٥/٢٠) وبریارا ئەنجومەنێ باژێرڤانی یا مە ژمارە (١٠٥ ل ٢٠٢٥/٥/١٥) لدویڤ یاسا ژمارە (١ یا سالا ٢٠٢١) سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژ بو هەبوونا سەر ئێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کرێکرنا (پێشانگەهەکا ترومبێلا) لسەر پشکەك ژ پارچە زەڤی یا ژمارە (١٦٢١/٥) کەرتێ ١٤ عباسیە لدویڤ زنجیارا توماریێ دبیت ژمارە (١) بروبەرێ (٦١٤ م٢) بو ماوێ (١) سالا ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بەشداریێ دسەرئێك زێدەکرنا ئاشکرادا بکەت پێتڤی یە داخوازیەکێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکت ل گەل بارمتێن دەستپێکی (تأمینات أولیة) ب بڕێ (٢٠ ٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژناما فەرمی دا وسەرئێك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلافکرنێ ب روژەکێ و هەر کەسێ سەرئێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێین خزمەتگوزاری و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.

یونس محمد احمد
ه. سەروکێ باژێرڤانیا زاخو

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
پەیمانگای تەکنیکی کۆیە
هۆبەی ڕاگەیاندن و چالاکیەکان
ژمارە/١٩٢٢
ڕێکەوت ٢٠٢٥/٥/٢٠

ئاگاداری

پەیمانگای تەکنیکی کۆیە/ هۆبەی یاسایی/ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی پسپۆڕیان هەیە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (پاککردنەوە) ئاگادار دەکاتەوە کەوا هەڵدەستێت بەئەنجامدانی کەمگیری نهێنی کراوە بۆ پرۆژەی (تەندەری پاککردنەوە) بەمەبەستی پاککردنەوەی گشت باڵەخانەکانی ناو پەیمانگاو نوێژگەو گەراج و هەردوو بەشە ناوخۆیی کوران و کچان هەرسێ بەشە زانستیەکانی پەیمانگاکەمان لە تەق تەق بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٥ - ٢٠٢٦) بەپێی ڕێنمایی ژمارە(٢) ساڵی(٢٠١٦)ی وەزارەتی پلان دانان تایبەت بە گرێبەستە گشتیەکانی حکومەت جاهەرکۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی یەکەی دارایی پەیمانگا - هۆبەی سندوقی داهات بکات بەمەبەستی کڕینی تەندەر لەرۆژی (پێنج شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٥/٢٢) دەست پێدەکات تارۆژی (پێنج شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/١٩).

پ.د. هاوژین صلیوە عیسی/ ڕاگری پەیمانگا بە وەکالەت

١- نرخی هەر تەندەرێك (٠٠٠ ٥٠) پەنجا هەزار دینارە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.
٢- کرێی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٣- پەیمانگا پابەند نابێ بە کەمترین نرخ.
٤- مەرجەکانی تەندەرو مەرجی گەڕاندنەوەی تەندەر لەناو خودی تەندەرەکەدایە، پێویستە ئەو کۆمپانیایەی بەشداری دەکات پێوەیان پابەند بێت، بۆ هەر پرسیارێك یان ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ناوەڕۆکی تەندەر دەتوانن سەردانی هۆبەی یاسایی بکەن تا بەرواری (٢٠٢٥/٦/١٩).
٥- پەیمانگا بەرپرس نیە لەپێدانی وێنەیەکی تری تەندەر دوای دەرچوون بەو کۆمپانیایەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت، بۆیە پێویستە خۆی وێنەی کۆپی کراوی تەندەری لا هەبێت.
٦- هێنانی وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا) بەمەرجێك سەرمایەی کۆمپانیا لە (٨،٠٠٠،٠٠٠) هەشت ملیۆن کەمتر نەبێ .
٧- هێنانی بارمتەی دارایی سەرەتایی بەبڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٥) تەنها پێنج ملیۆن دینار.
٨- لەکاتی بوونی هەر کەم و کوڕی و نار وونی لەنوسراوەکاندا تەندەرەکە پشتگوێ دەخرێت وە پێویستە سەرجەم پەڕەکانی تەندەر مۆری کۆمپانیای پێوە بێت.
٩- پێویستە کۆمپانیا ئەو پێداویستیانەی خوارەوە هاوپێچ بکات.
أ- هێنانی وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لەکارتی نیشتیمانی یان ناسنامەی باری شارستانی بەڵێندەر.
ب- ناسنامەی ژووری بازرگانی.
ت- پشتگیری باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان واتە (ئەستۆ پاکی).
ث- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.
ج- وێنەی نوسراوی فەرمی بۆ کارە ئەنجامدراوەکانی بەڵێندەر(سیڤی).
١٠- دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر رۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/٢٢) کاتژمێر(١٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت وە لە هەمان ڕێکەوت و کات تەندەرەکە دەکرێتەوە، لەدوای ئەم ڕێکەوت و کاتەوە تەندەر لەهیچ کەسێك وەرناگیرێت.

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/١١٩/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ني كاسياو فانك
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١٢ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/٢٨/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شیرزاد ابو محمد فتاح
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/٤ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/١٢٥/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مصطفى معن كاشور
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١٢ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/٢٦/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هندرين يوسف عباس
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٥/١/٢٩ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/٩٨/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شڤان طلعت محمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٦ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/٩ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها سێ مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/٨٠/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فراس شكر محمود
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/١٧ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/١٣٧/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ اريان محمد كريم
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١١ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ٢٠٠،٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار هەروەها سێ مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر/ ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/١٠٩/ك.س/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ لقمان علي ابراهيم
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ٢٤٣ أ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزا ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەبریار پاشەملە لە دادگاکەمان دەرهەق بە ئێوە دەرچووە بەپێی ماددەی ٩٩ لە یاسای (خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی) لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١٢ بڕیاردرا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ سەدو پەنجا هەزار دینار هەروەها یەك مانگ دەستگیرکردن).

دادوەر
ئاڤان محسن رشید

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٦٣٠/ك٥/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جعفر ايمن مرزوق
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/٢٣ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی ٤٥٣ لە یاسای سزاکان بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/ ٨٨٥/ك٢/٢٠٢٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٣

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هانی شاكر محمود الشمری
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادە (٤٥٦) لە یاسای (سزای) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر
بهزاد جهاد فائق

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٦٤/ك٣/٢٠٢٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٥/٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ حکیم احمی عرب مسیح
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەمای دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١٦ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی بەشی ٤٥٦ لە یاسای سزاکان و تایبەت بە سکالای دادخواز (خالد حسن بدر مالك) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبی بەرامبەر یاسا و لە کاتی ئامادە نەبوونت لەبەردەم دادگا لە ڕۆژی دیاریکراو، دادگایی کردن بەشێوە پاشملە بەڕێوە دەچێت.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٩١٥/ك٣/٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عباس ابراهیم محمد نور
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ٢٩١٥/ك٣/٢٠٢٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٢٣ بەتاوانبارکردنت و زیندانی کردنت بە سووکی بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی ماددە ٤٥٣ لە یاسای سزادان و تایبەت بە سکالای دادخواز (فهمی مجید ابراهیم)، بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیێندرێت، مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣/ مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەدەگرێت.

دادوەر / ئومید محسن حمدامین


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
رئاسة بلدية أربيل
مجلس بلدية أربيل

ژمارە: ١٠ / ٥٠٥٥
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٥ی کوردی
العدد: ١٠ /
التاريخ: ٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگاداری

ئەندازیار
کارزان عبدالهادی طه
سەرۆکی شارەوانی هەولێر


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
رئاسة بلدية أربيل
اللجنة الاولى للبيع و الايجار

ژمارە: ١٠ / ٥٠٥٤
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٥ی کوردی
العدد: ١٠ /
٢٠٢٥/٥/٢٢

ئاگاداری

ئەندازیار
کارزان عبدالهادی طه
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
٢٠٢٥/٥/

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەڵمەت عزیز مصطفی زراری) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە / تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).

ناوی پاکتاوکار/ اومید احمد طاهر
پاکتاوکار / هەولێر- ژووری پارێزەرانی هەولێر
ژمارەی مۆبایلی پاکتاوکار/ ٠٧٥٠٤٥٥٣٢٣٤

هاوپەیمانێتییەکەی سوودانی کێبڕکێی هەڵبژاردنی داهاتوو تووندتر دەکات

هاوپەیمانێتییەکەی سوودانی نێومالّی چوارچێوەی هەماهەنگی تێکدەدات



خەبات ـ ئارۆ جاف

محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ڕاگەیاند، کە لە ژمارەیەك هێز و هاوپەیمانی و کەسایەتیی سیاسی پێکهاتوون، ڕاوێژکارێکی سوودانیش دەڵێت، سوودانی خاوەنی جەماوەرێکی فراوانە و لەکابینەی حکوومەتیشدا دەستکەوتی باشی هەبووە، مافی خۆیەتی هاوپەیمانێتیی بۆ هەڵبژاردن هەبێت، لەوانەش دوو هاوپەیمانی سەرەکیی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ئەمەش کێبڕکێکانی هەڵبژاردنی داهاتوو چڕتر دەکاتەوە.

هاوپەیمانییەکی نوێ بە ناوی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان پێکهێنرا، کە هەر یەك لە ڕەوتی فوراتەین بە سەرۆکایەتی محەمەد شیاع سوودانی، هاوپەیمانی عەقدی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی فالح فەیاز، ئیئتیلافی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی، هاوپەیمانی ئیبداعی کەربەلا بە سەرۆکایەتیی نوسەیف جاسم خیتابی، تەجەموعی بیلادی سۆمەر، تەجەموعی ئەجیال و هاوپەیمانی چارەسەری نیشتمانی لە خۆ گرتووە.

هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئامانجی لە پاراستنی یەکپارچەیی و سەروەریی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دابینکردنی ئامرازەکانە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و بەرژەوەندیی عێراق و عێراقییەکانیان لە پێش هەموو شتێکەوەیە. لەو بارەیەوە، ڕەوتی فوراتەین ڕایگەیاندووە، بژاردە سیاسییەکانی سوودانی لەم دواییانەدا سنووردار بوون، بەتایبەتی لەگەڵ هێرشە سیاسییەکان و پیلانگێڕییە ئاشکراکانی دەوروبەری لوتکەی بەغدا کە هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سوودانی لە لایەک و هاوپەیمانی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، پێشبینیش دەکرێت، زۆربەی لایەنە شیعەکان هێرش بکەنە سەر سوودانی. لەلایەکی دیکە عائید هیلالی، ڕاوێژکار لە حکوومەتی عێراق ئاماژەی بەوەداوە، سوودانی جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە، ئەو پێگەیەی بەدەستی هێناوە بەهۆی ئەو دەستکەوتانەی حکوومەتەکەی بووە. دەشڵێت، ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتیی هەڵبژاردنی مافی هەموو هاووڵاتییەکی عێراقییە بۆ ئەوەی لە دیمەنی سیاسی و هەڵبژاردندا ئامادەبێت. نازانین ئەم هاوپەیمانییە لە داهاتوودا لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە یان سنووردار دەبێت بەو فراکسیۆن و لایەنانەی لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. هیلالی دووپاتیکردۆتەوە، دەشڵێت: ڕەنگە ڕکابەرییەکانی داهاتووی هەڵبژاردنەکان چڕتر بێت، بەتایبەتی کە هاوپەیمانی سوودانی دەستی بەسەر دوو هاوبەشی هاوپەیمانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا گرتووە. لە ئەنجامدا ئەگەری هەیە داهاتووی چوارچێوەکە بکەوێتە بەر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەوە. ئەمەش بەو مانایەیە ڕەنگە چوارچێوەکە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەڵبوەشێتەوە، بەڵام دواتر و دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان پەیوەندی بە یەکترەوە بکەنەوە.

هاکاوکات، عەقیل ردێنی، سەرکردە لە هاوپەیمانی نەسر، ڕایگەیاندووە، بەشێکی لایەنەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی ترسیان هەیە سوودانی ڕکابەرییان لەگەڵ بکات و زۆرترین کورسی لە نێوان شیعەکاندا مسۆگەر بکات، بە تایبەت بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی لەوجۆرە. دەشڵێت، بوونی دیدگای جیاواز شتێکی ئاساییە، هەرچەندە کەسانێک هەن هەوڵدەدەن هەر حاڵەتێك بقۆزنەوە بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسی و هەڵبژاردنەوە لە سوودانی بدەن.

بەبڕوای چاودێری سیاسی عەبدوڵلا ڕوکابی، مەرج نییە ئەو هاوپەیمانییانەی ئێستا ڕادەگەیەنرێن، خۆڕاگر بن بەرامبەر بە ئاڵنگاریی و ململانێکانی داهاتوو، ڕەنگە هەندێک هاوپەیمانی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنەوە و هەندێکی دیکەش سەرهەڵبدەن، بەتایبەتی هاوپەیمانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێگە بە هیچ هاوپەیمانییەکی بەهێز نادات ڕکابەریی لەگەڵدا بکات، ڕوکابی ئاماژەی بەوەشکردووە، چوارچێوەی هەماهەنگی بەهێزترین فراکسیۆنی حوکمڕانی شیعەیە لە غیابی ڕەوتی سەدردا، بۆیە بوونی سوودانی لە دەرەوەی چوارچێوەکە، مەترسییە بۆ سەر خودی چوارچێوەکە.

ڕوکابی دووپاتی کردۆتەوە، هەموو هێزە شیعەکان تەنانەت سوننەکانیش ئامادە نین بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن تا دڵنیابن لە ئەگەری گەڕانەوەی موقتەدا سەدر یان نا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سەدر بگەڕێتەوە، هاوپەیمانییەکان دەگۆڕێن، هەرچەندە سەدر هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەنێک ناکات.



یەکێتیی ئەورووپا:
دەبێت پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر بنەمای (ڕێزگرتن) بێت نەک هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە

کۆمیسیاریی ئابووری یەکێتیی ئەورووپا دەڵێت، 27 وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا هاوڕاین کە دەبێت پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر بنەمای «ڕێزگرتن» بێت نەک «هەڕەشە» و «چاو سوورکردنەوە».

دوێنێ شەممە 24ی ئایاری 2025، ماروش شیفچۆڤیچ، کۆمیسیاریی ئابووری یەکێتیی ئەورووپا لە وەڵامی هەڕەشەی زیادکردنی پێناسی گومرگی 50٪ی ئەمەریکا لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە ڕایگەیاند؛ «ئێمە دەمانەوێت پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر بێت نەک هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە لە یەکتر».

کۆمیسیاریی ئابووری یەکێتیی ئەورووپا دوای پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ هاڤارد لاتنیک، وەزیری بازرگانیی ئەمەریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند «یەکێتیی ئەورووپا چالاکانە لە هەوڵدایە بگاتە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمەریکا کە بۆ هەردوو لامان سودی هەبێت». هەروەها لە بەرامبەر هەڕەشەی زیادکردنی پێناسی گومرگی لەلایەن دۆنالّد ترەمپ، ماروش شیفچۆڤیچ دەڵێت «ئالّوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەمەریکا و ئەورووپا بێ وێنەیە و دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن بێت نەک هەڕەشەکردن، بۆیە ئێمە ئامادەین بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین».

جێی باسە ڕۆژی هەینی 23ی ئایاری 2025، دۆنالّد ترەمپ بێهیوایی خۆی لە دانوستانە ئابوورییەکانی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا پێشان دا و ڕایگەیاند، «زیادکردنی پێناسی گومرگی ئەمەریکا لەسەر ئەورووپا لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەشی گوت، ئەو بەدوای ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپاوە نییە و خۆی مەرجەکانی دیاری کردووە بۆ ئەوەی ئەورووپا قبووڵیان بکات و گوتیشی؛ «ئەگەر کۆمپانیایەکی گەورەی ئەورووپا بێت و لە ئەمەریکادا وەبەرهێنان بکات، زیادکردنی پێناسە گومرگییەکە دوادەخەم».

ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ... ئاگاداریەکان ...

دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/ ۱۸۱۵/ك۳/۲۰۲٤
ڕێکەوت/ ۲۰۲۵/۵/۵
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ایوب نوري سليمان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ۱۸۱۵/ك۳/۲۰۲٤ لە ڕێکەوتی ۲۰۲۵/٤/۲۲ بەتاوانبارکردنت و زیندانی کردنت بە سووکی بۆ ماوەی ۱ یەك ساڵ بەپێی ماددە ۱/٤۵٦ لە یاسای سزادان و تایبەت بە سکالای دادخواز (گیلان عدنان نورالدین)، بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیێندرێت، مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ۳/ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەدەگرێت.
دادەر / ئومید محسن حمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/ ۲۲٤۲/ك۳/۲۰۲۲
ڕێکەوت/ ۲۰۲۵/۵/۷
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سميره خسرو توفيق
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ۲۲٤۲/ك۳/۲۰۲۲ لە ڕێکەوتی ۲۰۲۵/٤/۲۸ بەتاوانبارکردنت و زیندانی کردنت بە تۆندی بۆ ماوەی ۳ سێ ساڵ بەپێی ماددە ۱/٤۵٦ لە یاسای سزادان بە دەڵالەتی ڕێنمایی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ۱ ساڵی ۲۰۲۳، و تایبەت بە سکالای دادخواز (عائدة عزيز احمد) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیێندرێت، مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ۳/ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەدەگرێت.
دادەر / ئومید محسن حمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/ ۲۶۸۸/ك۳/۲۰۲٤
ڕێکەوت/ ۲۰۲۵/۵/۷
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاشم احمد جاسم
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ۲۶۸۸/ك۳/۲۰۲٤ لە ڕێکەوتی ۲۰۲۵/٤/۳۰ بەتاوانبارکردنت و زیندانی کردنت بە سووکی بۆ ماوەی ۱ یەك ساڵ بەپێی ماددە ۱/٤۵٦ لە یاسای سزادان و تایبەت بە سکالای دادخواز (گیلان عدنان نورالدین)، بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێتان ڕابگەیێندرێت، مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ۳/ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەدەگرێت.
دادەر / ئومید محسن حمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/ ۲۶۸۸/ك۳/۲۰۲٤
ڕێکەوت/ ۲۰۲۵/۵/۷
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاشم احمد جاسم
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ۲۶۸۸/ك۳/۲۰۲٤ لە ڕێکەوتی ۲۰۲۵/٤/۳۰ بەتاوانبارکردنت و زیندانی

ڕێکەوت: ۲۰۲۵/۵/۲۱
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (ايناس صلاح صباح) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
کەسی سێیەم لەپاڵ داواکار (محمد عدنان نصيف) داوای ژمارە (۲۹/ب/۲۰۲٤) ی لە سەرت تۆمارکردووە کە تێیدا داوای (کرێ ی خانوو) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (کۆمەڵگای لاوان) بۆیە دادگا بریاری دا پێت ڕابگەیەندرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی (۲۰۲۵/۷/۸) کاتژمێر (۹:۰۰) بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادەر/ هندرێن قادر حمد
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/۵
ژمارە: ۵۹۸/ب۲۰۱۹/۲
ڕێکەوت: ۲۰۲۵/۵/۲۲
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (ڕێبین) سەرەرای کارەکەی داواکار (وهبی طاهر صالح) داوای ژمارە (۵۹۸/ب۲۰۱۹/۲) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە پوچەڵ کردنەوەی کۆمپیالەی ڕێککراو بۆتان لە ۲۰۱۷/۱۰/۱ بە بڕی (۱۲۵,۰۰۰,۰۰۰) سەد و بیست و پێنج ملیۆن دیناری عێراقی) , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر / کۆمەڵگای پیرزین) لە ۲۰۲۵/٤/۲۰ و گەڕەکی ماردین لە ۲۰۲۵/۳/۱۱ و گەڕەکی سەربەستی لە ۲۰۲۵/۳/۹ , بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی (۲۰۲۵/۷/۳) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بە پێی یاسا .
دادەر / کەنار طاهر قادر
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ۲۵۱۰/ب۲۰۲۱/٦
ڕێکەوت: ۲۰۲۵/۵/۲۲
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراو (محمود احمد حمدامين)
داواکار(سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان) داوای ژمارە (۲۵۱۰/ب۲۰۲۱/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (محمود احمد حمدامين) و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە وە بە پێی مادەی (۲۱) لە یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ۲۰۲۵/۷/۲ کاتژمێر (۹:٤۵)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملەی ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/۱
ژمارە/ ۲۱/ب۲۰۲۵/۱
ڕێکەوت/ ۲۰۲۵/۵/۱۲
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (محمد جعفر احمد)
لەسەر داوای داواکار (قادر يابه مصطفى) لە داوای ژمارە ۲۱/ب۲۰۲۵/۱ ئەم دادگایە لەبەرواری (۲۰۲۵/٤/۲۲) بریاریدا بە پابەندکردنت بەدانی بڕی (۲۱۱٦۸۰۰) هەزار دیناری عێراقی کە دەکاتە بڕی (۱٤۰۰) هەزار و چوار سەد دۆلار بەدەی بە داواکار (قادر يابه مصطفى) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/ گەڕەکی بەختیاری بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە بڕیارەکە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارێکی پاشملەیە و (قابلا للاعتراض والاستئناف والتمييز) و مافی تانەدانت هەیە لە بریارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ كاوه صديق حسين
* * *
محكمة بداءة القوش
العدد:۲۹/ب/۲۰۲۳
التاريخ:۲۰۲۵/۵/۲۲
إعلان/
م/تبليغ
ألى / المدعى عليهم (۱- طالب كريم صادق ۲- فارس كريم صادق ۳- ماهر كريم صادق ٤- سناء كريم صادق ۵- هناء كريم صادق ٦- نوال كريم صادق) السكن مسافرين خارج القطر مجهولين محل اقامتهم حاليا. أصدرت المحكمة بداءة القوش في الدعوى المرقمة ۲۹/ب/۲۰۲۳ في تاريخ ۲۰۲۳/۷/۳۱ حكما غيابيا معلقا على النكول عن اليمين عند الاعتراض بحقكم قابلا للاعتراض والتمييز والمتضمن تمليك المدعي هاني كريم صادق حصصكم من العقار المرقم ۵/۱۳۲ مقاطعة ٦۳ القوش الشمالية بالبدل البالغ خمسون مليون دينار عراقي ولمجهولية محل إقامتكم حسب كتاب مركز شرطة القوش بالعدد (۲٦۸٦/٦) في (۲۰۲۵/۵/۲۰) واشعار مختار القوش الغربية المؤرخ في (۲۰۲۵/۵/۱۸) عليه قرر تبليغكم في صحيفتين محليتين يوميتين وفي حالة عدم مراجعتكم خلال الفترة المحددة قانونا للاعتراض او التمييز سوف يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق الاصول.
القاضي
حسام الدين احمد علي
* * *
دادگای بەرایی کەلار
ژمارە : ۲۲٦ / ب / ۲۰۲۵
زیاد کردنی ئاشکرا
بونیاد لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە بەژمارە (۲۲٦ / ب / ۲۰۲۵) کە بڕیاردراوە بەنەهێشتنی هاوبەشێتی لەسەر هەردوو تۆتۆمبیلی ژمارە (۹۹٦ / اربیل) لەجۆری (هیوندای باص ۱۱ راکب) ڕەنگی سپی مۆدیل (۲۰۱۰) و تۆتۆمبیلی ژمارە (٤۰۹۷۸ / سلیمانی) لەجۆری (مان قلاب تاك ویل جوت تایە ۲۷ طن) مۆدیل (۲۰۰۲) کەخاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆکۆچکردوو (محمد حبيب علی) بەفرۆشتنیان لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بۆیە بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بۆ ئەومەبەستە لەڕێگەی یەك ڕۆژنامەی ناوخۆی وە ڕۆژی (۳ / ٦ / ۲۰۲۵) کاتژمێر (۱۲) دیاری کراوە بۆئەنجامدانی زیادکردنەکە لەناوادگا.
جاهەرکەسێك ئارەزومەندە لەبەشداری کردنی زیادکردنەکە دەبێت بڕی (۱۰٪) دە لەسەدی نرخی خەملێنراوی تۆتۆمبیلی ئاماژە پێکراوی سەرەوە لەگەڵ خۆی بهێنێت وەکوو بارمتە کە ئۆتۆمبیلی ژمارە (۹۹٦ / اربیل) خەملێنراوە بە (۰۰۰ , ۰۰۰ , ۱۸) هەژدە ملیۆن دینار و تۆتۆمبیلی ژمارە (٤۰۹۷۸ / سلیمانی) لەجۆری (مان قلاب تاك ویل جوت تایە ۲۷ طن) مۆدیل (۲۰۰۲) خەملێنراوە بە (۰۰۰ , ۰۰۰ , ۲۲) بیست و دووملیۆن دینار , جگە لەوانەی کە هاوبەشن و هاوبەشیە کە بری (۱۰٪) دە لەسەدی بارمتەکە تیپەر دەکات چونکە ناوبراوان بەخشراون لە پیشکەش کردنی .
دادەر / هیمن علی عباس
* * *
ئاگاهداری
گهورینا ناڤێ کومپانیایێ ژ ناڤێ (جعفر طاهر عبدالله) یا بازرگانی گشتی و گواستنەوەی کەل و پەل / تاك بۆ کومپانیایێ (نور الدنیا) یا بازرگانی گشتی و گواستنەوەی کەل و پەل / تاك).
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ۳۹/ت/۲۰۲۵
ڕێکەوت: ۲۰۲۵/۵/۲۲
جاڕدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبیلی ژمارە (۱۲۲۳۲/هەولێر – کرێ) جۆری (مازدا صالون) مۆدێل (۱۹۹۰) ڕەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (دیاب احمد مجید) لەڕۆژی (۲۰۲۵/٦/۱۵) کاتژمێر (۱۲)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (۱۰ ٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (۲,۲۰۰,۰۰۰) ملیۆن دینار.
دادەری یەکەم/ مازن مظفر محمد
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی تۆمارکردنی ئامێرەکان
ئاگاداری
ڕێکەوت: ۲۰۲۵/۵/۲۱
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (مهند فؤاد محمد) لە بەرواری ۲۰۲۵/۵/۷ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسای دادنووسی ژمارە (۳۳)ی ساڵی ۱۹۹۸ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس
سیروان عثمان عیسی
ئامێرەکان:
۱- ئامێری داپۆشین (تغليف) معکەرۆنی و سپاکێتی لێدانی بەروار. بێ ژمارە. دروستکراوی سینی. مۆدیل ۲۰۲۵. جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی K.W ۲ تێبینی و هاوپێچ بە ماتۆڕی کارەبایی کاردەکات هاوپێچ قایشی گواستنەوەی مەواد نرخی خەملێنراو ٤,۵۰۰,۰۰۰
۲- ئامێری لەکیس کردنی شەعریە لێدانی بەروار. ژمارە ۲۰۲٤۳۳٦۳. دروستکراوی سینی. مۆدیل ۲۰۲٤. جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی K.W ٤,۵ تێبینی و هاوپێچ بە ماتۆڕی کارەبایی کاردەکات هاوپێچ مەسعەدو قایشی گواستنەوەی نرخی خەملێنراو ۲۱,۰۰۰,۰۰۰



حەسەن نوری

پارتی هەردەم د خەبات و ریفۆرمەکا بەردەوامدایە

چونکی پارتی هەلگرا وان ئارمانجایە یاکو پرانیا رەهایا خەلکێ کوردستانێ بئارمانجێن خویێ سەرەکی و ستراتیجی دزانن ئەوژی مافێن نەتەوەیی یە و دهەر باردوخەکێ دا پارتی ئاماده بویە بو بچویکترین مافێ مللەتێ کورد مەزنترین قوربانی بدەت و وەکو قەلغانێ روحیێ کورد و کوردسانێ و لدەم و جهێ پێتقی بو قورسترین ئەرک ئامادەیە، ئەڤێ چەندێ یا وەکری هەمی دەما پارتی بیتە ئارمانجا دوژمنا و هەر وەسا ژی پەناگاهێ دلسوز و کورد پەروەرا ... و پارتی سەرەرایی گەلەک ئالنگاری و کوسپ و تەگرێن خورسک و دەستکردیێن دوژمنێن ناڤخو و دەرەکی ، چ لایەن نەشیاینە پارتی براوەستینن و ئەو ژی دزڤریت بو دویر نەکەتنا پارتی ژ بنکەیێ فراوانێ جەماوەری، لسەر ئاستێ ناڤخو. هەروەسا دیپلوماسیەتا وێ یا بهێز و لوژیکانە لسەر ئاستێ دەرڤە.. ژبو پویچکرن و نەهێلانا کوسپ و تەگەران تەسلیم نەبوویە و ئەو نەفسا دریژا پارتی بۆ روی بوونا قەیرانا، هەرچەند رێرەو و قویناغ بئەستەم و دویر بیت .. و مل بملێ ئەڤی پرنسیپێ نەگوریێ مەگوتی پارتی بەردەوام رێزێن خو نویژەن کرینە و دووبارە رێکخستن و یەکخستنا رێزێن خو توند و تۆل کرینە و باشترین خزمەت و فیداکاری پێشکێش وەلاتی کرینە لگور وی تێگەهی کو پارتی و هەمی ئەندام ولاینگر و جەماوەر و کادر و سەرکردایەتیا وێ، دەروازە و ئامرازێن گەشەکرن و گولڤەدانا کوردستانێ نە و ئەگەر نها ئەم ئاڤرەکا بلەز لجموجول و چالاییێن رێکخراویی و روشنبیری و دیپلوماسی و سیاسییێن و ستراکچەرێ رێکخستنێ و پەیکەرێ پارتی بگشتیی بدەین هەر ژ جەنابێ رابەر و لێڤەگەرێ کوردستانێ کاک مسعود بارزانی و هەمی سەرکردایەتی و لق و مەکتەبێن پارێزگەهان و لیژنە ناوچە و رێکخراو وبنکە و هەمی ئورگانێن وێ دبزاڤ و جولەیەکا کێم وێنە دانە کو لهەموو مێژووا کوردا بزاڤەکا هندا خورت و مەزن وبئەنجام نە گەهشتیە، ئەڤرو کەس هندی پارتی نەشێت دناڤ تویژ و کەرتێن چڤاکێ کوردستانێ وەکو قوتابیان و لاوان ئافرەتان و پالە و جوتیاران دابیت ... و هەمی کارو ئەرکێن وان یێن پیشەی و چڤاکی رولێ بەرز و بالا پێشکێش دکەت ، ژلایێ پەیوەندیانڤە شەنگستەیێن موکمێن دیپلوماسیا کوردی دادرێژیت و لکارێکتەرێن هەرێمی و لهەمی کیشوەرا لئەمریکا دگەل مەزنترین زلهێزێن بریار بدەست دۆزا کورد و پرسێن ئابورا کوردستانێ و بەرهنگاری و روی بروی بوونا تەروریً لروژهەلاتا ناڤین جهگیر دکەت و هەمی ئورگانێن پارتی وەکو شانەیا هنگڤینی هەر ئێک و ئەرکێ خو دراپەرینیت بێی ئاوریً ل ژەهرا ناحەزو دوژمن و خوفروشا بدەن و هەمی خەما وان ئەرکێن وەلاتینە و ئەڤە بەلگێ زێندییێ رێبازا پیروزا بارزانی یە، کو ژبو خزمەتا مللەت و وەلاتی هاتیە سەر گورەپانا بویەرێن کوردستانێ و ناوچێ ، کوردستان ئەڤرو ژهەمی وەختەکێ دی پتر یا کەتیە سەر ئاراستەیا خویا راست و دورست و کوردستان یا د چاخێ زێرینێ خودا دژیت ، کو ئەڤرو رابەر و سەرکێشێ رێبازا پیروز کاک مسعود بارزانی یە و پێتقی یە هەر تاکەکێ کوردستانێ ئەڤرو ئەو رولێ کو دکەڤیتە سەر ملێت وی بزانیت و ئەم پتر لدورا جەنابێ سەروک مسعود بارزانی کومڤە ببین.

هەرێمی کوردستان؛
دۆست و بەرژەوەند هاوبەشە لەگەڵ هەمووان



بڵند نەوڕەس

دوو فاکتەری سەرەکی هەیە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دروست و واقیعبینانە، یەکەمیان چوون بەرەو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان و تێکەڵکردنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی زلهێزەکان. دووەم، پاراستنی هاوسەنگیی لە چوارچێوەی مامەڵەی هاوبەشدا لەگەڵ سەرجەم وڵاتان و لایەنەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان.

هەرێمی کوردستان بەم دوو ئاراستەیەدا زۆر ژیرانە مامەڵە دەکات، مامەڵەکردنێک کە بە دیوێکدا کار لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان و فراوانکردنی بەرژەوەندییەکان دەکات، بە دیوەکەی تریشدا زەمینەیەکی هاوبەش و هاوتەریبی دۆزیوەتەوە لەگەڵ هەموواندا بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە هەرێمی کوردستان بەدووربێت لە دژایەتیی لایەنە بە یەک نەیارەکانی تر. لە سیاسەتدا میانەیەک هەیە بۆ تێگەیشتن، لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆت و نەبەزاندنی بەرژەوەندییەکانی بەرانبەر و پێدانی دڵنیایی بە هەموان کە هەرگیز هەرێمی کوردستان نابێت بە هەڕەشە بۆ سەر هیچ لایەک و بەرژەوەندییەکانمان مەترسی نین بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تر.

دروستکردنی ئەم تێگەیشتنە لای بەرانبەر، پێویستی بە زەمینەی لەبار و پاشخانی دەوڵەمەند و هەڵوێستی نەگۆڕ هەیە، بۆ ئەوەی متمانە دروست بکەیت پێویستە سەلماندبێتت کە پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتییانە و بەرژەوەندیی هابەش دەکەیت، لەم بابەتەشدا هەرێمی کوردستان لە دۆخی تێگەیشتنەوە خۆی گواستووەتەوە بۆ دۆخی پێگەیشتن و لەسەر نەخشەی سیاسیی ناوچەیی و جیهانی متمانەپێکراوە و لە ناوەندە سیاسی و نێودەوڵەتییەکاندا بە قەوارەیەکی ئاشتیخواز و چارەسەرویست ناسراوە.

لەم جیهانە ئاڵۆزەدا کە ململانێی بەرژەوەندییەکان و کێشمەکێشمی زلهێزەکان لە ترۆپکدایە، ئاسان نییە بتوانیت هاوسەنگی ڕابگریت و لایەنگیر نەبیت، بەڵام هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەرکە سیاسییەکان و پەیڕەوکردنی دیپلۆماسییەتی هاوسەنگەوە توانیویەتی دۆستی ئەمریکا و ڕۆژاوا بێت؛ بەڵام دژی ئێران و وڵاتانی خاوەن هەژموونی ناوچەکە نەبێت. لەوەش زیاتر توانیویەتی گوشارە ناوچەییەکانی سەر هەرێمی کوردستان کەمتر بکاتەوە و دەستکراوەش بێت لە بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچەکەدا، کە دواترین دیمەنی سەلمێنەری ئەو سیاسەتە ڕاستە، چوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بۆ ئێران و دڵنیاکردنەوەیان لەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرگیز نابێت بە هەڕەشە بۆ ئێران و وڵاتانی دراوسێ، هەروەها سەردان و ئامادەیی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە ئەمریکا، کە بۆ دریژەدان بە دوو گرێبەستی ستراتیژیی گەورە بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتەوە دەرکەوت، کە ئەمە نیشاندانی هێزی هاوسەنگی هەرێمی کوردستان دەردەخات و بەرژەوەندییەکانمان دەپارێزێت و متمانەش دەبەخشێت بە هەموو لایەنەکان کە لەسەر ئاراستەیەکی ڕاست و بۆ ئامانجێکی هاوبەش کاردەکەین کە بنەماکەی بریتییە لە، (هاوسەنگی لەگەڵ هەموان و دۆستایەتیی بەردەوام و بەرژەوەندیی هاوبەش).

ئەو دیپلۆماسییەتە لە سیاسەتدا ڕەنگدانەوەی بووە لەسەر سەرجەم بوارەکانی تری ژیانی سیاسی لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە: سەرپێکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و دروستبوونی تێگەیشتنی هابەشی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێستای سووریا و کردنەوەی زەمینەی گفتوگۆ لەنێوان ئێران و پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، ڕێگەخۆشکەر و زەمینە دروستکەرەکەی هەرێمی کوردستانە بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی.

هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی کاریگەرە لە نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەدا و جوامێرانی دەوڵەتداریش کارەکتەری سیاسیی کاریگەرن لەسەر ئاستی جیهان و گوێلێگیراون لە ناوەندە سیاسییە بڕیاربەدەستەکانی جیهاندا.

ئەم سیاسەتە دروستە ڕەنگیداوەتەوە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە و تەنانەت عێراقیشدا، کە ئارامگرتنی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر هەموو گوشارەکاندا لە ڕەچاوکردنی سەقامگیریی کوردستان و کەمکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ عێراقدا سەرچاوەی گرتووە.

کێشەی هەرێمی کوردستان کێشەی جێبەجێنەکردنی دەستوور و پابەندنەبوونی عێراقە بە واژۆی خۆیان و ڕێککەوتنە سیاسییەکان و تەنانەت گوێنەدانیشە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی تایبەت ئەوانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، لە سەرووپانەوە بابەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە هەر مانگەی بە پاساوێکی سیاسی یان تەکنیکی دوای دەخەن بۆ ناڕەحەتکردنی مووچەخۆران و گوشارخستنەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

چونکە ڕوونە مامەڵەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا مامەڵەیەکی فیدراڵی نییە و قۆناغەکانی تێگەیشتنیان بۆ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان قۆرس دەڕواتە پێشەوە. ئەم ئەزموونە تاڵەش لەگەڵ بەغدادا لە ساڵی ٢٠٠٣وە بەردەوامە و هەر سەرۆکوەزیرانێک بە بەڵێنی گەورە و تێگەیشتنی نوێوە هاتووەتە مەیدان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستاندا، بەڵام هەمیشە و دوای خۆقایمکردنیان پشت لە هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتن و بەڵێنەکانییان دەکەن و کورد وتەنی: خۆشەبووین لەگەڵیاندا و هەموویان خاوەنی یەک تێڕوانین و بیرکردنەوەن بەرانبەرمان؛ بەڵام بە فۆرمی جیاواز، هەمیشە هەرێمی کوردستانیش دەرفەتی زیاتری پێداون و پشوودرێژبووە لەگەڵیاندا.

ئێستا هەرێمی کوردستان لەسەر سیاسەتێکی ڕاست هەنگاو دەنێت، خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی هەیە بۆ دۆخی ئاڵۆزی جیهان و باش لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان تێگەیشتووە و پانتاییەکی ئارامیشی لەناو ئەو جەنجاڵییەدا بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و کاردەکات بۆ داهاتوویەکی باشتر و سەقامگیرتر بۆ خەڵکی کوردستان.

گرنگ ئەوەیە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا و تایبەت پارت و لایەنە سیاسییەکانی تریش پاڵپشتی و پشتگیری لەو سیاسەتە دروستە بکەن و ببن بە بەشێک لە چارەسەر، خۆ گەر ئەمەیان پێناکرێت؟! ڕاستتر وایە نەبن بە بەشێک لە گرفت و نەبنە لەمپەڕ؛ با ئەم کاروانە بگاتە جێ، کە بێگومان سودی گەورەی بۆ هەموان تێدایە و هەرێمی کوردستان دەباتە قۆناغێکی تری سەرکەوتن.



جیریە غازی کریت

بەهرەیا خۆ بزانە

هەر تاکەک خودان بەهرە و شیانەکا ڤەشارتی و تایبەتە، لێ گەلەک هەنە ب درەنگی بەهرەیا خۆ دزانن، ئەوا کو هەر ژدایکبوونا ویدا دگەلدا هەی. ئەگەرێ گیرۆبوونا زانینێ ژی ڤەدگەریت بۆ قوناغێن ژیانێ و گرێدانا وی ب خواندنگەهێڤە، دبیت پشتی خواندنا خۆ ب داوبینن، ئەوێ بەهرەیا خۆ ب ڕێکا باوەرنامەیا خۆ نیشان بکەت و ل سەر کاربکەت، لێ ئەگەر ئەوی کارەک ب ڕێکا باوەرنامەیێ هەبیت و بەهرەیەکا جوداتر ژ کارێ خۆ هەبیت، فەرە بزانیت کا ئەو چ بەهرەیە وی هەی، ل ڤێرێ پێدڤییە هندی زوویتربیت تو پێکڤلێ بکەی بزانی کا تو د چ بواریدا یێ خودان شیانی و تە بەهرەیا چ تشتی هەیە، داکو تو ب ڕێکا ئەوێ بەهرەیا تە هەی بشێی کارەکی دیتر بۆ خۆ دابین بکەی. بۆ نموونە ئەگەر تو مامۆستایەک بی و تە بەهرەیا (هوزان گۆتنێ، جۆتیاریێ، لێنانا خوارنێ، نڤیسەریێ، کارێ دەستی، جوانکاری...هتد)هەبیت تو دشێی دگەل کارێ خۆ یێ مامۆستاییێ ئەوی کاری ژی بخۆ بکەی ئەوێ تە بەهرە تێدا هەی، داکوبشێی داهاتەکێ باش بۆ ژیانا خۆ دابین بکەی. سەبارەت کەسانێن نەخوێندەوارژی، ئەگەر کەسەک نەخوێندەواربیت، ئەڤە ڕامانا هندێ نادەت کو ئەوی کەسی چ شیان نینن، بەروڤاژی گەلەک جاران بەهرەیا کەسانێن نەخوێندەوار پتر ژ یا کەسانێن خوێندەوار، کەسێ خوێندەوار دبیت ل دەمێ دومahی هاتنا خویندنێ ئەگەر چ کار ب دەست نەکەڤت دێ ل مالا خۆ ڕووینت و هزر د بەهرەیا خۆدا ناکەت، لێ کەسێ نە خوێندەوار هەیە زوو ب بەهرەیا خۆ حسیایە، ژبەر هندێ شیایە ب ڕێکا بەهرەیا خۆ کارەکێ باش و پێشکەڤتی بکەت. بۆ نمونە بوویە جۆتیارەکێ سەرکەڤتی، یان ئاسنگەرەکێ سەرکەڤتی و ...هتد.

سەرەدەریا دەسهەلاتدارێن بەغدا دگەل گەلێ کوردستانێ ڕەنگڤەدانا کەسایەتییا تاکێ عێراقی یە



یاسر سامی عەبدڵڵا

ئەگەر ئاڤرەکێ ل دەستپێکا دامەزراندنا دەولەتا عێراقێ ل ساڵا ١٩٢١ێ تاکو نوکە بدەین، دێ زۆر ب زەلالی نەسەقامگیریا سیاسی، ئەمنی، ئابوری و جڤاکی بۆ مە دیار بیت، هەر چەندە دماوێ ئەڤان سەد و چار سالان دا چەندین سیستەمێن سیاسی و کارگێری و ئایدیولۆژاییێن ژێکجودا و جیاواز هاتینە تاقیکرن، هەر ژ مەلکی، کۆماری و پەرلەمانی، ژ مەرکەزی، نەمەرکەزی، ژ دکتاتوری و دیموکراسی ژ کومنیست و ئیسلامی و ژ چەپ و راستان، بگرە کێم سیستەمێن سیاسی و کارگێری دجیهانێ دا ماینە کو دعێراقێ دا نەهاتینە تاقیکرن، و دگەل ئەڤان هەمی سیستەمان دا، دەهان ڕێکەفتن و پەیمان یێن هاتین مور و ئیمزا کرن، بەلێ سەرئەنجامێ هەمی سیستەم و ڕێکەفتن و پەیمانان ب شێوەیەکێ گشتی وەکو ئێکبویە و چ ژئەڤان سیستەمان نەشیاینە شەفاعەتێ بۆ هەمی پێکهاتیێن دناڤ عێراقێ دا بکەن بەلکو تنێ دبەرژەوەندی و قازانجا تەخ و پێکهاتەکا دیارکری دا بوینە، کورد وەکو پێکهاتەکێ سەرەکی دعێراقێ دا د دریژاهیا سەد سالێن بوری دا خۆ دهیچ سیستەمەکی دا نەدیتیەڤە هەر چەندە کو دعێراقا پشتی ٢٠٠٣ێ بەشداری دنڤیسینا دەستوری دا کریە و پلە و پوست ژی وەرگرتینە، بەلێ دیسان ئەڤە نەبوونە ئەگەر کو مافێن ڕەواییێن کوردان دچارچووڤێ عێراقێ بهێنە چەسپاندن و تا نها ژی چەندین مادێن سەرەکی یێن دەستوریێن گرێدای مافێن کورد و کوردستانیان هاتینە پشتگوهاڤێتن و بەرەدەوام ب بهانە و بێ بهانە ماف و شایستەییێن سیاسی و ئابوریێن کوردستانیان دهێنە پێشێل کرن.

پشتی ئەڤێ ئەزموونا سەد و چار سالی و تاقیکرنا ئەڤان سیستەمان هەمیان، دیار بوو ب گوهرینا سەروچاڤ و سیستەمان کێشە و گرفتێن عێراقێ چارەسەر نابن و عێراقی سەقامگیر ناکەن، هەلبەت ئەڤ نەسەقامگیرە ژی یا بێ ئەگەر نینە و یا لوژیکی ژی نابیت ئەگەرێ ئەڤێ نەسەقامگیریێ هەمیێ بتنێ ب ئێک ئەگەریڤە گرێبەدەین بەلکو بابەت فرە ئەگەرە، لێ ئەگەرێ ژ هەمی ئەگەران زاڵتر و بهێزتر کو کاریگەریێ لسەر شێوازێ بریڤەبرنا هەر جڤاکەکی دکەت کەسایەتیا تاکێن وی جڤاکی یە، هەر وەکو خودێ مەزن دقورئانا پیرۆز دا بێژیت: (إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَآ بِأَنْفُسِهِمْ) واتا "خوَدێ چ مللەتان ناگوهرێت هَەتَا ئەو بخۆ خۆ نەگوهرن"، و دهەموو سیستەمێن سیاسی و کارگێری ژی دا جەماوەر راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ـ کێم یان زۆر کاریگەریێ لسەر بریار و ڕەفتارا سیاسەتێ دکەت"، لەورا ب پشت راستی ڤە دشێن بێژین ئەگەرێ سەرەکییێ ئەڤێ نەسەقامگیریێ کەسایەتیا تاکێ عەرەبێ عێراقی یە کو لدویڤ ئامارێن فەرمی رێژا ٧٥ ـ ٨٠٪ ژ ئاکنجیێن عێراقێ پێکدهێت و هەردەم دەسهەلاتا ئێکێ و مەزن ددەستێ ئەڤێ پێکهاتێ دا بویە. لدور کەسایەتیا تاکێ عەرەبێ عێراقی ژی، د. عەلی وەردی (١٩١٣ ـ ١٩٩٥) چڤاکناسێ ناڤداریً عێراقی کو گەلەک گرنگی ب کەسایەتیا تاکێ عێراقیێ عەرەب دایە و چەندین ڤەکولینێن زانستی لسەر ئەنجام دانە و دچەند بەرهەمێن پەرتووکی دا بەلاڤ کرینە وەکو پەرتووکێن "شخصیه فرد العراقی" و "دراسه فی طبیعة المجتمع العراقي"و... هتد، وەردی دڤەکولینێن خۆ دایە دیار کرن کو کەسایەتیا تاکێ عێراقیێ عەرەب دناڤبەرا دوو جەمسەرێن دژی ئێك دا دژیت ـ نەریتێن کەفن و مودرێنیتە و بەردەوام ناکوکی و هەڤدژی دهەلسوکەوتا وی دا هەیە و د رەوشا بهێزی و دەسهەلاتێ دا خۆ دسەپینیت و هەولدەت کونترولا دەوروبەرێن خۆ بکەت و ئەڤێ کەسایەتیێ باوەری ب دانوستاندن و راوێژێ نینە و ب شێوەیەکێ ئۆتوکراتی سەردەریً دگەل دەوروبەرێن خۆ دکەت، هەر هەمان کەس لگور تیورا وەردی د رەوشا لاواز و بێ دەسهەلاتییێ دا ب تەمامی بەروڤاژی دبیت و خۆ ب قوربانی دزانیت و لدویڤ رووییێ سەرڤە یێ رازی یە و سەرێ خۆ دهەژینیت و دناخێ خۆ ژی دا کەرب و کینێ رادکەت و پەنایێ بوو فێلبازیان دبەت و ڕێکێن نەراستەوخۆ بکاردئینیت بۆ گەهشتن ب ئارمانجێن خۆ، دیسان ئەگەر سەحکەینەڤە شێوازێ بریڤەبرنا عێراقێ دسەد سالێن بوری دا ڕەنگڤەدانەکا دروست و تەمام یا کەسایەتیا تاکێ عێراقیێ عەرەب بوییە، هەر گاڤا دەسهەلاتدارێن عێراقێ بهێز بوینە هەولا خۆسەپاندنێ دایە و سوز و پەیمانێن خۆ پێن شکاندین، لسەر ئەڤێ چەندێ ژی ددیرووکا عێراقێ دا دەهان نمونێن بەرچاڤ و مەزن وەکو بەڵگەییێن حاشاهەڵنەگر ددیارن، سەردەریا وان دگەل بزاڤا رزگاریخوازیا گەلێ کوردستانێ وەکو نمونە؛ ل دەستپێکا دامەزراندنا دەولەتا عێراقێ ل ساڵا ١٩٢١ێ و ١٤ێ تیرمەها ١٩٥٨ و ڕێکەفتنا ١١ێ ئادارا ١٩٧٠ێ و دانوستاندنێن ١٩٩١ێ و دعێراقا نوی دا ل ساڵا ٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٥ێ، ئەڤان هەمی بویەرێن دیرووکی دا دەسهەلاتدارێن عێراقێ لاواز بوینە و دانپێدان ب هندەك ژ مافێن رەوایێن کوردا و کوردستانیان کریە لێ پشتی کو بهێز بوین هەمی ئەو ماف یێن پێشێل کرین و یا ژدەستێن وان هاتی دژی گەلێ کوردستانێ ئەنجام دایە، و هەمی هەلبژاردنێن عێراقێ ژی - چ یێن ئەنجوومەنێ نوینەران یان یێن جڤاتێن پارێزگەهان - سەلماند کو ئەڤ دژاتیا دەستهەلاتدارێن بەغدا دگەل گەلێ کوردستانێ خواستا جەماوەری یە، ژبەرکو هەر لایەنەکێ دبانگەشا خۆ یا هەلبژاردنان دا پتر دژاتیا ماف و شایستەییێن کوردستانیان بکەت، پرانیا دەنگێن جەماوەری بدەست خۆڤە ئینانە، ئەڤە راستیەکا مێژوویی و کەتواریە، و هەتا کو ئەڤ فەرهەنگ و تێگەهشتنە یا زال بیت، دێ ئەڤ نەسەقامگیریە ژی یا بەردەوام بیت.



www.xebat.net
یەك شەممە 25ی ئایار 2025 ژمارە(6981) | خەبات



کێ حوکمی لوبنان دەکات؟

هەموو شتێك دەربارەی نەخشەی هەژموونی تایەفەگەری و قۆناغە سیاسییە گرنگەکانی لوبنان

ئا: هەندرێن شێرزاد **بەشی یەکەم**

لوبنان یان کۆماری لوبنان، دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا. لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە سووریا و لە باشووریش ئیسرائیل هەن . لە بەری ڕۆژئاواوە دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست . ژمارەی دانیشتوانی3.506.000 کەسە. بەیروت پایتەختەکەیەتی و نزیکەی چارەگێکی کۆی دانیشتوانەکەی لەوێ دەژین . موسوڵمان و کرستیان نزیکەی 93% ی دانیشتوان پێکدێنن . لە بنەڕەتدا لوبنان بە شوێنی بەیەکگەیشتنی ناکۆکییە ئاینی و ڕۆشنبیری و سیاسیەکان ناسراوە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم وڵاتە زیات ربە ڕووی جیهانی دەرەکیدا کراوە بێ.

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئالۆز

- کۆمەڵگەی لوبنانی 18 تایەفەی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی و بەسەر کرستیان و موسوڵمان دابەش بووە .
- هەموو ئەو تایەفانە بەیەکەوە و بەگوێرەی کۆمەڵێك یاسا و سیستم و دەسەڵاتەوە پێکەوە لەنێو واقیعێکی ئاڵۆزدا دەژین.
- لە ڕابردوودا ئەم کۆمەڵگەیە شەڕێکی ناوخۆیی توندی بەخۆیەوە بینی و دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی .
- بە گوێرەی ئامارە نافەرمییەکان، تایەفە ئیسلامییەکان کە بریتین لە سوننە و شیعە، نزیکەی 57 تا 63% کۆی دانیشتوان پێکدێنن.
- تایەفەی دورزیش نزیکەی 4 تا 6% ی کۆمەڵگایە.
- تایەفە کرستیانەکانیش کە بریتین لە : مارۆنییەکان و ڕۆمی ئەرسۆزۆکس و ڕۆمی کاسۆلیك و ئەرمەنی ئەرسۆزۆکس و ئەرمەنی کاسۆلیك و سریانی ئەرسۆزۆکس و سریانی کاسۆلیك و کلدان و لاتین و ئینجیلییەکان و قیبتییە ئەرسۆزۆکسەکان و قیبتیە کاسۆلیکەکان و ئاشووریەکان، نزیکەی 33 تا 36% ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدێنن.

سیستمی سیاسی

لە بنەڕەتدا سیستمی سیاسی لوبنان سیستمێکی کۆماری دیموکراتی پەرلەمانییە و تیایدا جێگرانی سەرۆك کۆمار بەگوێرەی دابەشبوونی تایەفی پشت پێبەستراو هەڵدەبژێردرێن . ئەو سیستمە سیاسیە دەوەستێتە سەر بنەمای جیاوازی نێوان هەرسێك دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار و دادوەری . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشبوونی تایەفی لەو وڵاتە بە دەسەڵاتداری سەرەکی وڵات دەمێنێتەوە.

جارنامەی نیشتمانی

- دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لە ساڵی 1943، لوبنانیەکان بە هەموو تایەفەکانیانەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە پێی دەوترێ « جارنامەی نیشتمانی» .
- ئەم جارنامەیە بووە بنەمای سەرەکی بونیادنانی سیستمی بەڕێوەبەری کاروبار لە وڵات.
- بە گوێرەی ئەم جارنامەیە، لوبنانیەکان رازی بوون بەوەی دەسەڵات بەپێی دابەشبوونی تایەفی دابەش بکرێ، واتە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کرستیانە مارۆنیەکان بێ و سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ شیعە و سەرۆکایەتی وەزیران بۆ سوننە. هەروەها بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ڕۆمی ئەرسۆزۆکس و پۆستی سەرۆکی ئەرکانی گشتی بۆ دورزیەکان دەبێ.
سەرکردەی سوپا بۆ مارۆنیەکان و وەزیری ناوخۆ بۆ سوننە و بەڕێوەبەری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیی بۆ سوننە و بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی بۆ شیعە . هەروەها چەند پایەیەکی دیکە بۆ تایەفە و کەمینە بچووکترەکان تەرخان کراوە.
- پێویستە مارۆنیەکان بە ناسنامەی عەرەبی ڕازی بن لە جیاتی ناسنامەی ڕۆژئاوایی.
- دەبێ سوننە دەستبەرداری بیرۆکەی یەکگرتن لەگەڵ سووریا بن.

چەند قۆناغێکی سیاسی گرنگ

1

شەڕی ناوخۆی لوبنان 1975 تا 1990

بەهۆی زۆرینەی کرستیان لە ئاماری دانیشتوانی ساڵی 1932، و هاوکات لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی تازەی لوبنان، مارۆنییەکان بوون بە خاوەنی زۆربەی دەسەڵاتەکان، دەڵام دواتر ورده ورده واقیعی دیمۆگرافی گۆڕا. لەو کاتەوە کۆمەڵێك گرفتی وەك هەڵکشانی ئاستی ناڕەزایی بەرامبەر حکومەتە یەك لەدوایەکەکان و بوونی جیاوازیەکی زۆر بەهۆی دابەشبوونی تایەفی و هاتنەپێشەوە هەندێك وەرچەرخانی ئیقلیمی و هەڵۆژانی پەنابەرانی فەلەستین و تێکچوونی دۆخی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەژاری، لوبنان بوو بە گۆڕەپانێك بۆ ململانێکان. ساڵی 1975، بەرەی لوبنانی « مارۆنیەکان» هێرشی کردە سەر پاسێکی فەلەستینی، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ بەڕابوونی شەڕی ناوخۆیی . هەر ئەو کاتە گرووپە چەپخواز و عەرەبی و ئیسلامیەکان هاوپەیانییەکان لەگەڵ گرووپە فەلەستینیەکان پێکهێنا . مانگی کانونی دووەمی هەمان ساڵ، چەند گرووپێکی کرستیانی سەر بە پارتی کەتائیب هێرشیان کردە سەر ناوچەی کەرەنتینا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد و سووری و فەلەستینی بوون، لە ئەنجامدا نزیکەی 1500 کەسیان کوشت، لە بەرامبەردا گرووپە فەلەستینیەکان سەدان کەسی کرستیانیان لە ناوچەی دامور کوشت. ئەمە بووە هۆی ڕوودانی کۆچکردنی بەکۆمەڵی موسوڵمان و کرستیانەکان، بەیروتی پایتەختیش بەسەر دوو ناوچە دابەش بوو، یەکەمیان ناوچەی ڕۆژهەڵات بوو کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کرستیان بوو بەڵام چواردەوری نشینگەی فەلەستینیەکان بوو . ناوچەی دووەمیش بریتی بوول ه ناوچەی ڕۆژئاوا کە دانیشتوانەکەی تێکەڵ بوو، بەڵام زۆرینەیان موسوڵمان بوون . هەروەها ئەو هێڵەی هەردووك ناوچەکەی لەیەك جیا دەکردەوە بە ناوچەی سەوز ناو دەبرا. لە سەرەتای شەڕ، سێ بەرەی سەرەکی هەبوون :
- بەرەی لوبنانی بە سەرۆکایەتی کەمیل شەمعون کە لەلایەن کرستیانە مارۆنیەکانەوە کۆنترۆل کرابوو.
- بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی کە بریتی بوو لە چەند پارتێکی چەپ و نەتەوەخواز بە سەرۆکایەتی کەمال جونبلاتی سیاسەتوانی دورزی.
- ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی کە دواتر بووە هاوپەیانی بزووتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی.
هەروەها چەند لایەنێکی بیانی وەك سووریا و ئیسرائیلیش لەپاڵ مارۆنیەکان بەشداریان لە شەڕەکە کرد. بە دریژایی 15 ساڵی شەڕ هاوپەیانییەکان گۆڕانکاری زۆریان بەخۆوە بینی، هەروەها ململانێیەکی توند و خوێناوی لەنێو بەرەی لوبنانی ڕوویدا، بە تایبەتی پاش کوژرانی ئەندامێکی بەرزی پارتی کەتائیب لەلایەن هێزەکانی مەرەدە، ئەوەبوو سەرکردەی هێزەکانی لوبنانی سەمیر جەعجەعی نارد بۆ ئەوەی تۆنی فرەنجیەی سەرکردەی میلیشیای مەرەدە و کوڕی سلێمان فرەنجیە بڕفێنێ، وەك گوشارێك بۆ ڕادەستکردنی پەرپرسانی کوستنی ئەندامە باڵاکەی کەتائیب، بەڵام کردەوەکە بە کوژرانی فرەنجیە و خانەوادەکەی کۆتایی هات و سلێمان فرەنجیە کۆتایی بە پەیوەندی نێوان میلیشیای مەرەدە و بەرەی لوبنانی هێنا.

2


شەڕی 100 ڕۆژە

دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی 1980 شەڕێکی توند لەنێوان هێزەکانی لوبنان و پلنگە ئازادیخوازەکانی ناو بەرەی لوبنان بەڕپا بوو، بەیروتی ڕۆژهەڵات لەدەستی بەشیر جمەیل مایەوە . هەر ئەو کاتە شەڕ لەنێوان جمەیل و هێزەکانی سووریا ڕوویدا و دواتر بە شەڕی 100 ڕۆژە ناسرا . پاشان جمەیل داوای پشتیوانیی لە تەلئەبیب کرد و فرۆکەکانی ئیسرائیل دوو هێلیکۆپتەری سووریان خستە خوارەوە.

3

بەشیر جمەیل و پشتگیریی ئیسرائیل

هاوکات لەگەڵ گەرمبوونی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ لوبنان لە ساڵی 1982، بەشیر جمەیل وەك سەرۆکی لوبنان هەڵبژێردرا، چەند ڕۆژێك بەر لە وادەی دەستبەکاربوون، واتە لە 24 ی ئەیلولی 1982 تیرۆر کرا و میلیشیاکانی کەتائیب هەڵیانکوتایە سەر هەردووك نشینگەی سەبرا و شاتیلا و نزیکەی 3500 فەڵەستینیان کوشت. لە 22 ی سێپتەمبەری هەمان ساڵ، پەرلەمان ئەمین جمەیلی بڕای بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژارد . لە 17 ی ئایاری 1983 جمەیل و ئیسرائیل ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە لوبنان بە مەرجی کشانەوەی هێزەکانی سووریا . لە ئابی 1983 شەڕێکی تون دلە نێوان کرستیان و دروزەکان بەڕپا بوو و بە کشانەوەی شەڕکەرە کرستیانەکان بۆ بەیروتی ڕۆژهەڵات کۆتایی هات. هاوکات لەگەڵ کشانەوەی هێزە فرەڕەگەزەکانیش، بزووتنەوەی ئەمەلی شیعە بە هاوکاری پارتی پێشکەوتووخوازی دروزەکان و بە پشتگیری سووریا کۆنترۆلی بەیروتی ڕۆژئاوایان کرد و لەو کاتەوە ئەم هێزانە هەڵیانکوتایە سەر چەندین خێوەتگەی فەڵەستینیەکان لە سەبرا و شاتیلا و بورج بەراجنە و هی تر.



مانشێت



ئاسۆشێتد پریس:

سیرگێ لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانی هەردوولا، مۆسکۆ بەڵگەنامەیەك ڕادەستی ئۆکراینا دەکات تیایدا هەموو ئەو مەرجانە دەخرێنە ڕووك ە پێویستن بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشی وڵاتەکەی بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە و گەیشتن بە ڕێککەوتنی وەستاندنی شەڕ .



ئەی ئێف پی:

پۆلیسی شاری هامبۆرگی باکوری ئەڵمانیا ڕایگەیاند لە وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەری شارەکە کەسێك بە چەقۆ هێرشی کردۆتە سەر خەڵك و لانیکەم 12 کەس بریندار بوون و ژیانی هەندێکیان لە مەترسی دایە، دواتر لە هەمان شوێن گومانباریەك دەستگیر کرا، دواتر ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی ڕایگەیاند کەسی دەستگیرکراو ئافرەتە .



ڕۆیتەرز:

لە بەیاننامەیەکدا، دەستەی فرۆکەخانەکانی پاکستان ڕایگەیاند ئیسلام ئاباد ماوەی داخستنی ئاسمانی وڵاتەکەی لە بەردەم هەموو کۆمپانیا ئاسمانیەکان و فرۆکە هیندییەکان تا ڕۆژی 24 ی حوزەیران درێژ کردەوە. لە بەیاننامەکەدا باس لەوەش کراوە کە قەدەغەکردنەکە سەرجەم ئەو فرۆکانەش دەگرێتەوە کە بەناوی هیند تۆمار کراون یان بەکرێی گرتوون.



ئاژانسی هەواڵی بەریتانیا:

لە هەڵمەتێکدا دژی ئەوانەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن، دەسەڵاتدارانی ئەمنی لە ئێرلەندای باکور زیاتر لە 30 کەسیان دەستگیر کرد، هەروەها دەستیان بەسەر چەندین پشکی بازرگانیدا گرت کە بەهایان 17 هەزار جونەیهی ئستەرلینی بوو . هاوکات دەست بەسەر ئۆتۆمۆبێلێکی بارهەڵگردا گیرا کە ژمارەیەك خەڵکی بە نهێنی گواستۆتەوە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

لیژنەیەك لە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە بەرازیل بڕی 100 هەزار ریالی بەرازیلی وەك قەرەبوو بە دیلما ڕۆسێفی سەرۆکی پێشووی وڵات بەخشیوە، ئەمەش بەرامبەر بە ئەشکەنجەدانی دوای دەستگیرکردنی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەلایەن ئەندامانی سوپای وڵاتەکەی . پێشتریش ڕۆسیڤ لە چەند ویلایەتێکی وەك ڕیۆ دی جانیرۆ و ساوپاولۆ و ریۆ غراندی قەرەبووی وەرگرتووە.

ئەم لاپەڕەیە بە تەکنیکی ژیریی دەستکرد (AI) ئامادە دەکرێت

زانکۆی سەڵاحەدین «ژیریی دەستکرد» دەخاتە نێوپرۆگرامی خوێندنەوە



زانکۆی سەڵاحەدین بڕیاری گرنگی داوە بۆ زیادکردنی وانەی ژیریی دەستکرد وەک بابەتێکی سەرەکی لە پڕۆگرامی خوێندنی هەموو بەشە زانستی و مرۆییەکاندا.

ئەم بڕیارە دوای چەندین کۆبوونەوەی فەرمی دراوەو وانەکە لە سمستەری دووەمی قۆناغی یەکەم هەموو بەشەکانی کۆلێژەکانی سەر بە زانکۆی سەڵاحەدین دەخوێنرێت. وانەی ژیریی دەستکرد وەک هەر بابەتێکی دیکەی ئەکادیمی بە تەواوی هەڵسەنگاندن دەکرێت: کە تاقیکردنەوەی میدتێرم، کۆتایی، ڕاپـۆرت، ئەسایمێنت، پرێزنتەیشن و کویزی لەخۆدەگرێت.

زمانی خوێندنی ئەم بابەتە هاوشێوەی زمانی خوێندنی وانەکانی هەر بەشێک دەبێت. ئەم هەنگاوە نوێیە ئامانجی ئەوەیە قوتابیان بتوانن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای نوێدا گونجاو بن و توانای بەکارهێنانی تەکنیك و ئامرازەکانی ژیریی دەستکردیان هەبێت.

پرۆژەی «هەژماری من» دەچێتە قۆناغێکی نوێ

پاش ئەوەی بۆ بەشێکی زۆر لە موچەخۆران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان ڕوون بووەوە کە ئەو دەنگۆیانەی لەلایەن نەیارانی پرۆژەی «هەژماری من» بڵاو دەکرانەوە دوورن لە ڕاستییەوە، متمانەی خەڵك بەرامبەر بەم هەوڵە گەڕایەوە. ئەمەش وایکرد پرۆژەکە پێ بنێتە نێو قۆناغێکی نوێیەوە.

لە ئێستادا بەهەزاران موچەخۆر لە سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەهاوکاری تیمی پرۆژەکە فۆرمی بەشداربوون لە پرۆژەی «هەژماری من» پڕدەکەنەوە و لە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی کارتی بانکیدان.

پرۆژەی «هەژماری من»ی یەکێکە لەپرۆژە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەبانکیکردنی موچەی فەرمانبەران. پرۆژەکە بە یەکێك لە پلانە گرنگەکانی کابینەی نۆیەم دادەنرێت بۆ باشترکردنی سیستەمی دابەشکردنی موچە. کە ئامانجی ئەوەیە سیستەمی پارەدان مۆدێرن بکات و لە دابەشکردنی موچەکاندا خزمەتگوزارییەکان زیاتر بکات. هەرچەندە هێشتا ڕێکەوتێکی دیاریکراو بۆ تەواوبوونی پرۆژەکە ڕانەگەیەنراوە، بەڵام بەپێی ئامارەکان بەردەوامی خۆتۆمارکردنی موچەخۆران لەپرۆژەکەدا ئاماژەیە بۆئەوەی کەپرۆژەکە سەرکەوتووبووە لە دروستکردنی ژێرخانێکی بانکی بەهێز لەسەرجەم شارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا.



کەشتی تایتانیک دروست دەکرێتەوەو ئەو گەشتە دەکات کە تایتانیک نەیتوانی بیکات

«کلایڤ پالمەر»ملیاردێری ئوستورالی پلانەکانی دووبارە ژیاندۆتەوە بۆ دروستکردنی کۆپیەك لە کەشتی تایتانیك. پالمەر وتی کە کەشتی «تایتانیك دوو» زۆر باشترو بەهێزتر دەبێت لە «تایتانیکە ڕەسەنەکە» و هیوای وایە کەشتیەکە لەگەڵ سەرنشینەکاندا بەهەمان شێوازو ستایلی پێشتر گەشت بکات.

بەپێی بەیاننامەکەی پالمەر، بڕیارە یەکەم گەشتی کەشتییەکە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٧دا ئەنجام بدرێت، کە بەدوای گەشتەکەی پێش خۆیدا دەڕوات و یەکەمجار لە «ساوسهامپتۆنی» ئینگلتەراوە بەرەو نیویۆرک دەڕوات. دوابەدوای ئەمەش، تایتانیک دوو بەدەوری جیهاندا دەسوڕێتەوە و پردێک دەکاتە «سەدەیەک لەگەڵ گەشتێکی ڕەنگینیی بێهاوتای».



نزیکەی ٥٦ هەزار تۆن دەبێت، کە پێکهاتووە لە نۆ سەقف - لەگەڵ ٨٣٥ کابینە - کە بۆ «دروستکردنەوەی گەورەیی هاوناوەکەی» دیزاین کراوە. جگە لەوەش کەشتییەکە دریژییەکەی نزیکەی ٨٣٣ پێ (٢٦٩ مەتر) و پانییەکەی ١٠٥ پێ (٣٢.٢ مەتر) دەبێت

کێشی کەشتیەکە نزیك ٥٦هەزار تۆن دەبێت و لە ٩نهۆم پێکدێت کە ٨٣٥ کابینە لەخۆدەگرێت، ٣٨٣کابینەیان لە پلەیەك و ٢٠١کابینەی پلە دوو و ٢٥١کابینەی پلەسێ دەبێت. کەسەرجەم کابینەکانی نێوکەشتییەکە، توانای لەخۆگرتنی ٢٤٣٥ گەشتیاری هەیە.

جگە لە نوێکردنەوەی تەکنەلۆژی و سیستەمی نوێی ئاسایش، کەشتیەکە هەمان دیمەن و کـردەوەی تایتانیکی ڕەسەنەتی دەبێت. سیستەمی ئاسایشی ئەم کەشتیە «ئۆڵترا-مۆدێرن» دەبێت لەگەڵ باشترین تەکنەلۆژیای ناسراوی سەدەی ٢١م. پالمەر وتی کە پرۆژەکە نێوان ٥٠٠ ملیۆن تا ١ ملیار دۆلار تێچوون دەبێت، بەڵام نیگەرانی لە تێچووەکە نیە چونکە «ئێستا پارەی زیاترم هەیە». پالمەر دەڵێت دەستپێکردنی دروستکردن ساڵی داهاتوو دەبێت و بلۆو ستار لاین داوای پێشنیار و پلانی دروستکردن لە دروستکەرانەوە



پیاوێکی کوژراو بە تەکنیکی ژیریی دەستکرد لە دادگا قسە دەکات

لە دیمەنێکی نائاسایی لە ئەریزۆنا، کریس پیلکی کە سێ ساڵ پێش ئێستا لە ڕووداوی هاتوچۆدا کـوژرا، بە یارمەتی ژیریی دەستکرد لە دادگا «قسەی کرد».

خێزانەکەی دەنگ و وێنەکانی پیلکییان کۆکردەوە و بە AI مۆدێلێکیان دروستکرد کـە کەسایەتی ئـەوی دەگـرێـتـەوە. لە دانیشتنی سزادان، ڤیدیۆکە پەیامێکی بۆ گابرێل هۆرکاسیتاس، بـکـوژەکـەی، نـارد: «جـێـگـەی داخـە لـەو بـارودۆخـەدا یەکترمان ناسی. لە ژیانێکی دیکەدا ڕەنـگـە هاوڕێ بووین. باوەڕم بە لێبوردن هەیە.»

دادوەر تۆد لانگ ستایشی بەکارهێنانە ئەخلاقییەکەی کـرد. هۆرکاسیتاس بە کوشتنی بێمەبەست تاوانبار کرا.

ڕووداوەکـــە کـاردانـــەوەی جـیـاوازی لێکەوتەوە. دێرێک لیبین لە زانکۆی کارنێگی میلۆن هۆشداری دا: «کێ گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەمە ویستی ڕاستەقینەی قوربانییەکەبێت»

ستایسی وایلز، خوشکی پیلکی، جەختی کـردەوە بەرپرسیارانە تەکنەلۆژیاکەیان بەکارهێناوە: «وەک چەقۆ دەکرێت بۆ دروستکردن یان لەناوبردن بەکاربێت، ئێمە هەڵمانبژارد براکەم قسەی کۆتایی بکات.»

ئەم بەکارهێنانە سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەبێت، بەڵام پرسیاری ئەخلاقی و یاسایی دەوروژێنێت.



دەنگۆی مایەپووچبوونی «جەستن بیبەر» بەدرۆ دەخرێتەو

گۆرانیبێژی بەناوبانگی جیهانی «جەستن بیبەر» نکۆڵی لەو هەواڵانە کردەوە، کە لەلایەن ژمارەیەك لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانەوە باڵاو کرابوونەوە و بانگەوازیان دەکرد ،کە ئەو تووشی مایەپووچی بووە دوای ئەوەی هەموو سەرمایەو پارەکانی لەدەستداوە و نوقم بووە لە قەرزەکان کە دەگەنە ملیۆنان دۆلار.

بیبەر ڕاستی هەموو ئەو هەواڵانە ڕەت دەکاتەوە، کە لەبارەی مایەپووچبوونەکەیەوە باڵاو کرابوونەوە، پشتڕاستی کردەوە کە ئەم دەنگۆیانە تەنها «قسەی پووچی چەواشەکارانەیە» و بۆ ئەوە باڵاوەدەکرێنەوە تاوەکو سەرنجی خەڵك ڕابکێشن». ئاماژەی بەوەشکرد کە سەرچاوەی ئەم هەواڵە درۆیانە بۆیە بەو ڕادەیە دەنگدانەوەی هەبووە چونکە سەرچاوەی هەواڵەکان لەلایەنە متمانەپێنەکراوەکانن کە هەست بە پەشیمانی دەکەن چونکە چیتر لەگەڵیاندا کار ناکات.

لەلایەکیترەوە، تیمی کاری جەستن بیبەر بەیاننامەیەکیان باڵاوکردەوە و تێیدا پشتڕاستی کردەوە کە دۆخی دارایی گۆرانیبێژی جیهانی جێگیرە، داوای لە میدیاکان کرد کە پێش باڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە باشترە لێکۆڵینەوەی ووردی زیاتر بکەن.

فەیسبووک هەموو هاوڕێکانت دەسڕێتەوە تاوەکو لەسەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە

مارك زوکەربێرگ، بەڕێوەبەری کۆمپانیای میتا، بیرۆکەیەکی «شێتانەی» پێشنیار کرد بۆ زیندووکردنەوەی فەیسبووک: سڕینەوەی هەموو لیستی هاوڕێکانی بەکارهێنەران و دەستپێکردنەوە لە سەرەتاوە.

ئەم پێشنیارە لە ئیمەیلێکی ناوخۆیدا هاتووە کە وەک بەڵگە لە دادگایی دژی قۆرغکاری کۆمپانیاکە پێشکەش کرا. تۆم ئەلیسۆن، سەرۆکی فەیسبووک، ڕەخنەی لە بیرۆکەکە گرت و ئاگاداری کردەوە کە ئەم پێشنیارە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئینستاگرام هەبێت.

زوکـەربـێـرگ لـە گەواهیدانەکەیدا ڕایگـەیـانـد، کە ئەم پێشنیارە هـەرگـیـز جێبە جێ نـەکـراوە. ئـەو وتـی لەئێستادا ڕۆڵی هاوڕێیان لە فەیسبووکدا کەمی کردووە و پلاتفۆرمەکە گـۆڕاوە بۆ شوێنێک بۆ «گەڕان و کاتبەسەربردن». سەرەڕای ئەمە، لە کۆتایی مانگی ئـازاردا، فەیسبووک ڕایگەیاند کە «تابی هاوڕێیان» دروست دەکـات، کە فیدی هەواڵێکی جیاوازە بۆ بەکارهێنەرانی ئەپەکە، کە تەنها پۆستەکانی هاوڕێ و خێزانی بەکارهێنەران نیشان دەدات. لەمبارەیەوە زۆکەربێرگ لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا، ئاماژەی بەوەشدا کە لە ئایندەیەکی نزیکدا»بایەخ و گـرنـگـی هـاوڕێـیـان دەگەڕێنینەوە بۆ فەیسبووک».



پاپای نوێ ڤاتیکان گەیمەرە

پاپای نوێ یەکەمین پاپای گەیمەری مێژوویە، کە حەزی زۆری لە یاریکردنی «وۆردڵ» و «Words With Friends» هەیە. برای پاپا، جۆن پرێڤۆست، وتی: «یەکەم جار یاری وۆردڵ دەکەین چونکە ئەمە شتێکی ڕۆژانـەیـە، پاشان یاری Words With Friends دەکەین. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دووركردنەوەی مێشکی لە ژیانی ڕاستەقینە.» بەگوێرەی زانیاریەکان، ٤٤% خەڵك لە ئەمەریکا یاری ڤیدیۆیی دەکـەن، بەڵام تەنها ١٥% یاری وۆردڵ دەکەن.

پاپای نوێ فیلمی «کۆنکلاڤ»یشی بە تـەواوی بینیوە کە دەربـارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پاپایە، ئەمەش تەنها یەک ڕۆژ پێش ئەوەی کۆنکلاڤی ڕاستەقینە دەست پێبکات. وەها دەرکەوتووە کە پاپا حەزی لە تەماشاکردنی یاریەکانی تۆپی پێیشە، براکەی لووی وتی زۆرجار پەیوەندی پێوە دەکات کاتێک یاریەکانی فووتبۆڵ تەماشا دەکات. هەندێک زانیاری دەڵێن پاپا پشتگیری تیمی وایـت سۆکسی شیکاگۆ دەکات لە بەیسبۆڵدا، نەک کابز وەک هەندێکان گریمانەیان کردبوو.

کاردیناڵ ڕۆبەرت فرانسیس پرێڤۆست لە ٨ی مایۆدا وەک پاپای نوێی کڵێسای کاسۆلیکی هەڵبژێرا، ئەویش یەکەم ئەمەریکیە لە مێژووی ٢٠٠٠ساڵەی ئەم کڵێسایەدا بووبێتە پاپا. پاپای نوێ کە ناوی «لیۆ چواردەیەم» ۆ خـــۆی هەڵبژاردووە، هـەڵـکـی شـــــاری شیکا گۆ یە و هـەمـەنی ٦٩ساڵە.

کچەتیکتۆکەرێکی مەکسیکی لە لایقی تیکتۆکدا کوژرا

دەسەڵاتەکانی هەرێمی خالیسکۆ لە مەکسیك، پشتڕاستیان کردەوە کە «ڤالێریا مارکێز»، کە کارەکتەرێکی بەناوبانگی نێوناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە کاتی پەخشی ڕاستەوخۆ لەسەر تیکتۆك لە لە ئارایشتگەکەی خۆی لە نزیك شاری گوادالاخارا، لەلایەن کەسێکەوە بە چەند گوللەیەك کوژرا.

ئەم ڕووداوە کە کوژرانی مارکێزی ٢٣ساڵەی بە ڕاستەوخۆ تۆمار کرد، شۆکێکی گەورەی لەنێو بینەرەکانی و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ئەمەریکای لاتیندا دروستکرد، لە کاتێکدا مەکسیك بەرزبوونەوە لە ئاستی توندوتیژی دەبینێت لەسەر ململانێی خوێناوی نێوان گرووپ و تاقمەکانی مادە هۆشبەرەکان.

لە ڤیدیۆکەدا کە لەچرکەساتی پێش مردنی پەخش دەکرا، مارکێز لەسەر مێزێك دانیشتبوو و بۆنبایەکی پرکراوی لە دەستدا بوو، وەها دیاربوو قسە لەگەڵ کرێکارێکی گەیاندن دەکات کە لە دەرەوەی کامێرا بوو. چەند چرکەیەك دواتر، دوو گولەیان لێدا، یەکێك لە سنگ و یەکێکیتر لە سەری، ئەوجا دەستبەجێ کەوتە خوارەوە.

بەگوێرەی میدیا ناوخۆییەکان، پیاوێك هاتە ناو ئارایشتگەکەوە بە بیانووی ئەوەی دیاری بۆ دەهێنێت، پاشان تەقەی لێکرد. نووسینگەی دادە خالیسکۆ ڕایگەیاند کە دەسەڵات لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە دەکەن وەك بەشێك لە تاوانەکانی بەئامانجگرتنی کۆشتنی ئافرەتان.

تووندوتیژی دژی ئافرەتان لە مەکسیك بە شێوەیەکی بەرفراوان باڵاوبووەتەوە، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ١٠ئافرەت ڕۆژانە لەلایەن هاوسەر یان ئەندامانی خێزانەوە دەکوژرێن. مارکێز زیاتر لە ٢٠٠هەزار هەواداری لەسەر هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆك و ئینستاگرام هەبوو.

www.xebat.net
یەك شەممە 25ی ئایار 2025 ژمارە(6981)
خەبات

کچە پاڵەوانەکەی پۆڵەندا و ئەورووپا بۆ خەبات دەدوێت

کاجا ڕزدکۆڤسکا: هەموو هەوڵێکم ئەوەیە ئەمجارە میدالیای زێڕی لاوانی ئەورووپا بەدەست بهێنم

خەبات ـ هاوار مورتکەیی

کاجا ڕزدکۆڤسکا Kaja Rzȅdkowska کچە شەترەنجزانێکی لاوی پۆڵەندایە، ئەو هێشتا لەتەمەنێکی لاوێدایە، بەڵام لەسەر ئاستی پۆڵەندا و ئەورووپا خاوەنی چەندین ناسناوە، خاوەنی ڕەیتینگی 2002ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، کاجا تەمەنی 13 ساڵە، قوتابی پۆلی حەوتەمە، یاریزانی یانەیەکی پۆڵەندا و هەڵبژاردەی لاوانی وڵاتەکەیەتی، لەم دیانەیەدا وێڕای باسکردن لە ژیان و دەسکەوتەکانی لەماوەیەکی کورتی تەمەنی، باسی لەوە کرد کە خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی ئەورووپا.





شەترەنجم زۆر خۆشدەوێت

سەرەتا کاجا ڕزدکۆڤسکا لەبارەی یاریکردنی شەترەنج گوتی: من بۆ یانەی فۆنداچیا کلۆب شاچۆوی پۆلۆنیا ورۆکلاو یاری دەکەم، ئامانجم یاریکردنە لە تیپی پێشکەوتووانی پۆڵەندا لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەرچی لە پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی ئەورووپا یاریم کردووە، لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانم لە هەڵبژاردەی لاوانی پۆڵەندا، میدالیای زیومان بەدەستهێنا، هەروەها گوتی: سەرەتا شەترەنجم وەک یارییەک دەبینی، بەڵام تا زیاتر یاریم دەکرد، زیاتر تێدەگەیشتم کە چەندە چێژ لە بیرکردنەوەی پێشوەختە و پلاندانان و چارەسەرکردنی کێشەکان وەردەگرم، من شەترەنجم زۆر خۆشدەوێت، چونکە شەترەنج تەحەدای مێشکم دەکات و یارمەتیم دەدات بەردەوام بم لە فێربوون.

دەستکەوتەکانم زۆرن

ئینجا کاجای پۆڵەندی لەبارەی سەرەتای ئاشنابوونی بەشەترەنجەوە گوتی: لە باخچەی ساوایان لەگەڵ لیلای خوشکم دەستم کرد بە فێربوونی یاری شەترەنج، بۆخۆم حەزم لەو یارییەبوو، بێ ئەوەی پێشتر کەس لە خێزانەکەم یاری شەترەنجیان کردبێت، لە ساڵی 2021 ڕێزبەندی فیدام بەدەستهێنا، یەکەم سەرکەوتنیشم لە ساڵی 2022 بەدەستهێنا، یەکەم پاڵەوانێتی ناوخۆییم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بوو، یەکەم پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیشم لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو، لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتیی کراوەی ئەڵمانیا بۆ خوار 8 ساڵان توانیم میدالیای زیو بەدەست بهێنم، باشترین دەستکەوتەکانیشم تا ئێستا بریتی بوون لە: پلەی دووەم لە پاڵەوانێتی لاوانی جیهان، پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی جیهان- بلیتز، پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی جیهانی، پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی پۆڵەندا، پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجی خێرای لاوانی پۆڵەندا، پلەی دووەم لە پاڵەوانێتی شەترەنجە خێرا لە ئەڵمانیا بۆ خوار تەمەنی 8 ساڵ و هەروەها لە پاڵەوانێتی پراگ ئۆپن 2023، گەورەترین سەرکەوتنیشم لەگەڵ شەترەنجزانێکی FM بوو، کە ڕەیتینگی 2289 بوو، لە پاڵەوانێتی کراوە یاریم دەکرد و ئەنجامەکانم زۆر دڵخۆشکەر بوون، دەتوانم بڵێم بە جۆرێک بە خەونەکەم گەیشتووم، کاتێک پلەی سێیەمم بەدەستهێنا لە پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهانی خێرا، بۆ خوار 10 ساڵ، کە بەڕاستی بەمە دڵخۆش بووم، ئەوە نیشانیدام کە ئەگەر بەردەوام بم لە مەشقکردن و ڕاهێنان، دەتوانم باشتر بم.

گرنگە شەترەنج لە قوتابخانەکان بخوێندرێت

دواتر کاجا ڕزدکۆڤسکای پۆڵەندی لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج گوتی: شەترەنج فێری سەبر و بیرکردنەوەی لۆژیکی و چۆنێتی مامەڵەکردنم لەگەڵ شکست دەکات، خۆشیم بۆ دەهێنێت، یارمەتیم دەدات سەرنجم لەسەر شتەکان بێت و دەرفەتێکم پێدەدات کە خەڵک بناسم و گەشت بکەم بۆ وڵاتان، سەرەتا شەترەنج بۆ لای من تەنها خولیایەک بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بوو بە بەشێک لە ڕۆتینی ڕۆژانەم، بە بەردەوامی ڕاهێنان دەکەم، بیر لە ستراتیژییەکان دەکەمەوە تەنانەت لە دەرەوەی پراکتیکیش، بۆ من شەترەنج بەڕاستی شتێکی تایبەتە، پێم خۆشە کە چۆن هەموو یارییەک جیاوازە و وا دەکات بە شێوازی نوێ بیربکەمەوە، هەندێک جار بەڕاستی ستریس و پڕە لە هەست، بەڵام ئەوەش وام لێدەکات وروژێنەر بێت.

لە کۆتاییدا باسی لە خوێندنی وانەی شەترەنج کرد لە قوتابخانەکان و گوتی: لە هەندێک قوتابخانە لە پۆڵەندا شەترەنج بەشێکە لە پڕۆگرامەکە لەنیویان وەک وانەیەکی دیکە دەخویندرێت، بەڵام لە هەموو شوێنێک بابەتێکی فەرمی نییە، پێموایە زۆر باش دەبێت ئەگەر لە تەواوی قوتابخانەکانی دیکە ئەو وانەیە بخوێندرێت، چونکە بەڕاستی یارمەتی خوێندکاران دەدات کە باشتر بیربکەنەوە و سەرنجیان لەسەر بێت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم، لە ئێستادا، من خۆم بۆ پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوانی ئەورووپا ئامادە دەکەم، من سەرنجم لەسەر باشترکردنی تاکتیکەکانم و زۆر مەشق دەکەم بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێکم هەبێت لە بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە سەر ئاستی ئەورووپا.

> شەترەنج فێری سەبر و بیرکردنەوەی لۆژیکی و چۆنێتی مامەڵەکردنم لەگەڵ شکستەکان دەکات



ئەوەی لەگەڵ یانەی دهۆک کرا جێی هەڵوەستەیە!

خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

دوای ئەوەی یانەی وەرزشی دهۆک بەشداری لە جامی یانەکانی کەنداو کرد و توانی ناسناوەکە بەدەست بهینێت، وەرزشوانانی عێراق لەم ئەنجامە سەریان سوڕما، دیمەنی سەرکەوتنی یانەی دهۆک بۆ زۆربەیان ئاسایی نەبوو، زیاتر کوردەکان بەئەنجامەکە دڵخۆشبوون، بێگومان بردنەوەی ئەم ناسناوە، هەموو ماڵەکانی کوردستانی پڕ کرد لەخۆشی و شادی، هەمووان لەبەردەم شاشەی تیڤییەکان لەماڵەکان و نێو شەقامەکان و ناو یاریگاش، چاوەڕێی فیکەی کۆتایی ناوبژیوان بوون، کاتێک ناوبژیوان سەرکەوتنی دهۆکی ڕاگەیاند، ئیلهامەکان بەرزبوونەوە و دەستەکان بەرزکرانەوە، وەک ئەوەی لە هەموو ماڵێکی کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست هاتبێت، بەڵام، سەرەڕای ئەم هەموو خۆشییە، شتێکی سەیر هەبوو کە شایەنی بیرکردنەوە بوو، ئەو ڕاهێنەرەی کە ئەم تیپەی بەرەو سەرکەوتن و بردنەوەی ناسناوەکە برد، هیچ بابەتێک لەڕاگەیاندنەکانی عێراق لەسەر ڕاهێنەر مەسعود میڕال نەنووسرا، وەک ئەوە وابێت کە کەس ڕاهێنەرایەتی ئەو یانەیەی نەکردووە و بەبێ ڕاهێنەر ئەو ئەنجامەیان بەدەستهێنابێت، بەداخەوە هیچ ڕوناکییەکی میدیایی عێراقی بەسەریدا نەدرەوشایەوە.

لەوەش نامۆتر، هەندێک میدیای وەرزشی عێراقی پێیان وابوو کە وەرزش لە کوردستان بەگشتی و لەشاری دهۆک کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەو یانەیە بۆ هەمووان سەڵماندی کە یانەکانی کوردستان، ئەگەر ستەمی ناوبژیوانان و دەستی ئەنقەستی ئەولا و ئەولا نەبێت، هەمیشە بەردەوام لە لووتکەدا دەبن، بەڵام بەداخەوە هەموو فشارەکان لەسەر یانەکانی کوردستاندایە، بۆ ئەوەی لەکێبڕکێی و رکابەری لەسەر پلەکانی سەرەوە بەدوور بن، هەر وەک لە لێدوانەکانی ڕاهێنەری دەستەکارکێشاوەی یانەی دهۆک مەسعود میڕال، لەڕاگەیاندنەکان ئاشکرای کرد، کە ئەگەر هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریاڵ مەدرید یاری لەخولی ئەستێرەکانی عێراق بکەن، بەدڵنیاییەوە ناتوانن ناسناوی خولەکە بەدەست بهێنن، ئەم لێدوانە لە میدیا وەرزشییەکانی عێراق وەک بۆمبێک تەقییەوە، بەم هۆیەوەش ڕاهێنەر، دەستەکارکێشانەوەی خۆی لەیانەی دهۆک ڕاگەیاند و وەرزشی عێراقی بە یاریکردن بەقومار وەسفکرد.

یانەی دهۆک وانەیەکی کردەیی پێشکەش بەهەموو وەرزشوانان و یانەکان و میدیا عێراقیەکان کرد، لە داهاتوو چاوەڕێی ئەنجامی باشتر و بەرز دەکەین لەیانەکانی کوردستان لە خولەکانی عێراقدا، لەمەودوا یانەکانی کوردستان بە هەولێر و دهۆک و زاخۆ و نەورۆزەوە، پێویستە زیاتر هۆشیار بن، لەهەموو موئامەرەکانی ناحەزانی کوردستان، هەمیشە لەهەموو دونیادا هیچ یانەیەک لەیانەیەکی دیکە گەورەتر نییە لەڕووی بڕیاردان و جێبەجێکردنی یاساکان.

بێگومان میدیاکان چەند هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ بدەن بۆ یانەکانی کوردستان، بێگومان جەماوەرە بەهێزەکەی یانەکانی کوردستان، دەبنە شوورەیەکی پۆلایین بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو بەربەستەکان، لەکۆتاییدا ئێمە وەک کاری ڕۆژنامەوانی بەیەک چاو سەیری هەموو یانەکانی کوردستان دەکەین، هەروەها بینیمان هەموو کوردستان بەدڵ و بەگیان، لەگەڵ یانەی دهۆک بوون، ئەوەی لەگەڵ یانەی دهۆکیش ڕوویدا وایلێکردین سەرلەنوێ بە زۆر چەمکدا بچینەوە و فێری گرنگترین وانە بین.

10 یانەی مۆندیالی یانەکان داوای ڕۆنالدۆ دەکەن

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاشکرایانکردووە، کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بووەتە ئامانجی 10 یانەی بەشداری مۆندیالی یانەکانی 2025، کە بڕیارە لە ئەمریکا بەڕێوەبچێت، چەند تیپێکیش هەوڵدەدەن بە خواستنێکی کورتخایەن گرێبەستی لەگەڵ بکەن.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئەی ئێس ئیسپانی، یانەی هیلاڵی سعودی لە پێشەنگی لیستی لایەنە ئارەزومەندەکانە، لەگەڵ چوار یانەی بەڕازیلی کە بریتین لە بۆتافۆگۆ، فلامینگۆ، پالمێراس، و فلومینێنسێ، جگە لە پاچوکا و مۆنتەری لە مەکسیکەوە. هەروەها یانەی ویداد کازابلانکای مەغریبی و یانەی ئێسپێرانس سپۆرتیڤ دی تونسی تونسی و ئەهلی میسری ئارەزووی خۆیان بۆ ئەستێرە پورتوگالییەکە دەربڕی. بەپێی ڕێساکانی فیفا، یاریزان دەتوانێت بە گرێبەستێکی یەک مانگ پەیوەندی بە یانەیەکی مۆندیالەوە بکات، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژمارەی ئەو یانانە هەبێت کە دەتوانێت لەماوەی ئەم وەرزەدا یاری بۆ بکات، ئەمەش دەرگای ڕۆنالدۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکەدا دەربکەوێت و دواتر لە وەرزی 2026/2025دا بچێتە یانەیەکی دیکە.

ڕینا لە دواپین یاری ژیانی وەرزشیدا بە کارتی سوور دەرکرا





لە یارییەکەی کۆمۆ بەرامبەر ئینتەرمیلان لە قۆناغی کۆتایی خولی تۆپی پێی ئیتاڵیا، لە خولەکانی کۆتاییدا پیپی ڕینا گۆڵپارێزی دێرینی ئیسپانی بە کارتی سوور دەرکرا.

جێگای سەرنجە ئەم یارییە دوا یاریی ئەو گۆڵچییە تەمەن 42 ساڵە بوو لە ژیانی وەرزشیدا، چونکە بڕیاریدا واز لە یاریگاکان بهێنێت و بە شێوەیەکی چاوەڕوانەکراو ماڵئاوایی لە یاریکردن کرد.

ڕێینا دوای ئەوەی ڕاوێژ بە یاریدەدەری ناوبژیوانی ڤیدیۆیی (VAR)ی کرد بەهۆی لێدانەکانی لە مێهدی تارێمی هێرشبەری ئینتەرمیلان، بە کارتی سوور دەرکرا.

ناپۆلی ناسناوی خولی ئیتاڵیا بەدەست دەهێنێت



ناپۆلی بۆ چوارەم جار لە مێژووی خۆیدا، ناسناوی خولی ئیتاڵیا بۆ وەرزی 2024-2025 بەدەستهێنا، دوای ئەوەی ئێوارەی هەینی ڕابردوو لە یاریگای دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنا لە ناپۆلی بە ئەنجامی 2-0 لە یانەی کالیاری بردەوە.

ناپۆلی پێویستی بە بردنەوەی یاریی کە بوو بۆ بەدەستهێنانی ناسناوەکە، بەبێ گوێدانە ئەنجامی یاریی کەی ئینتەرمیلان بەرامبەر کۆمۆ، ناپۆلی توانی گێمی یەکەم بە ئەنجامی 1-0 کۆتایی پێبهێنێت، گۆڵەکەی سکۆت ماکتۆمینی لە خولەکی 43 تۆماریکرد.لە گێمی دووەمدا، ڕۆمیلۆ لۆکاکۆ لە سەرەتای خولەکی 51دا، دوای ئەوەی گۆڵپارێزەکە یەک بە یەک گۆڵی یەکلاکەرەوەی یەکلاکردەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئینتەرمیلان بە دوو گۆڵی بێوەڵام لە کۆمۆی بردەوە و وەرزەکەی بە پلەی دووەم کۆتایی پێهێنا.

KHABAT

info@xebat.net
www.xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
4.4.1959 XEBAT
Sun.25 May. 2025 No.:(6981)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
salamomer42@gmail.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
سەرنووسەر: 07504459940 - 07702969696
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

سبەی بە چاودێری جەنابی سەرۆک بارزانی، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (49)یەمین سالڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، (دیداری نیو سەدە، ڕێککەوتننامەی جەزایر) ساز دەکات



سبەی دووشەممە 26ی ئایاری 2025 بە چاودێری ڕێزدار جەنابی سەرۆك بارزانی، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (49)یەمین سالڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، (**دیداری نیو سەدە، ڕێککەوتننامەی جەزایر**) ساز دەکات، کە تیایدا شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە دەکرێت.

(**دیداری نیو سەدە، ڕێککەوتننامەی جەزایر**)، کە کۆمەڵێك توێژەرو پسپۆڕی کورد و بیانی بەشدارن تیایدا: (گوتار، دۆکیۆمێنتاری، چەندین پانێڵ و بڕگەی جیاواز لە خۆی دەگرێت و هەوڵ دەدات ببێتە بەشێك لە بیرکردنەوەی کوردی و ڕانانی چارەسەر بۆ ژیانی سیاسیی کوردستان.

سنە.. شاندی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان سەردانی چەند شوێنکی میژوویی و کولتووریان کرد



شاندی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان، بەیاوەری پەیوەندییەکانی هەرێم و ئێران، سەردانی مالّی میژوویی مەستووڕەی ئەردەڵان، لە ئیمارەتی خەسرۆخانی ئەردەڵان و پارکی ئاویەر و پارکی ناودارانی کوردیان کرد.


شاکر حوسێن، بەرپرسی

جریوە

لە X ەوە

@ALArabiya-Show

ئەگەر لە شوێنی ئەو ئافرەتە ئیزەدییە بومایە، بەرگەی ئەوەم نەدەگرت» حەوا ئەلشیشانی، هاوسەری سەرکردەی داعش لە سوریا و عێراق وا دەڵێت، ئەو ساتە شۆککەرە دەگێڕێتەوە کە شایەتحاڵی چارەنووسی ئەو ژنە ئێزیدیانە بووە و خۆی وەک کۆیلەیەک لەناو داعشدا هێناوەتە بەرچاو.



لە پەراوێزی دیداری ڕەفیق حیلمی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی

مومتاز حەیدەری

ئەم کورتە نووسینە بە ناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبۆنەی پەردە لادان لەسەر پەیکەری مامۆستا ڕەفیق حیلمی پێشکەشم کردووە.

میوانە بەڕێزەکان

سڵاوێکی گەرم..

زێدە مایەی خۆشحاڵی و پێزانینە، لەدوای ڕاپەڕینەوە، بەتایبەتی لەم سااڵنەی دوایی دا، کەزیاتر ڕێز لەگەورە مرۆڤانی کورد، بەتایبەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و تێکۆشەرانی کوردستان دەگیرێ..!

هەڵبەت ئەم دیاردەیەش نیشانەی گیانی نەتەوەیی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و شارستانی کوردە، کەبەدەستپێشخەری دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان پەیڕەو و پیادە دەکرێ..

ئەمڕۆکەش، بەشانازییەوە، بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مرۆیەکی مەزنی کورد: نووسەری سیاسی، ڕۆژنامەنووسی ناسراو، یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبی کوردی، یەکەم یادداشت نووس: مامۆستا ڕەفیق حلمی بەهەشتی پەردە لەسەر پەیکەری لادەدرێ..

شایانی سەرنجە، کەدام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان، لەسەرووی هەموویانەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و پارێزگاری هەولێر، لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا، بەتایبەتی لەهەولێری پایتەخت، ژمارەیەک کار و چالاکی: ڕۆشنبیری، نەتەوەیی، شارستانی لەچوارچێوەی ڕێزگرتن و زیندووکردنەوەی یادی چەندین گەورە پیاوانی کوردستان دەکرێ... بۆ نموونە: مقداد بەگ بەدرخان، عزەددین فەیزی، گیوی موکریانی، خیراللە عبدالکریم و مامۆستا نەمر ڕەفیق حلمی...هتد، ئەمانەش دیارە، نەک تەنیا ڕێزگرتن لەو کەسانەی بۆ میللەت دەژین، بۆ میللەت دەمرن، بگرە ڕێزگرتنە لەو کەسانەی ئەمڕۆکە پەیام و ئەرکی ئەوان بەدڵسۆزی جێبەجێ دەکەن.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕوانگەی دەورە ڕۆشنبیری و شارستانییەکەی، بەگیانێکی نەتەوەیی ئەم جۆرە کار و کردەوانە: ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییانە بەبایەخەوە هەڵدەسەنگێنێ و سوپاس و پێزانینی خۆی دووپات دەکاتەوە، بەگەرمی دەست خۆشی لەحکومەتی کوردستان دەکات... هاوکات، هیوادارە، ئەم جۆرە کارە نەتەوەییانە، وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیری و شارستانی لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەیەکی دەست نیشان کراو زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

* نەمری و سەربەرزی بۆ تێکۆشای پێشمەرگەکانی کاروانی وشەی ڕەسەن و قەڵەمی کوردی و سەرجەم ئازادیخوازانی کورد و کوردستان.

سوپاس.



چقڵی مەزاری من چەقییە دامەنێ، چ سوود
شوومی بەرۆکی بەختمی بەردا کە من نەمام
ئەو شۆخە هەر کە نەعشی منی دی، قیامی کرد
چی بم من؟ ئەم قیامەتە هەستا کە من نەمام
(مەحوی) کە غەمییە مردم و غەم پەروەری نییە
غەم مایەوە بەبێ کەس و مەئوا کە من نەمام

مەحوی





مالّی هێلین- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەفتە بازارێکی بۆ بەرهەمی دەستی ئافرەتانی خاوەن بەهرە و دەست ڕەنگینەکان کردەوە

لە پارکی شار لە شاری هەولێر، هەفتە بازارێکی بۆ نمایشکردنی بەرهەمی دەستی ئافرەتانی خاوەن بەهرە و دەست ڕەنگین کردەوە. ئەم پێشانگەیە کە سێ ڕۆژ بەردەوامی دەبێت، زیاتر لە (٤٠) ئافرەتی هەولێری پایتەخت بەرهەمی ئەندێشەی کارسازی و دەست ڕەنگینی خۆیانی تێدا نمایش دەکەن. ئامانج لەم پێشانگەیە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ بە بازاڕکردنی بەرهەمی دەستی ئافرەتانی خاوەن سەلیقە، هەتا لەو ڕێگەیەوە ئابووری سەربەخۆ و تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، بەو شێوەیەش خۆیان سەرچاوەی بژێوی خۆیان بن و هاوبەش بن لە دابینکردنی ئابووری خێزان و گەشەسەندنی ئابووری بەگشتی.

ئەم پێشانگەیە دریژەی هەموو ئەو هەوڵە هاوشێوەیانەی پێشووە کە ڕێکخراوەکەمان لەم بوارەدا بە ئەنجامی گەیاندزون، لە داهاتووشدا بەردەوامییان پێدەدەین و فراوانتری دەکەین.